12 کۆتایی مارتی 2019

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فیکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات

خەباتی چنایەتی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەحزابی سیاسی، دەربارەی شۆڕشی کرێکاری، دیکتاتۆری و دیموکراسی و حکومەتی کرێکاری، کەلێنی نێوان قسە و کردار، کوردایەتی و ڕۆشنگەری، دارِمانی خەلافەتی ئیسلامی داعش و پێشهاتەکانی، بەڵگەنامەکان

دەشتی جەمال
عوسمانی حاجی مارف
خەسرەو سایە
محسن کەریم

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان دەریدەکات
ژمارە ١٢/ ساڵی سێهەم/ کۆتایی مارتی ٢٠١٩

سەرنوسەر:

**جەمال موحسین**

دیزاین:

**خەسرەو سایە**

بەشدارانی ژمارە:

**عوسمانی حاجی مارف، دەشتی جەمال، محسن کەریم،**

**خەسرەو سایە**

پەیوەندی:
0047 47276028
**didgaisocialisti@gmail.com**

www.hkkurdistan.org

## ناوەڕۆک:


★ **خەباتی چنایەتی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەحزابی سیاسی.**
موحسین کەریم ........................................................................ ٢

★ **دەربارەی شۆڕشی کرێکاری.**
عوسمانی حاجی مارف ............................................................ ٢١

★ **دیکتاتۆری و دیموکراسی و حکومەتی کرێکاری.**
خەسرەو سایە ........................................................................ ٣٥

★ **کەلێنی نێوان قسە و کردار، مەنسور حکمەت.**
وەرگێڕانی لە فارسیەوە حەمە غەفور .............................................. ٥٦

★ **کوردایەتی و ڕۆشنگەری.**
موحسین کەرێم ........................................................................ ٦٩

★ **سەبارەت بە دارمانی خەلافەتی ئیسلامی داعش لە سوریا و پێشهاتەکانی.**
گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال .................................................. ٩١

★ **بەڵگە نامەکان:** ........................................................................ ٩٨

**- بەیانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق:**
**ئارامی و ئاسایشی شاری کەرکوك بە خەباتی یەکگرتووانە زامن دەکرێ.**

**- بریارنامەی مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کۆردستان و عێراق سەبارەت بە ڕێگاچارەی کێشەی کەرکوك**

# پێشەکی ژمارە:

سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە ڕائەکێشم کە بابەتەکانی ئەم ژمارەیە بە شێوەیەکی سەرەکی بابەتی فیکری و تیۆریە سەبارەت بە خەباتی چینایەتی کرێکاران و مەسەلەی شۆڕشی کرێکاری و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و مەسەلەی ڕۆشنگەری و هەروەها باسێک سەبارەت بە کەلێنی نێوان قسە و کرداری کۆمۆنیستەکان. هەروەها بابەتێکی سیاسی سەبارەت بە دارمانی خەلافەتی داعش لە سوریا هاتووە.
بەڵگەنامەکانی نێو ئەم ژمارەیە بریتین لە ڕاگەیاندنێک و بڕیارنامەیەک سەبارەت بە کەرکوک.

**جەمال موحسین**
**سەرنووسەر**
**کۆتایی مارتی ٢٠١٩**



موحسین کەریم

# خەباتی چینایەتی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەحزابی سیاسی

**تێبینی: ئەم نوسینە پوختەی قسەوباسێکە کە لە سیمینارێکدا لە ئۆفیسی ڕادیۆی پێشەنگ پێشکەشم کرد. بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی لە گۆڤاری (دیدگای سۆشیالیستی) دا ئامادەکراوە.**

هاوڕێیان، من لەم باسەی ئەمڕۆدا هە وڵ ئەدەم، ئەوەندی بکرێ، لەسەر ئەو سێ چەمکە، واتە خەباتی چینایەتی، بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەحزابی سیاسی روونکردنەوەی پێویست بدەم.

ئەم باسەی لێرەدا پێشکەشتانی دەکەم پشتی بەستوە بەو باسەی هاورێ مەنسوری حکمەت کە لەژێر ناونیشانی(کۆمۆنیزمی کرێکاری و هەڵسوڕانی حزب لە کوردستان- بەشی یەکەم؛ خەباتی چینایەتی و ئەحزابی سیاسی) لە سیمیناری دووەمی زنجیرە باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەساڵی ١٩٨٩دا پێشکەشی کردووە. باسەکە بەزمانی

# خەباتی چینایەتی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەحزابی سیاسی

فارسی نوسراوە و هەروەها لەلایەن هاورێ جەبار مستەفا( جلال محمد)ەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی. ئەو هاورێیانەی کە عەرەبی و فارسی دەزانن دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ باسەکەی هاورێ مەنسور خۆی لە ماڵپەڕی مەنسور حکمەت (-http://hekmat.public archive.net).

## خەباتی چینایەتی:

من لە چەمکی یەکەمەوە دەست پێدەکەم. خەباتی چینایەتی چییە؟ بە بڕوای من باسی خە باتی چینایەتی باسێکە کە پەیوەست دەبێتەوە بە مەسەلەی پراتیکی مرۆڤەوە لە کۆمەڵگادا، واتە کاروکردەوەی واقعی و کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا. ئەم باسەش لە مەیدانی فەلسەفەدا بە ماتریاڵیزمی پراتیک ناسراوە. مارکس هەمان میسۆدی ماتریالیستی دیالەکتیکی( واتە ئەو تیۆرانینە فەلسەفیەی کە پێیوایە سروشت و دیاردە سروشتیەکان، لە ڕەوەندێکی گەشەکردن و پەرەسەندنی مادیی بەردەوامدان و ئاڵوگۆڕییان بەسەردا دێت لە ئاکامی دەورو نەخشی مرۆڤەوە) لە پەیوەند بە سروشت و لێکدانەوەی دیاردە و ڕووداوە سروشتیەکانەوە گواستەوە بۆ کۆمەڵگا و لێکدانەوەی کۆمەڵگا و دیاردە و روداوەکانی ناو کۆمەڵگا. واتە مارکس مامەڵەی ماتریالیستی و دیالەکتیکی بۆ مامەڵە لەگەڵ سروشت و دنیای دەرەوەی مرۆڤ بۆ کۆمەڵگا و مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگادا بەکاردەهێنێ. ئەمەش ماتریالیزمی مێژوویی یان ماتریالیزمی پراتیکە. بەمجۆرە میسۆدی ماتریالیستی- دیالەکتیکی لە پەیوەند بە کۆمەڵگاوە بە ماتریالیزمی مێژوویی یان ماتریاڵیزمی پراتیک ناودەبرێ.

ماتریالیزمی مێژوویی مارکس باس لە دەوری مرۆڤ، لە پراتیکی مرۆڤ دەکات لە گۆڕینی مێژوودا، لە ئاڵوگۆڕپێکردنی کۆمەڵگادا. لەم روانگەیەوە کۆمەڵگا وەکو دیاردەیەکی مێژوویی دەبینێ کە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. ئەو لێکدانەوە بۆرژواییەی بۆ مێژووی کۆمەڵگا دەکرێ، یان لێکدانەوەی باو بۆ مێژوو، ئەوەیە کە بریتیە لە مێژووی سەرکردە و پاڵەوانەکان و میر و پادشاکان و پێغەمبەرەکان و سوارچاکان، یان ئەوپەڕی باسی مێژووی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی چینە باڵادەستەکان! لەکاتێکدا بەپێی لێکدانەوەی ماتریالیزمی مێژوویی یان ماتریالیزمی پراتیک، مێژووی کۆمەڵگاکان بریتیە لە مێژووی ململانێ و کێشمەکێشی نێوان چینە دژ بەیەکەکانی کۆمەڵگا، ململانێی نێوان چینی باڵادەست و ژێردەست، چینی چەوسێنەر و چەوساوە. بزوێنەری کۆمەڵگا و ڕەنگرێژی مێژووی کۆمەڵگا ئەو ململانێ و خەباتە چینایەتیەیە کە لەکۆمەڵگادا لە ئارادایە. وەکو مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست دەڵێ: " مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی( بێجگە لە سەردەمی کۆمۆنەی سەرەتایی) بریتی بووە لە مێژووی ململانێ و کێشمەکێشی نێوان چینەکان..."

## موحسین کەریم

ئەم لێکدانەوەیە بۆ کۆمەڵگا و بۆ مێژوو تایبەتمەندی فەلسەفەی مارکسیزمە. ئەنگلس قسەیەکی هەیە دەڵێ:" .... هەروەکو چۆن داروین یاسای پەرەسەندنی سروشتی ئۆرگانیکی دۆزیەوە، مارکسیش یاسای پەرەسەندنی مێژووی مرۆڤایەتی دۆزیەوە...". https:// www.marxists.org/archive/marx/works/1883/death/burial.htm

مارکس پێیوابوو کە کۆمەڵگاش وەکو هەر دیاردەیەکی زیندوو، یاسای جوڵە و پەرەسەندنی خۆی هەیە. چۆن هەموو شتێکی زیندوو کە لە جوڵەدایە، یاسایەکی هەیە کە دەیجوڵێنێ و ئاڕاستەی دەکات بەو پێیەش کۆمەڵگا یاسای خۆی هەیە کە ئاڕاستەی دەکات و دەیجوڵێنێ. ئەو یاسایەش خەسڵەتێکی ماتریالیستی(ماددی) هەیە، نەک بەپێی ویست و ئارەزوی کەسانێک بێت، ئەو یاسایەش یاسای خەباتی چینایەتیە، ململانێ و کێشمەکێشی چینایەتییە. کەواتە بزوێنەری کۆمەڵگا خەباتی چینایەتییە. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریشدا، وەکو پێشکەوتووترین کۆمەڵگای چینایەتی، بەهەمان شێوە یاسای ماددی بزوێنەری کۆمەڵگا بریتیە لە ململانێی چینایەتی، لە ململانێی نێوان چینی چەوساوە و چەوسێنەرە، ململانێی نێوان بۆرژوازی و کرێکار.

با ئێستا قسەیەک لەسەر کۆمەڵگا بکەین، کۆمەڵگا چیە؟ ئێمە کە باسی خەباتی چینایەتی دەکەین، باسی خەباتی چینایەتی لەناو کۆمەڵگادا دەکەین. خەباتی چینایەتی لەناو کۆمەڵگادا دەگوزەرێت و بەڕێوەدەچێت. لەهەر دەورانێکی مێژوویدا کۆمەڵگا شکڵو شێوازێک بەخۆوەدەگرێ، واتە شێوازی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بەجۆرێکە کە ڕەنگدانەوەی پەیوەندی ئابوری نێوانیانە لەو سەردەمە دیاریکراوەدا، ڕەنگدانەوەی پێگەی ئابوری مرۆڤەکانە لەو هەلومەرجە مێژووییە دیاریکراوەدا...بەوجۆرە کۆمەڵگاش پێکدێت و شێوازێکی تایبەت بەخۆی وەردەگرێ، واتە جۆرێک لە پێکهاتەی ئابوری و کۆمەلایەتی دیاریکراو کە لەسەر بنەمای پێگەی ئابوری مرۆڤەکان لە بەرهەمهێنانی گشتی و کۆمەلایەتیدا دامەزراوە. بۆنمونە، لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا ، پێگەی ئابوری مرۆڤەکان ، جوتیار و دەرەبەگ دروست دەکات. لەسەر بنەمای ئەمەشەوە جۆرێک پەیوەندی ئابوری دروست دەبێت کە پەیوەندی ئابوری دەرەبەگایەتیە. پەیوەندی ئابوری دەرەبەگی لەسەر کشتوکاڵ و بەشێوەی( خۆبژێوی) بەڕێوەدەچوو، کە جوتیار ناچار بوو بەشێک لە بەروبومەکەی بدات بە دەرەبەگ. بەوشێوەیە جۆرە پەیوەندیەک لەنێوان جوتیار و دەرەبەگدا دروست دەبێ کە پەیوەندیەکی ناکۆک و دژیەک بوو. لەسەر ئەو بنەمایەش کێشمەکێشی نێوانیان دروست بوو و بەردەوام بوو. هەوڵەکانی چینی جوتیار و چاوەڕوانیەکانی بۆ ژیان و بۆ ئاڵوگۆڕ بەرجەستە دەبوو. کەواتە خەباتی چینایەتی بریتیە لە هەوڵی مرۆڤەکان، لە هەوڵی دەستەجەمعی و پێکەوەیی مرۆڤە چەوساوەکان بۆ گۆڕینی

هەلومەرجی ژیانیان، هەلومەرجی گوزەرانیان و پێگەی ئابوریان لە کۆمەڵگادا. ئەمەش بەبێ ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان، بە بێ گۆڕینی ئەو پەیوەندیەی کە بەدەوری بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا دروست بووە لەتوانادا نییە و ناکرێ.

لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، پەیوەندی ئابوری نێوان مرۆڤەکان جۆرێکی دیکەیە، جیاوازە لەو پەیوەندیە ئابوریەی نێوان مرۆڤەکان لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا. پەیوەندی ئەمان پەیوەندی زەوی نییە، وەکو جوتیار و دەرەبەگ، بەڵکو کرێکار و بۆرژوازی لە پرۆسەی کاردا پێکەوە پەیوەست دەبن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان دادەمەزرێنن. کرێکار هیچ هۆکار و سەرچاوەیەکی بەرهەمهێنانی نییە، تەنها خاوەنی هێزی کاری خۆیەتی کە دەیفرۆشێت بە سەرمایەدار و خاوەنکار، تەنها لەم رێگایەوە دەتوانێ پێداویستیەکانی ژیانی دابین بکات. واتە پێگەی ئابوری ئینسانی کرێکار جیاوازە لە پێگەی ئابوری جوتیارێک... لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا کرێکار ئازادە بۆ کێ کار دەکات و بۆ کێ کارناکات ولە کوێ کار دەکات. هیچ وابەستەییەکی نییە بەهیچ خاوەنکارێکەوە، تەنها کارکردنەکەی نەبێت، بەڵام جوتیار بەستراوەتەوە بە زەویەکەی و بە دەرەبەگەکەیەوە، بۆی نییە بچێتە لای دەرەبەگێکی دیکە، چونکە بە زەویەکەی و بە گوندەکەیەوە بەستراوەتەوە. بەڵام کرێکار هیچ شتێکی نییە کە پێوەی بەسترابێتەوە. تەنها هێزێ کاری هەیە کە دەتوانێ بە هەر خاوەنکارێک بیفرۆشێ. بەڵام ئازادیەکەی تەنها لەو ئاستەدایە کە هێزی کارەکەی بە کێ دەفرۆشێ، دەنا ناتوانێ هێزی کاری نەفرۆشێ. ئەگەر هێزی کاری نەفرۆشێ ناتوانێ بژی. بەوجۆرە چوارچێوەی ئازادی کرێکار لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دیاریکراو. مارکس بە کرێکار دەڵێ "کۆیلەی مۆدێرن!" بەڵام کرێکار وەکو جوتیار یان وەکو کۆیلە نییە. شێوازی چەوساندنەوەی کرێکار جیاوازە.

ئەم پەیوەندیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەی نێوان مرۆڤەکان دەچێتە ئاستێکی دیکەوە، دەبێتە ململانێی نێوانیان، دەبێتە ململانێی چینایەتی نێوانیان. هەوڵ و تەقەلای مرۆڤی چەوساوە بۆ گۆڕینی ژیانی، بۆ باشکردنی هەلومەرجی گوزەرانی، بۆ گۆڕینی پێگەی ئابوری خۆی لە کۆمەڵگادا، تەنانەت بۆ گۆڕانکاری لە هێزی بەرهەمهێناندا، ئەمە دەبێتە ململانێی نێوان چینەکان، واتە لە ململانێی نێوان تاک دەردەچێ.

من لەوبارەیەوە روونکردنەوەی زیاتر دەدەم، بەڵام دەمەوێ قسەیەک لەسەر تێگەیشتنێکی هەڵە بکەم کە بەناوی مارکسیزمەوە رەواجی پێدراوە، ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگا لەسەر بنەمای پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان دەچێتە پێشەوە. لە قۆناغێکدا پەیوەندی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان دەکەونە بەرامبەر بەیەک و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان دەبنە رێگر لەبەردەم

## موحسین کەریم

گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان و بەوجۆرە ڕەوتی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان خۆی بەشێوەیەکی ناچاری و ئۆتۆماتیکی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان هەڵدەوەشێنێتەوە و پەیوەندیەکی نوێ کە لەگەڵ گەشەی بەرهەمهێناندا بگونجێ، دادەمەزرێنێ! ئەم تێگەیشتنە تێگەیشتن و هەڵهێنجانێکی دیترمینیستی( حەتمی)یە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگا و مێژوودا و هیچ نزیکایەتیەکانی لەگەڵ مارکسیزم و ماتریالیزمی پراتیکدا نییە.

مارکس باس لەوە دەکات کە لە ڕەوتی گەشەی کۆمەڵایەتیدا هێزەکانی بەرهەمهێنان گەشە دەکەن، ئەو پەیوەندیانەی بەرهەمهێنان کە دەوری ئەم هێزانەی بەرهەمهێنانی داوە، دەکەوێتە ناکۆکیەوە لەگەڵیدا، ئیتر لەجیاتی ئەوەی ڕێگای بۆ خۆش بکات، دەبێتە ڕێگر لە گەشە و پێشکەوتنیدا، وە دەبێ هێزەکانی بەرهەمهێنان ئەو قاوغەی بۆی دروستکراوە، بشکێنێ. بۆنمونە وەکو چۆن جوجکێک بۆئەوەی لەدایک بێت دەبێ توێکڵەکەی دەوروبەری بشکێنێ، بەهەمانشێوە دەبێ هێزەکانی بەرهەمهێنانیش پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان تێک بشکێنێ و ڕێگای گەشە و بەردەوامبوونی خۆی بکاتەوە. تێگەیشتنی دیترمینیستی کە پێیوایە هێزەکانی بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان هەڵدەوەشێنێتەوە و تێکیدەشکێنێ، دەورونەخشی پراتیکی مرۆڤ نکوڵی لێدەکات یاخود بێبایەخی دەکات. هەر ئەم بۆچوونە دیترمینیستیە کە دەچێتە مەیدانی سیاسەتەوە، سۆشیالیزم وەکو ئاکامێکی حەتمی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان تەماشا دەکات و دەیبینێ. ڕوخاندنی سەرمایەداری وەکو شتێکی حەتمی تەماشا دەکات، چونکە ئیتر پەیوەندی ئابوری سەرمایەداری ڕێگری لە گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان دەکات. وەکو ووتم لەم تێگەیشتنەدا دەوری پراتیکی مرۆڤ وونە. بەڵام مارکس تەئکید دەکاتە سەر پراتیکی مرۆڤ. ئەوەی باسمانکرد، واتە ماتریالیزمی پراتیک بریتیە لەوەی کە دەوری پراتیکی مرۆڤ لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگادا چییە و چۆنە!؟ بەپێی تێگەیشتنی ماتریالیستی بۆ مێژوو، ئەوەی کۆمەڵگای گۆڕیوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغیکی دیکە یان لە شێوازێکی دیاریکراوەوە بۆ یەکێکی دیکە، کێشمەکێشی نێوان چینەکان بووە.

بێگومان ئەوە ڕاستە کە هۆیەکانی بەرهەمهێنان، ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و تەکنۆلۆژیا گەشەدەکەن و دەگۆڕێن، بێگومان ئە و قاڵبەی پێشتری خۆی ئەدڕێنێ، بەڵام ئەوەی کە ئەم گۆڕانکاریە دابین و مەیسەر دەکات پراتیکی مرۆڤە. ئەگەر دەوری مرۆڤ لەم نێوەدا بەرینە دەرەوە، هیچ گۆڕانکاریەک لەتواناداا نییە و بگرە خودی کۆمەڵگاش ناتوانێ وجودی هەبێ! مارکس مەرجی ئەم گۆڕانکاریانە دەبەستێتەوە بە ململانێی چینایەتیەوە.

لەسەردەمی پێش سەرمایەداریدا، لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا، ململانێی نێوان دەرەبەگ و جوتیار هەبووە، لەسەر پێگەی ئابوری جوتیار، لەسەر شێوازی ژیانی، لەسەر ئەو جۆرە لە

## خەباتی چینایەتی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەحزابی سیاسی

بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا کێشە و ململانێ هەبوە، بەڵام لە ڕەوتی ئەم کێشمەکێشەدا چینێکی دیکە دەبێتە نوێنەری ئەم ئاڵوگۆڕە لە کۆمەڵگادا، واتە نوێنەری تێکشکاندنی پەیوەندیەکانی ئابوری دەرەبەگایەتی و دامەزراندنی شێوازێکی تازەی پەیوەندی بەرهەمهێنان. بێگومان مەسەلەکە بەوجۆرە نییە کە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان بەپێی ویست و ئارەزووی مرۆڤەکان ڕوودەدەن، واتە مرۆڤەکان دەیانەوێ کۆمەڵگا بەوجۆرەی خۆیان دەیانەوێ بگۆڕن. مەسەلەکە بەوجۆرە نییە. کۆمەڵگا لە ڕەوەندێکی ماددی مێژوویدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، بەڵام بە دەورو نەخشی پراتیکی مرۆڤەکان. واتە پراتیکی مرۆڤەکان خەریکە وەڵام بە پێداویستییەکی ماددی- ئابوری- کۆمەڵایەتی دەداتەوە. ئەگەر دەوری پراتیکی چینی کرێکار لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەربکێشی و بیسڕیتەوە، ئەوا کۆمەڵگای سەرمایەداری هەتا هەتایە دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ڕێگریشە لەبەردەم گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێناندا. بووە بە کارەسات بۆ مرۆڤایەتی، کەچی هەر دەتوانێ بمێنێتەوە، چونکە شتێک وونە لەم نێوەدا کە پراتیکی ئینسانە، پراتیکی شۆرشگێڕانەی چینی کرێکارە. پراتیکی ئەو هێزەی کە دەبێ کۆمەڵگای سەرمایەداری بگۆڕێ و بەپێی زەرورەتی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کاری خۆی بکات.

ئێمە پێشتر باسمان لەوەکرد کە کۆمەڵگا یاسای جوڵە و گەشەی خۆی هەیە! کۆمەڵگا وەکو هەر دیاردەیەکی زیندوو، وەکو هەر دیاردەیەکی ماددی یاسای بزووتن و جوڵانی خۆی هەیە، وەکو چۆن ژیانی مرۆڤ بەپێی یاسایەکی ماددی دەڕواتە پێشەوە، بەپێی میکانیزمێک دەچێتەپێشەوە، هەرکاتێک ئەو میکانیزمە تێکچوو، مرۆڤ دەمرێ! ئەو میکانیزمە بریتییە لە سیستەمی هەناسەدان، گواستنەوەی خوێن، سیستەمی هەرسکردن و مێشک... کە ژیان بریتیە لەم چالاکیانە و ئەگەر وەستان ئەوا ژیان دەوەستێ. ئەگەر کەسێک بۆ ماوەیەک هەناسەی لێببڕی، دەمرێ. بۆماوەیەکی زۆر خوێنی لەبەربڕوات دەمرێ، بۆماوەیەکی کەم مێشکی بوەستێ، دەمرێ و... بەمجۆرە. ئەمە ئەو یاسایەیە کە بۆئەوەی مرۆڤ بژی دەبێ ئەو بەشانەی مرۆڤ ئیش بکەن. تەنانەت ئەگەر زانست بیەوێ تەمەنی مرۆڤ درێژبکاتەوە، دەبێ لەگەڵ ئەم قانونمەندیەدا خۆی بگونجێنێ. ئەگەر نەتوانی وەڵام بەومیکانیزمە بدەیتەوە ناتوانی تەنانەت کەسێک لە مردن ڕزگار بکەی. کەواتە دەبێ بۆ تێگەیشتن لە هەر دیاردەیەک و بۆ گۆڕینی هەر دیاردەیەک یاسای بزوتن و جوڵەی ئەو دیاردەیە تێبگەیت و بیناسیت. بۆ کۆمەڵگاش هەر وایە، کۆمەڵگا دیاردەیەکی مردوو نییە. بەپێی کێشمەکێشی نێوان چینەکان کۆمەڵگا دەبزوێ و دەجوڵێت، وە چینەکانیش وەڵام بەو قانونمەندیە دەدەنەوە. بۆنمونە کۆمەڵگای سەرمایەداری لەسەر بنەمای ناکۆکی و کێشمەکێشی نێوان بۆرژوازی وکرێکار دامەزراوە و یاسای جوڵان و بزوتنی ئەم کۆمەڵگایە کێشمەکێش و

## موحسین کەریم

ململانێی نێوان ئەم دوو چینەیە لەسەر ئەوەی کۆمەڵگا چۆن بێت. کۆمەڵگا بەرەو کام ئاراستە بڕوات!؟ بۆرژوازی هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە کە کۆمەڵگای مەوجود بهێڵێتەوە و وەڵام بە ناکۆکی و گرفتەکانی بداتەوە. چینی کرێکاریش دەیەوێ کۆمەڵگا بۆ جێگایەکی دیکە بەرێت. بەڵام هاوکات خەریکە وەڵام بە ڕەوەندێکی مێژوویی ئابوریش دەداتەوە، کە هەڵتەکاندنی بەربەستەکانی بەردەم گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنانە لە ڕێگای هەڵتەکاندنی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە.
بێگومان ململانێی چینایەتی بەشێوەی دەستەجەمعی دەچێتەپێشەوە، مرۆڤەکان ناتوانن بەشێوەی تاک نەخشیان لە کۆمەڵگادا هەبێ. زەرورەتی ئاڵوگۆڕی ژیانیان، پراتیکی ئەوان دەخاتە پاڵ یەک. خەباتی هاوبەش لەسەر بنەمای ئەوەی کە پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان وەکو یەک وایە، یان هەمان پێگەی ئابورییان هەیە، شکڵ دەگرێ. بۆچی کرێکار وەکو چین مەوجودە!؟ پێگەی ئابوری هەموو ئەو مرۆڤە تاکانەی کە تەنها لەسەر فرۆشتنی هێزی کاریان دەژین و خاوەنی هیچ هۆکارێکی بەرهەمهێنان نین، وەکو یەک وایە، ئەمە ئەوانی کردوە بە چینێک. ئەم چینە بەرژەوەندی لەوەدایە کە ئەم کۆمەڵگایە بگۆڕدرێ، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم نایەکسانیە ئابوریە، ئەم جیاوازیە ئابوریە، ئەم پێگە ئابوریە خوارەی خۆی بگۆڕێ و ڕاستی بکاتەوە، بەجۆرێک کە یەکسانی دەستەبەر بکات. وەکو ووتمان خەباتی چینایەتی وەڵام بەم مەسەلەیە دەداتەوە کە بریتیە لە پراتیکی بەکۆمەڵی مرۆڤەکان، پراتیکی کۆمەڵایەتی چینەکان. بۆرژوازی ئەیەوێ بەجۆرێک کۆمەڵگا بەڕێوە بەرێ و کرێکاریش دەیەوێ بەجۆرێکی دیکە.

## بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان:

ئێستا دێینە سەر ئاستێکی دیکە لە باسەکەماندا، ئەویش ئەوەیە کە ململانێی چینایەتی لەنێوان چینەکاندا وەکو بزووتنەوەی سیاسی، وەکو نەریتی سیاسی، وەکو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تەعبیر لە خۆیان دەکەن. چینەکان لەڕێگای بزوتنەوەکانەوە ململانێی چینایەتی دەبەنەپێشەوە. بەوجۆرە نییە کە چینەکان بەشێوەیەکی گشتی ململانێی چینایەتی دەبەنەپێشەوە، بۆنمونە چینی بۆرژوازی لەو بەرەوە و چینی کرێکار لەم بەرەوە بەرەوڕووی یەکتر ڕاوەستابن، نەخێر بەڵکە لە ڕێگای بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیانەوە، لە ڕێگای بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی هەر چینەوە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. لە ڕێگای دیاردەیەکی دیکەوە، لە ڕێگای نوێنەرێکەوە ئەم کێشمەکێشە ئەنجام دەدەن و بەرەوپێشی دەبەن کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی چینەکانن. ئەو بزووتنەوە سیاسی و ئەو نەریتە سیاسیە خەباتگێڕانەیە کە دەتوانێ ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکاری

## خەباتی چینایەتی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەحزابی سیاسی

خەبات و ڕوبەڕوبونەوەی چینێکی دیاریکراو بێت بەرامبەر چینێکی دیکە. واتە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، سونەتە سیاسیەکان، ئاستێکی دیکەیە لە مادیەت بەخشین و بەرجەستەکاری خەباتی چینایەتی و کێشمەکێشی نێوان چینەکان. کەواتە ئاستێکی کۆنکرێتتری خەباتی چینایەتی، بریتیە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و نەریتە سیاسیەکان. بەوجۆرە نەریتی جۆراوجۆری سیاسی و فکری لەناو کۆمەڵگا و بگرە لەناو هەرچینێکدا نمایش دەکەن.

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە دەتوانین لە دیاردەیەکی ئاڵۆز تێبگەین، ئەویش بوونی چەندین بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەریتی سیاسی جیاواز لەناو چینێکی دیاریکراودا. بۆنمونە بۆرژوازی یەک چینە، بەڵام چەندین نەریتی سیاسی و چەندین بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی داوەتە دەرەوە. ناسیۆنالیزم بزووتنەوەیەکی دیاریکراوە و لەگەڵ لیبرڵیزمدا جیاوازە و زۆریش جیاوازە. وەکو مەنسوری حکمەت دەڵێ هەندێک جار ئەم بزووتنەوانەی بۆرژوازی بەیەکدا دەدەن و بەرامبەر بە یەکیش دەوەستنەوە. ئیسلامی سیاسی لە بەشێک لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتدا بزوتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتیە کە دژی لیبراڵیزم و بگرە دژ بە ناسیۆنالیزمیشە. هەریەکیان نەریتێکی سیاسی و جۆرێکی هەڵسوڕان و چالاکی سیاسی دەکەن و بۆچوونێکی جیاوازیان هەیە بەرامبەر بە کۆمەڵگا و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای بۆرژوازی. ئەمانە هەموویان بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی چینی بۆرژوازین. بەوجۆرە بەهۆی ئەوەی کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان نوێنەرایەتی چینەکەیان دەکەن، دابەشبوونێکی دیکە ڕوودەدات. لەهەر قۆناغێکدا کام بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێنەرایەتی سیاسی چینەکەی دەکات یاخود نوێنەرایەتی ناکات. من لەوبارەوە دواتر قسەی زیاتر دەکەم.

بۆ چینی کرێکاریش بەهەمان شێوەیە. کرێکار یەک چینە بەڵام بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری تێدایە. سەندیکالیزم جۆرێک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی چینی کرێکارە، کە خەباتی چینی کرێکار بە تەنها لەچوارچێوەی سەندیکا و نەقابەکاندا دەبینێ و لەچوارچێوەی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەشوێن جێبەجێبوونی خواست و داواکاریەکانی چینی کرێکارەوەیە، واتە کاری سیاسی ئەو بریتییە لە ڕیفۆرمی ئابوری و بە ڕادەیەکیش سیاسی لەچوارچێوەی هەمان سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆرژوازیدا بە قازانجی کرێکار. ئەم بزووتنەوەیە لە ئەورووپادا بەهێزە، بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتییە کە ئامانجێکی سیاسی هەیە، جیهانبینیەکی سیاسی و فکری خۆی هەیە، نەریتێک لە خەباتی هەیە و پەیڕەوی لێدەکات، شێوازێکی لە ڕێکخستنی کرێکاری هەیە و تەنانەت جۆرێک ئەحزابی سیاسی دەداتە دەرەوە. بەرجەستەکار و تەعبیری سیاسی-

## موحسین کەریم

حزبی ئەم بزووتنەوەیە حزبە سۆشیال دیموکراتەکان.
بزووتنەوە سیاسیەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان وەکو ووتم، بەپێی وەڵامدانەوەیان بە پرسەکان و گرێوگۆڵەکانی کۆمەڵگا و بە پێداویستیەکانی خەباتی چینایەتی ئەتوانن لەلایەن چینەکەیانەوە مەقبولیەت پەیدا بکەن و پەسەند بکرێن. بۆ نمونە بۆرژوازی چەندین بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام لە دەورەیەکدا لیبراڵیزم دەبێ بە نوێنەری چینی بۆرژوازی، واتە بەشێک، ڕەوتێک، دیدگایەک و نەریتێکی سیاسی ئەم چینە دەبێ بە ڕابەر و بە نوێنەری چینەکە. هەموو بزووتنەوەکان نابنە نوێنەری چینەکە و لەلایەن چینەکەوە هەڵنابژێردرێن و قبوڵ ناکرێن. ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئیتر ئەو بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەو نەریتە سیاسیە ماهیەتی چینایەتی و بۆرژوازیانەی خۆیان لەدەستداوە. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە لەو دەورە دیاریکراوەدا لە ژیانی سیاسی و ئابوری کۆمەڵگا لەلایەن چینەکەوە قبوڵ نەکراون وەکو ئەوەی کە نوێنەرایەتی بکەن لەو قۆناغەدا، ڕەنگە لە قۆناغێکی دیکەدا ئەم ڕەوتەی کە ئێستا نوێنەرایەتی بۆرژوازی دەکات، متمانەی چینەکەی لەدەست بدات و ڕەوت و بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیکە کە دوێنێ لە کەناردا بوو بێتە پێشەوە و نوێنەرایەتی چینی بۆرژوازی بکات و بۆرژوازیش وەکو نوێنەری خۆی قبوڵی بکات. نمونەیەکی زۆر ڕوون وولاتی تورکیایە.
بۆماوەی نزیک بە ٧٠-٨٠ ساڵ ناسیۆنالیزمی تورکی، ناسیۆنالیزمی ئەتاتورکی نوێنەرایەتی بۆرژوازی تورکیای دەکرد. دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی بەدەستی ئەم بزوتنەوەیەوە بوو. بەڵام لە (٢٠٠٠) ەکانەوە ئەم هاوکێشەیە دەگۆڕێ و ناسیۆنالیزمی تورکی پاشەکشە دەکات و متمانەی چینی بۆرژوازی ئەو وولاتە لەدەست دەدات. بزووتنەوەیەکی دیکە، بزووتنەوەی ئیسلامی- ناسیۆنالیستی دەبێتە نوێنەری بۆرژوازی تورکیا و چینی بۆرژوازیش دەسەڵات و حکومەت ڕادەستی ئەو دەکات. واتە پاش زیاتر لە (٧٠) ساڵ لە دەسەڵاتی ڕەهای فکری و سیاسی و نەریتی سیاسی ناسیۆنالیزمی ئەتاتورکی، کە تا ڕادەیەکی زۆر چوارچێوەی فکری کۆمەڵگاشی لەقاڵب دابوو، زۆربەی هاوڵاتییە تورکزمانەکان شانازیان بەوەوە دەکرد کە کەمالیست و ناسیۆنالیستی تورکن، پاشەکشە دەکات بۆ بزووتنەوەیەکی دیکە. ئەمەیە ئەو مەسەلەیەی کە دەڵێین بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی و نەریتێکی سیاسی دیاریکراو لە قۆناغێکی دیاریکراودا وەڵام بە پێداویستیەکانی چینەکەی و کۆمەڵگای بۆرژوازی دەداتەوە یان نا. کەواتە کاتێک ئەو ڕەوتە ناسیۆنالیستییە پاشەکشە دەکات لەبەرامبەر وەڵامدانەوە بە پێداویستییە ئابوری و سیاسی و فکریەکانی چینی بۆرژوازی تورکیادا، ئەوا حزبەکەشی کە دەیان ساڵ لەسەر کورسی دەسەڵات بوو، دەچێتە دواوە و حزبی ئیسلامی- ناسیۆنالیستی

## خەباتی چینایەتی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەحزابی سیاسی

(دادو گەشەپێدان- ئەکەپە) دێتە پێشەوە و سەردەکەوێ بۆسەر سەکۆی دەسەڵات و حوکمڕانی بۆرژوازی. حزبەکەی ناسیۆنالیزمی ئەتاتورک ( پارتی گەلی کۆماری- جەهەپە) لە هەڵبژاردنەکاندا دەدۆڕێت و خەڵک دەنگی پێنادات. ئەکەپە هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن لە ماوەی نزیک بە ٢٠ساڵدا دەسەڵاتی ڕەهای تورکیای دەکەوێتە دەست. بۆرژوازی ڕەوتێک و بزووتنەوەیەک و حزبێکیش هەڵدەبژێرێ کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی ئەو بێت و لە قۆناغێکی مێژوویی- کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، لە هەلومەرجێکی دیاریکراوی ئابوریدا وەڵام بە پێداویستیە سیاسی و ئابوریەکانی چینەکەی بداتەوە.( من دواتر باسی ئەحزابی سیاسی دەکەم).

بۆ کرێکاریش بەهەمان شێوە، بۆ نمونە کۆمۆنیزم لە ڕوسیادا لە ساڵەکانی ١٩١٤ تا ١٩١٧ لە ماوەی چوار- پێنج ساڵی دوایی بەر لە شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ دا ، کۆمۆنیزم وورده وورده بوو بەوەی کە چینی کرێکار هەڵیبژێرێت و قبوڵی بکات وەکو نوێنەری خۆی. لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا چینی کرێکاری ڕوسیا کۆمۆنیزمی وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی هەڵبژارد. کۆمۆنیزمی لەناو هەموو ڕەوت و بزووتنەوەکانی دیکەدا هەڵبژارد. وەکو پێشتر ووتم سەندیکالیزم لە ئەوروپا و لە ڕوسیا بەهێز بوو، سۆشیال-دیموکراسی وەکو حزبی سیاسی بەهێز بوو.. بەڵام کرێکاری ڕوسیا سۆشیال دیموکراتەکانی هەڵنەبژارد، مەنشەفیەکانی هەڵنەبژارد کە میراتگری مێژووی سۆشیال دیموکراسی ڕوسی بوون، بەڵکو ڕەوتێکی دیکە و بزوتنەوەیەکی دیکە و حزبێکی دیکەی هەڵبژاردکە خۆی لەوان جیاکردبوەوە، بەڵشەفیەکانی هەڵبژارد. لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا چینی کرێکاری ڕوسیا بەلشەفیزمی هەڵبژارد و وەکو نوێنەری سیاسی- فکری خۆی قبوڵی کرد. ئەوی وەکو نوێنەری چینەکە قبوڵ کرد و گەیاندیە دەسەڵات. ئەوی وەکو نوێنەری وەڵامدانەوە بە گرێوگۆڵەیەکی مێژوویی، گرێوگۆڵەیەکی چینایەتی و ئابوری، کە لەوکاتەدا پرسی دەسەڵاتی سیاسی بوو، وە ئەو پرسە خاڵی جەوهەری و ناوەندیی خەباتی چینایەتی و ململانێی نێوان کرێکار و بۆرژوازی ڕوسی بوو، هەروەک پێشمەرجی هەنگاونان بوو بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر پێگەی ئابوری کرێکار لە کۆمەڵگای ڕوسیادا بهێنێ و بیباتە جێگایەکی دیکە، بەڵشەفیەکانی قبوڵ و پەسەند کرد.

ئەوەی کە لە چ قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی کۆمەڵایەتیدا، بزووتنەوەیەکی سیاسی، نەریتێکی سیاسی خەباتکارانە دەبێ بە ڕەنگدەرەوەی بەرژەوەندی سەرجەم چینێکی دیاریکراو بۆ گۆڕانکاری، بە بڕوای من بەستراوەتەوە بەوەی کە ئەو بزووتنەوەیە چەندە دەتوانێ وەڵام بەو پرسە بداتەوە. من باسم لە دوو نمونە کرد. نمونەی تورکیا و نمونەی ڕوسیا دەورانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر.

**موحسین کەریم**

ئەگەر ئاماژە بە نمونەیەکی دیکە بکەم. لە سەردەمی ڕزگاری نیشتمانی دا کە لە وولاتانی ڕۆژهەلاتدا سەریانهەڵدا لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بۆنمونە لە دنیای عەرەبدا، دەورەیەک ناسیۆنالیزمی عەرەبی نوێنەرایەتی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی بۆرژوازی عەرەبی کردووە، نوێنەرایەتی فکری ئەوی کردوە، ئەوە بوو ناسیۆنالیزمی عەرەبی چەندین دەوڵەتی دروستکرد. بۆچی ناسیۆنالیزمی عەرەبی توانی نوێنەرایەتی بۆرژوازی عەرەب بکات؟ چونکە لەو سەردەمەدا بۆرژوازی عەرەبی پێویستی بەوە بوو کە لە ڕووی گەشەی ئابوریەوە، لە ڕووی گەشەی سەرمایەداریەوە، لە ڕووی لاوازکردنی کۆتوپێوەندەکانی ئیمپریالیزم لەسەر گەشەی ئابوری و ڕەوتی کەڵەکەی سەرمایەی "نیشتمانی" بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی نوێنەرایەتی بکات و ئەو ئامانجانەی بۆ دەستەبەر بکات و بیهێنێتەدی. بۆرژوازی عەرەبی پێویستی بە دەوڵەتی خۆی بوو، ناسیۆنالیزمی عەرەبی توانی وەڵام بەو مەسەلەیە بداتەوە و نوێنەرایەتی ئەو ئامانج و ستراتیژەی بۆرژوازی عەرەبی دەکرد. نوێنەرایەتی گەشەی ئابوری و دەوڵەتی سیاسی بۆرژوازی "خۆماڵی" دەکرد لە وولاتانی جیهانی عەرەبیدا، بۆرژوازی عەرەبیش ئەوی هەڵبژارد. بەڵام دەبینین دەورانێک کە ئەم بزووتنەوەیە ناتوانێ وەڵامدەرەوە بێت بەو پرس و مەسەلانەی بۆرژوازی عەرەبی، ڕەوت و بزووتنەوەیەکی دیکەی بۆرژوازی سەر بەرزدەکاتەوە و لەلایەن بۆرژوازی عەرەبییەوە مەقبولیەت پەیدا دەکات، وەکو ئەوەی لە سەردەمی شۆرشەکانی دنیای عەرەبیدا( ئەوەی بە بەهاری عەرەبی دەناسرێ) روویدا. ئەوەبوو ڕەوتە ئیسلامیەکان وەکو نوێنەری بۆرژوازی لەو هەولومەرجە سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتیە دیاریکراوەدا وەکو نوێنەری بۆرژوازی دەرکەوتن و قبوڵیش کران. بۆرژوازی دەستبەرداری ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو. ئیسلامی سیاسی لەلایەن بۆرژوازیەوە هەڵبژێردرا، ئەگەرچی ئەم ماوەیە زۆر درێژەی نەکێشا، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە.

## ئەحزابی سیاسی:

ئاستێکی دیکەی کۆنکرێتتری ئەم باسە و ئەم مەسەلەیە، ئەحزابی سیاسیە، ئەوەیە کە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و نەریتە سیاسیەکان ئەحزابی خۆیان دروست دەکەن و پێشکەشی کۆمەڵگای دەکەن. واتە چینەکان لە ڕێگای بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانەوە ململانێ چینایەتی دەبەنە پێشەوە و ئەم ململانێیەش لە ئەحزابی سیاسیدا بەرجەستە دەکاتەوە و ماددیەتی پێ دەبەخشێت، واتە ئەحزابی سیاسی بریتیە لە ماددیەت بەخشین و بەرجەستە بوونی ماددی خەباتی چینایەتی و کێشمەکێشی چینایەتی.

## خەباتی چینایەتی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەحزابی سیاسی

بزووتنەوە سیاسیەکان وەکو ئاستێک لە بەرجەستە کردنی خەبات و ململانێی چینایەتی، ئاستێکی دیکە لە بەرجەستەبوونی ئەم خەباتە دەخاتەڕوو کە ئەحزابی سیاسیە. واتە بزووتنەوە سیاسیەکان بۆ بردنە پێشەوەی ململانێی چینایەتی ئەحزابی سیاسی سەر بەخۆیان و خاوەن نەریت و ئەفکار و بۆچوونی سیاسی و تەرح و ڕێگاچارەی ئابوری خۆیان دروست دەکەن. ئەو حزبەی کە نوێنەرایەتی بزووتنەوەکەی دەکات دەتوانێ لەلایەن بزووتنەوەکەیەوە قبوڵ بکرێت و ئەرک و پەیامەکانی بزووتنەوەکەی بۆ چینەکە و بۆ کۆمەڵگای پێ بسپێردرێ.

هەروەکو چۆن هەرچینێک چەند بزووتنەوەو نەریتی سیاسی جیاواز بەرهەم دەهێنێ، بەهەمان شێوە هەر بزووتنەوەیەکیش دەکرێ چەندین حزبی سیاسی خۆی دروست بکات. بەڵام ئەو حزبە دەتوانێ ببێتە نوێنەری ئەو بزووتنەوەیە کە وەڵام بە پێداویستیەکانی ئەو چینە بداتەوە کە ئەو بزووتنەوەیە بڕیارە نوێنەرایەتی بکات. واتە ئەو حزبەی دەتوانێ بەرنامەی سیاسی و عەمەلی و تەرح و ڕێگاچارە ئابوریەکانی و بۆچون و بنەما فکریەکانی تەعبیر بێت لە بەرژەوەندیەکانی ئەو چینە دیاریکراوە، لەو بارەدا بزووتنەوەکەش ئەو حزبە وەکو نوێنەری خۆی قبوڵ دەکات. کەواتە میکانیزمەکە بەو جۆرەیە کە خەباتی چینایەتی لەلایەن بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانەوە تەعبیری لێدەکرێ و بزووتنەوەکانیش لەلایەن ئەحزابەوە تەعبیریان لێدەکرێ و بەوجۆرە لە کۆتاییدا ململانێی چینایەتی لەلایەن ئەحزابی سیاسییەوە تەعبیری لێدەکرێ و نوێنەرایەتی دەکرێ.

لە کوردستانی عێراقدا ئێمە چەندین حزبی ناسیۆنالیستمان هەیە، یەکێتی و پارتی و گۆڕان و ئەوانی دیکە، بەڵام کام لەوانە وەڵام بە پێداویستیە بنەڕەتیەکانی بۆرژوازی کورد ئەدەنەوە؟ بە بڕوای من یەکێتی و پارتی ئەو دوو حیزبەن کە لەم هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەی کوردستاندا وەڵامدەرەوەی پرس و پێداویستییە بنەڕەتیەکانی بۆرژوازی کوردن، بۆیە بۆرژوایش دەسەڵاتی داوەتە دەستی ئەو دوو حزبە. دەنگیان دەداتێ و ئەوان وەکو نوێنەرانی سیاسی خۆی پەسەند دەکات. بەڵام بەرلەوەی مەسەلەکە ئەو دوو حزبە بن، خودی بزووتنەوەکەیانە، واتە ناسیۆنالیزمی کورد، کە لەلایەن بۆرژوازی کوردەوە قبوڵ کراوە. بۆرژوازی، ئیسلامی سیاسی قبوڵ نەکردوە وەکو نوێنەری سیاسی خۆی لەم قۆناغە مێژووییەی کۆمەڵگای کوردستاندا، بەڵکو ناسیۆنالیزمی قبوڵ کردوە. کەواتە شانسی حزبەکانی ئیسلامی سیاسیش بۆ ئەوەی ببنە نوێنەری بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتی سیاسی ڕادەستی ئەوان بکات لە ئیستادا سفرە. واتە لە ناو بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بۆرواژی کورددا، ناسیۆنالیزم قبوڵکراوە و لە ناو ئەحزابی ئەم بزووتنەوەیەشدا دوو حزبی سەرەکی قبوڵ کراوە کە نوێنەرایەتی بۆرژوازی

بکەن و دەسەڵات و ئیدارەی کۆمەڵگا بەڕێوەبەرن. مەرج نییە و هیچ کاتێکیش وا نییە کە لەبەرئەوەی ناسیۆنالیزم لەلایەن بۆرژوازیەوە قبوڵ کراوە وەکو نوێنەری سیاسی و دەسەڵاتی ئەو، ئیتر هەر حزبێکی سیاسی ناسیۆنالیست بتوانێ نوێنەری بۆرژوازی بێت و دەسەڵاتی ڕادەست بکرێ. بەڵکو تەنها ئەو حزبە یان ئەو حزبانە دەتوانن وەکو نوێنەری سیاسی بۆرژوازی قبوڵ بکرێن کە دەتوانن بەرنامەی سیاسی خۆیان، ئامانجە سیاسیەکانی، ئاڵا و نەریتی سیاسی خۆیان دەکەنە بەرنامە و ئامانج و ئاڵای بزوتنەوەکەی و بەو پێیەش بەرنامەو ئامانج و ئاڵای چینەکەی.

کەواتە بە کورتی، خەبات و کێشمەکێشی چینایەتی کرۆکی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگایە، بەڵام ئەویش لە ئاستێکی کۆنکرێتتردا لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و نەریتە سیاسیەکاندا بەرجەستە دەبێتەوە و لەئاستێکی کۆنکرێتتردا ئەم بزووتنەوە و نەریتە سیاسیانەش دەبنە ئەحزابی سیاسی. ڕەنگە چەندین بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەمان چینمان هەبێ و چەندین حزبی سیاسی هەمان بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان هەبێ. لێرەوە دەتوانین بە سادەیی لەوە تێبگەین بۆچی یەکێتی و پارتی کە دوو حزبی ناسیۆنالیستن هەن، ئەگەر هەردوکیان بۆرژوازین و سەر بەهەمان بزووتنەوەی ناسیۆنالیستین بۆچی یەک حزب نین!؟ بەڵام مەسەلەکە بەو جۆرە نییە، بەپێی ئەم لێکدانەوەی ئێمە بۆ کۆمەڵگا و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و ئەحزابی سیاسی، دەکرێ دەیان حزبی سیاسی بۆرژوازی هەبن کە سەر بە ڕەوتێکی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراوبن. ئەمە تاڕادەیەک بۆ چینی کرێکاریش هەروایە. بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی وەکو سەندیکالیزم، سۆشیال دیموکراسی و کۆمۆنیزم و ئەنارکیزم و بلانکیزم هەیە، کە ئەم دوانەی دوایی ئێستا ئەو نەخش و دەورەیان لەناو چینی کرێکاردا نەماوە. هەڵبەت ڕەوت و بزووتنەوەی سیاسی دیکە هەیە کە لە ژێرناوی چەپ و کرێکاردا کاردەکەن بەڵام ئەمانە ناتوانین لەسەر چینی کرێکار و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی هەژماریان بکەین، بەڵکو ڕەوت و بزووتنەوەی بۆرژوازین کە ناوی چەپ و کرێکاریان لەخۆناوە. واتە بەشێک نین لە میکانیزمی ناوخۆیی و نەریتی خەباتکارانەی کرێکار. بەڵام سەرجەم بزووتنەوە و ڕەوتەکانی دیکەی ناو چینی کرێکار بێجگە لە کۆمۆنیزمی مارکس، ئامانجیان گۆڕینی پێگەی ئابوری نییە، بەڵکو چاکسازیە لە چوارچێوەی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی ئێستادا. بەوجۆرە ئەو حزبە سیاسیەی کە سەر بەو ڕەوت و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیە( واتە کۆمۆنیزمی مارکس و کرێکاری) دەتوانێ وەڵام بە گرێوگۆڵەکانی کۆمەڵگا و خەباتی چینی کرێکار بداتەوە بۆ گۆڕینی هەلومەرجی ئابوری کۆمەڵگا و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی ئێستا بۆ قۆناغێکی دیکە.

## خەباتی چینایەتی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەحزابی سیاسی

من پێشتر باسی ئەوەم کرد کە لە دەورانی شۆرشی ئۆکتۆبەردا چینی کریکاری ڕوسیا بەلشەفیەکانی هەلبژارد و قبولی کرد وەکو نوێنەری سیاسی خۆی. بەلشەفیەکانی وەکو حزبی سیاسی هەلبژارد، نەک تەنها بزووتنەوە کۆمەلایەتی و سیاسیەکەی، نەک تەنها کۆمۆنیزم، بەلکو بەلشەفیەکانی وەکو حزبی سیاسی هەلبژارد. واتە لەناو خودی بزووتنەوەی ناسراو و ناوبراو بە کۆمۆنیزم، کە سۆشیال شۆڕشگێرەکان و مەنشەفیەکانی تێدابوو، وە ئەمانە خۆیان بە کۆمۆنیست ناوزەد دەکرد و لەناو کرێکاریشدا پێگەیان هەبوو، بەلام لەناو هەموو ئەمانەدا، یەک حزبی سیاسی، واتە بەلشەفیەکانی هەلبژارد. یەک حزبی سیاسی هەلبژارد لەبەرئەوەی وەلامی بە پێداویستیەکانی خەباتی چینایەتی و پێداویستیەکانی ئالوگۆڕی کۆمەلایەتی و سیاسی دایەوە، وەلامی بەو مەسەلە میحوەریە دایەوە کە هەلومەرجی ئابوری و سیاسی ئەوکاتە بگۆڕێ بۆ هەلومەرجێکی دیکە، ئەویش سەندنەوەی دەسەلاتی سیاسی بوو لە بۆرژوازی و دامەزراندنی دەسەلاتی سیاسی چینی کرێکار.

بێگومان هاورێیان ئەم باسە، واتە باسی خەباتی چینایەتی و بزووتنەوەکۆمەلایەتیەکان و ئەحزابە سیاسیەکان، لەو ڕوانگەیەوە جێگای بایەخە کە خەباتی چینایەتی تەنها خەباتێک نییە بۆ گۆڕانکاری ئابوری یان چاکسازی ئابوری و کۆمەلایەتی، بەلکو خەباتە بۆ گۆڕینی پێگەی ئابوری و کۆمەلایەتی چینی کریکار، واتە کۆتایی هێنان بەو پێگەیەی کرێکار لە ئابوری سەرمایەداریدا هەیەتی. کۆتایی هێنان بە وجودی چینی کرێکار وەکو چینێک کە کاردەکات بۆ ئەوەی بژی، بەلام هەر بەهۆی کارەکەی ئەوەوە سەرمایە و سامانی چینێکی کۆمەلگا کە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانە، واتە چینی بۆرژوازی، گەورە دەبێت. گۆڕینی پێگەی ئابوری چینی کرێکار لە مەیدانی سەرخانی کۆمەلگادا، لە سەرخانی سیاسی و فکری و کەلتوری و فەرهەنگ و هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەلایەتیدا ڕەنگ دەداتەوە. بۆچوونێک هەیە کە ئابوری وەکو ژێرخانی کۆمەلگا و سیاسەت وەکو سەرخان تەماشا دەکات، بەلام ڕاستیەکەی سەرخانی کۆمەلگا هەموو ئەو شتانەیە کە ئاماژەم پێکرد. واتە سەرجەم دەزگای فکری کۆمەلگایە. ڕاستە سیاسەت توخمی سەرەکییەتی، چونکە سیاسەت پەیوەست دەبێتەوە بە پرسی دەسەلاتی سیاسیەوە، پەیوەست دەبێتەوە بە پرسی دەولەتەوە، بەپرسی بەڕێوەبردنی کۆمەلگاوە، وە هەموو ئەمانە لەسەر بنەمای ئەو ژێرخانە ئابوریە دروست بووە. ئەگەر بمانەوێ ژێرخانی ئابوری بگۆڕین دەبێ گۆڕانکاری لە هەموو ئەو مەسەلانەشدا بکەین کە سەرخانی کۆمەلگا پێکدەهێنێ، بەلام دەسەلاتی سیاسی گرنگترین فاکتەر و خالی سەرەتایە بۆ ئەو گۆڕانکاریە لە سەرخاندا. کەواتە کرێکار بۆئەوەی پێگەی ئابوری خۆی لە بەرهەمهێناندا بگۆڕێ، دەبێ لە ڕێگای ئەو کێشمەکێشە سیاسی و فکری و

ئایدیۆلۆجیەوە، ئەنجامی بدات. لێرەدا دەور و کاریگەری و ڕۆڵی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەردەکەوێ و بەرجەستە دەبێت. تەنانەت خەباتی سیاسی تەنها پەیوەست نییە بە کێشمەکێشی سیاسیەوە، دەبێ لە مەیدانی فکر، ئایدیۆلۆجیا، سیاسەت، هونەر و سەرجەم مەیدانە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەو جەنگ و کێشمەکێشە چینایەتییە بەڕێوەبەریت. چینی باڵادەست، چینی بۆرژوازی لەهەموو مەیدانەکانەوە شەڕی خۆی لەدژی چینی کرێکار بەڕێخستوە. دەبێ کرێکاریش هەمان کار بکات.

لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا، تەنها دەزگای دەوڵەت بە دەستی بۆرژوازیەوە نییە، تەنها پۆلیس و ئاسایش و سوپای بەدەستەوە نییە، بەڵکو میدیای بەدەستەوەیە و لە میدیاکانیەوە جەنگێکی لە دژی کرێکار ڕاگەیاندوە. هەموو ڕۆژێک بۆمبارانی مێشک و فکری کرێکار و زەحمەتکێش دەکات. ئەوەی بە چەکی ئاسایش و پۆلیس و دەزگاکانی سەپاندنی دەسەڵات و سەرکوتی دەیکات، لەلایەکی دیکەشەوە بە دامەزراوە و دەزگا فکریەکانی، بە میدیاکانی، بە ڕەواجدان بە نەریت و کەلتور و بەها ناسیۆنالیستیەکان ئەنجام دەدات. سەرنج بدەن، ئاڵای کوردستان، ڕەنگە شتێکی ئاسایی بێتەبەرچاو، بەڵام ئاڵای کوردستان بۆ ناسیۆنالیزمی کورد بۆ ئەوەیە کە فکر و ڕەمز و بەها و ئایدیاکانی خۆی لە کۆمەڵگادا بەرجەستە بکات و ڕەواجی پێ بدات. دەنا ئەو ئاڵایە لای بۆرژوازی تەنها پارچە قوماشێکە و هیچی دیکە، بەڵام لە دووتوێی پیرۆزکردنی ئەو پارچە قوماشەدا پیرۆزکردنی بەها و فکر و سیاسەت و دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم و کوردایەتی بەرجەستەدەبێت. ئەو ئاڵایە هۆکارێکە بۆ ئەوەی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لە ژێر ئاڵای سیاسی و لە ناو ئەڵقەی فکر و نەریت و فەرهەنگی کوردایەتیدا زیندانی بکرێ. چەمکی نیشمان و سرودی نیشتمانی، ئەوەی کە لە خوێندنگاکاندا دەخوێنرێ و قوتابی لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە بەو چەمکانە ڕادەهێنن و فێریان دەکەن و دەیئاخننە مێشکیانەوە و هەروەها پیرۆزکردنی نیشتمان، هەمووی بۆ ئەوەیە کە دەسەڵاتی فکری و ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی کورد بەسەر زەین و بیرکردنەوەی گشتیی خەڵکدا بسەپێنێ. ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی، ناسیۆنالیزمی تورکی و هەموو بزووتنەوە و حزبە ناسیۆنالیستیەکان فێری منداڵانی دەکەن و لە خوێندنگاکاندا مێشکی منداڵانی پێ دەشۆرنەوە، هەر بۆ زاڵکردنی فکر و بەها و نەریت و ئایدیۆلۆژیای چینی بۆرژوازیە بەسەر کرێکار و زەحمەتکێشی ئەو کۆمەڵگایانەدا. وە ئەو هێرشە بەردەوامە بۆسەر فکر و زەینی مرۆڤەکان و جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بە مەبەستی دوورخستنەوەی ئەوانە لە هەڵبژاردنی بزووتنەوە و حزبی سیاسی شۆڕشگێڕی خۆیان، بۆ هێشتنەوەی ئەو نایەکسانیە ئابوریەی لە کۆمەڵگادا هەیە، بۆ چەواشەکردنی ئەوانە تا پەی بە ڕاستییەکانی ژیانی پڕ لە مەینەت و کوێرەوەری خۆیان نەبەن و

## خەباتی چینایەتی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەحزابی سیاسی

سەرمایەداری و بۆرژوازی پارێزراو بێت لە ڕەخنە و لە خەبات و لە شۆڕشی ئەوان!
کەواتە نایەکسانی ئابوری لە کۆمەڵگادا تەنها بە ئاسایش و زێرەڤانی و بە پاسدار و ژەندرمە و بەڵتەجی و شەبیحە و ئەوانە ناپارێزرێ و ناهێڵرێتەوە، بەڵکو لە ڕێگای کارکردن لەسەر فکر و زەینی چینە چەوساوەکان دابین دەبێت. بەشێک لەو هێرشە فکریە دین و دەزگای ئاینی ئەنجامی دەدەن، مەلا و حاخام ئەنجامی دەدەن، دەزگا فکری و ئاینیەکان، لەم کۆمەڵگایانەی ئێمەدا مزگەوتەکان دەورێکی وێرانکەر دەبینن، هونەر و ئەدەب و.... دەوری کارا دەگێڕن لەو چەواشەکاری و گێژکردنەدا. بۆ نموونە فیلمەکانی هۆلیود دەوریان هەیە لە دژایەتیکردنی خەباتی چینی کرێکار بۆ یەکسانی و ئازادی. بەدەیان فیلم و کاریکاتێر لەسەر کۆمۆنیزم دەرهێنراون و باس لە خراپیەکانی کۆمۆنیزم دەکەن. لە دەورانی دوای ڕووخانی بلۆکی سۆڤیەت، دەیان بەڵگە بڵاودەکەنەوە سەبارەت بەوەی کە کۆمۆنیزم و دەسەڵاتی کۆمۆنیستی دڕندەیە، مەترسییە بۆسەر مرۆڤایەتی، لە فلانە وڵات سەدان هەزار و بگرە ملیۆنەها مرۆڤیان کوشتوە. تەنانەت چەندین فلیمی کاریکاتێریان بەرهەم هێناوە تا منالانیش بە دژایەتی و ڕقبونەوە لە کۆمۆنیزم گۆش بکەن. باسی کوریا و کوبا دەکەن، باسی ستالین دەکەن، باسی کەمبودیا و خەمیری سوور دەکەن. ئەمانە بەناوی کۆمۆنیزمەوە تۆمار دەکەن تا حەقیقەتی کۆمۆنیزم ئاوەژوو بکەنەوە. تا مرۆڤە زەحمەتکێش و چەوساوەکان بترسێن لە کۆمۆنیزم. هەموو ئامانجیان ئاوەژوو کردنەوەی بیر و زەینی مرۆڤە تا فکر و دەسەڵاتی نایەکسان و چەوسێنەرانەی خۆیان قبوڵ بکات یان بە ناچاری ملی پێبدات.
کەواتە شەڕی کرێکاریش دژی بۆرژوازی دەبێ لە هەموو مەیدانەکاندا بەڕێ بکەوێ. خەبات و شەڕی کرێکار دژی بۆرژوازی لە مەیدانی سەرخانی سیاسیدا بریتییە لە سیاسەت، دەوڵەت، یاسا، ئایدیۆلۆجیا، ئەدەب و هونەر و هەموو مەیدانەکان دەگرێتەوە. لێرەدا دەوری ئەحزابی سیاسی دێتە پێشەوە. ئەحزابی سیاسی دەبێ وەڵام بە هەموو ئەو گۆشە و لایەنانە بداتەوە. سەرنج بدەن هیچ حزبێکی سیاسی ناتوانێ تەنها لە یەک گۆشە و مەیدانەوە ئەو شەڕە بکات. بۆرژوازی لە چەندین گۆشە و کەنارەوە بۆمبارانی فکری و سیاسی چینەکەی تۆ دەکات، تۆش دەبێ بتوانی لەهەموو بەرەکانەوە ئەو شەڕەی لەگەڵدا بکەی.
بەڵام مەسەلەی بنەڕەتی لە کێشمەکێشی چینایەتیدا مەسەلەی دەسەڵاتە، پرسی گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسییە. بەبێ گرتنی دەسەڵات لە بۆرژوازی ئیمکانی ئاڵوگۆڕی ئابوری لە کۆمەڵگا نییە. سەرنج بدەن بۆ بۆرژوازی وابوو. چینی بۆرژوا لە هەناوی دەرەبەگایەتیەوە سەری هەڵدا و گەشەی کرد، لەباری ئابوریەوە پایەکانی ئابوری

## موحسین کەریم

بۆرژوازی دامەزراند، وورده وورده دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی کرمێ کرد، دواتر وەکو ئەوەی لە شۆرشی فەرەنسیدا( ١٧٨٩)هەموو ڕەمزەکانی دەسەڵاتی دەرەبەگی لەناوبرد بە دەسەڵاتی کەنیسەشەوە. دەسەڵاتی سیاسی و یاسا و چەمکەکانی هەمووی گۆڕی. کۆمەڵێک چەمکی دیکەی هێنایە ناو کۆمەڵگاوە وەکو (یەکسانی و ئازادی و برایەتی). دروشمەکانی شۆرشی بۆرژوازی فەرەنسی ئەمانە بوون، بەڵام ئەوەی کە دوایی بۆرژوازی دەستبەرداری ئەوجۆرە لە ئاڵوگۆڕی ڕادیکاڵ و ڕیشەیی و شۆرشگێرانە دەبێ و دەرەبەگەکان قبوڵ دەکەن کە دەسەڵات ڕادەستی بۆرژوازی بکەن، وەکو مارکس دەڵێ"بسمارکی پاشای ئەڵمانیا لەگەڵ بۆرژوازی ئەڵمانیدا هاوسەرگیری دەکەن" و ئەزمونی بۆرژوازی فەرەنسا دوبارە نابێتەوە، هۆکارەکەی ئەوەبوو بۆرژوازی دەستی نەدەبرد بۆ بنەمای چەوسانەوە. بەڵام شۆڕشی کرێکاری یان خەباتی سیاسی چینی کرێکار لە بنەڕەتدا بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازییە، چونکە دەیەوێ سەرجەم پێکهاتەی ئابوری کۆمەڵگا بگۆڕێت، ئەو نایەکسانیە ئابوریەی کە هەیە، ئەو پێگە ئابوریە نایەکسانەی کە کرێکار هەیەتی بگۆڕێت. واتە هیچ جۆرە چەوسانەوەیەک و هیچ جۆرە نایەکسانیەکی ئابوری نامێنێ. لەبەرئەمەیە کە کرێکار بەبێ گرتنە دەستی دەسەڵات، لەهیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا، بە بێ شۆڕش ناتوانێ ئەو ئاڵوگۆڕە ئابوریەی کە دەیەوێ، ئەنجامی بدات. هەنگاوی یەکەم بۆ گۆڕانکاری ئابوری لە کۆمەڵگادا، بۆ هەڵوەشاندنەوەی پێگەی نایەکسانی کرێکار، دەستبردنە بۆ دەسەڵات لەلایەن چینی کرێکارەوە. لێرەشدا ڕۆڵی حزبی سیاسی و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بزووتنەوەی سیاسی چینی کرێکار بەرجەستە دەبێت.

ئێستا دێمە سەر ئەو پرسیارەی کە دەڵێ ئایا چین دەسەڵات دەگرێ یا حزبی سیاسی؟ هەڵبەتە باسەکەی ئێمە لەسەر چینی کرێکارە، چونکە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار جێگای مەبەست و بایەخی ئێمەیە. من پێموایە لە هیچ شوێنێکی دنیادا، چینی کرێکار، وەکو چین، ناتوانێ دەسەڵاتی سیاسی بگرێ لە ڕێگای ئەحزابی سیاسیەوە نەبێ. تەنانەت لە شۆرشی ئۆکتۆبەریشدا ئەوە چینی کرێکار نەبوو، وەکو چین، کە دەسەڵاتی سیاسی گرت و حکومەتی کرێکاری دامەزراند، بەڵکو لە ڕێگای نوێنەرە سیاسیەکەیەوە، لە ڕێگای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و حزبی ئەو بزووتنەوەیەوە، واتە لە ڕێگای حزبی بەلشەفیەوە دەسەڵاتی سیاسی لە بۆرژوازی داماڵی و حکومەتی خۆی دامەزراند. چین بەشێوەیەکی گشتی، لە ڕێگای بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیەوە ئامانجەکانی گەڵاڵە و بەرجەستە دەکات و لە ڕێگای ئەحزابی سیاسیەوە ئەم ئامانجانە دەگۆڕێن بۆ ئامانج و پلاتفۆرمی سیاسی، بۆ هەڵسوڕانی سیاسی، بۆ نەخشە و بەرنامەی کار و تاکتیکی سیاسی و بگرە ڕێکخستنی سیاسی و جەماوەری و.. تاد. واتە توخمە هوشیار و پێشڕەو و

## خەباتی چینایەتی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ئەحزابی سیاسی

چالاکەکانی چینەکە لەناو حزبی سیاسیدا ڕێکدەخرێن. بۆ چینی کرێکاریش بەهەمانشێوە، بەشی پێشڕەو و هوشیار و چالاکی چینەکە لەناو حزبی سیاسی و کۆمۆنیستیدا خۆی ڕێک دەخات و لەو ڕێگایەوە دەتوانێ ئەو شەڕە هەمەلایەنە لەگەڵ بۆرژوازیدا بکات و دەسەڵاتی سیاسی لە بۆرژوازی بسەنێتەوە. بۆیە جێگاورێگای حزبی سیاسی بۆ چینی کرێکار زۆر هەستیار و چارەنوسسازە و بەبێ حزبی سیاسی کۆمۆنیستی، چینی کرێکار هیچ کاتێک ناتوانێ دەسەڵاتی سیاسی بگرێتەدەست.

ئەگەر سەرنج بدەن، ئانارشیستەکان دەوری حزبی سیاسی چینی کرێکار نکوڵی لێدەکەن و گوایە چینی کرێکار خۆی بۆرژوازی لە دەسەڵات دەخات و ئیتر کرێکار پێویستی بە حزب و بگرە بە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی نییە، چونکە بە بڕوای ئەوان هەموو دەسەڵاتێک سەرکوتگەرە. بێگومان ئەم جۆرە بۆچوونە، تێگەیشتنێکی ساویلکانە و ڕووکەشییە لە سیستەمی سەرمایەداری و لە خەباتی چینایەتی. بەڵام مارکس و ئەنگلس لە (مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست) دا لە ساڵی ١٨٤٨ دا بەڕوونی باسی پێگەوجێگەی حزبی کۆمۆنیست دەکەن لە خەباتی چینی کرێکاردا بۆ ڕزگاری و ڕوخاندنی دەسەڵات و سیستەمی سەرمایەداری. ئەوان تەنانەت ناوی بەرنامەکەی خۆیان ناو ناوە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست. هەر لەوێدا باس لەوە دەکات کە جیاوازی نێوان خۆیان و حزبەکانی دیکەی چینی کرێکار چییە. واتە مارکس لە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستدا فۆکەس دەکاتە سەر حزب. ئەوە ڕاستە لە سەردەمی مارکس و ئەنگلسدا، حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی بەو شێوە و بەو جۆرەی کە لەسەردەمی لینین و لەسەر دەستی ئەودا دروست کرا، نەبوو، کە خاوەنی بەرنامە و پلاتفۆرم و ڕێکخستنی تۆکمە و تاکتیکی سیاسی ڕوونی خۆی بێت، خاوەنی نەخشەی شۆڕش بێت، بەڵام ئەوان لە مانیفێستدا باس لە حزب دەکەن و بەرنامەی ئەو حزبەشیان ڕاگەیاندووە. لە دیدگا و جیهانبینی مارکس دا، جێگاو پێگەی حزب لە خەباتی چینایەتیدا بەو جۆرەیە کە حزب دەتوانێ بەشێوەیەکی ماددی پراتیکی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان بەرجەستە بکات لە چالاکی و کردەوەیەکی سیاسیدا، لە جموجوڵێکی سیاسی بە کۆمەڵدا بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی.

لە کۆتاییدا ئەمەوێ باس لە پێگەی حیزبی کۆمۆنیستی بکەم لە خەباتی چینایەتی کرێکاردا. ئایا حیزبی کۆمۆنیستی دەتوانێ لەم قۆناغە دیاریکراوەدا وەڵام بە پێداویستیەکانی خەباتی چینایەتی کرێکار بداتەوە یان نا؟ ئەگەر وەڵامی پێبداتەوە، نەک هەر حزبی سیاسی کۆمۆنیستی بەڵکو تەنانەت ڕابەرانێکی کۆمۆنیستیش، بتوانێ وەڵام بەو مەسەلەیە بداتەوە، ئەوا ئەتوانێ پێشڕەوی بکات و لەلایەن چینەکەیەوە هەڵبژێردرێ و قبوڵ بکرێ. ئەگەر ئەو وەڵامە نەداتەوە بێگومان چینی کرێکار قبوڵی ناکات وەکو نوێنەری سیاسی خۆی. چینی

کرێکار هێز و حیزبێکی سیاسی دەویَ کە بتوانیَ وەڵام بداتەوە بەو ئامانجە مێژوویەی کە وەکو پێشتر باسمان کرد، ئاڵوگۆڕە لە هەلومەرجی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کۆتاییهێنان بەم نایەکسانییە ئابوری و بەم دابەشبوونە چینایەتییە کە لەکۆمەڵگای بۆرژوازیدا لەئارادایە. دابەشبوونێک کە کرێکار تێیدا چەوساوەیە، بۆرژوازی چەوسێنەرە، کرێکار خاوەنی هیچ هۆکارێکی بەرهەمهێنان نییە، بۆرژوازی دەستی بەسەر هەموو هۆیەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردندا گرتوە، کرێکار ناچارە کار بکات بۆئەوەی بژی و تەنها کۆیلەیەکی مۆدێرنە و ئەگەر کارنەکات ناژیَ. بۆئەوەی ئەم واقعیەتە بگۆڕیَ ناچارە شۆرش بکات و دەبیَ بیکات. بەرپاکردنی شۆڕشیش پێویستی بە حزبی سیاسیە و حیزبی کۆمۆنیستی تەنها ڕێکخراوەیەکی سیاسی و نەریتێکی سیاسی خەباتکارانە و شۆڕشگێری ناو چینی کرێکارە کە ئامانجی شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە. نە سەندیکالیزم و نە سۆشیال دیموکراسی و نە ئانارشیزم و ... هیچیان ناتوانن وەڵامدەرەوە بن بەو پێداویستیە مێژووییە- چینایەتیەی کرێکار کە ڕوخاندنی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی و دەزگای دەوڵەتی بۆرژوازییە تا لەرێگای دەست بەسەراگرتنی دەسەڵاتەوە لەلایەن خۆیەوە زەمینەکانی گۆڕانکاری ئابوری سۆشیالیستی فەراهەم بکات و لەرێگای تێکشکاندنی بەرەنگاری بۆرژوازیەوە بۆ گێڕانەوەی دەسەڵات و پارێزگاریکردن لە نایەکسانی ئابوری و چەوساندنەوەی چینی کرێکار، بتوانیَ زەمینە بۆ شکڵگرتنی بنەماکانی ئابوری سۆشیالیستی خۆش بکات.

١٠/٣/٢٠١٩



عوسمانی حاجی مارف

# دەربارەی شۆڕشی کرێکاری

ڕۆژانی شەممان لەلایەن ڕادیۆی پێشەنگەوە سیمیناری جیاجیا لەسەر باس و مەسەلە فیکری و تیۆریەکانی کۆمۆنیزم ساز ئەکرێ. ئەمەی بەردەستان بەشێکە لە نووسینەوەی یەکێک لەو باسانەی کە لەژێر ناوی ''دەربارەی شۆڕشی کرێکاری'' دا لەلایەن عوسمانی حاجی مارفەوە پێشکەشکرابوو. بە کەمێ دەستکاریەوە ئامادەی کردووە بۆ بڵاوکراوەی دیدگا، ئەمەش هەوڵێکە بۆ ئەوەی "دەربارەی شۆڕشی کرێکاری وەک پێداویستیەکی مێژوویی" بە زمانێکی سادە باس بکرێت.

مەسەلەیەک کەپێویستە سەرەتای باسەکەمان بێت بۆ باسکردن دەربارەی شۆڕشی کرێکاری، ئەوەیە کە ئایا شۆڕش چ مانا و واقعیەتێکی هەیە لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگە و لەسەر ژیانی ئینسانەکان بە مانای بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر، واتە پرسیار ئەوەیە کە گۆڕینی کۆمەڵگا لە ڕێگەی شۆڕشی کرێکارییەوە بە کردەوە چ مانایەکی هەیە؟ هەر ئەو پرسیارەی کە ئایا پێداویستییەکی مێژووییە؟ یاخود تەنها ماف و بیرکردنەوە و خواستی کەسانێکە کە بیانەوێت کۆمەڵگە لەم ڕێگەیەوە ڕزگار بکەن و بگۆڕن. واتە بە مانایەکی تر ئایا خواست و

## عوسمانی حاجی مارف

ویستێکە، یا واقعیەتێکە لە ڕەوتی یاسای جوڵەی کۆمەڵگەدایە؟
لەم باسەدا ئەوە بە بنەما وەردەگرم کە مانای شۆڕشی کرێکاریی بۆ مارکسیەکان و کۆمۆنیستەکان چ مانایەکی هەیە و چۆن لێی حاڵی دەبن. گەر بتوانم هەوڵ ئەدەم بە زمانێکی سادە ئەمە ڕۆشن بکەمەوە، تا تێبگەین کە شۆڕشی کرێکاریی چ مانا و واقعیەتێکی هەیە. چۆن دەچێتە پێشەوە و بە کردەوە چی دەگەیەنێت؟ بۆ نمونە من لایەنگر و هەڵسوڕاوی شۆڕشی کرێکاریم، بەڵام کەسان و لایەن هەن بۆ نمونە دەخوازن نیشتمانەکەیان ڕزگار بێت، ئامانجی کەسانێک دەوڵەتی کوردیە، کەسانێکی تر دەیانەوێت ئیسلام دەسەڵات بگرێت و شەریعەی ئیسلامی بکەنە یاسای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئایا کۆمۆنیستەکانیش ئارەزو دەکەن و دەخوازن فکری کۆمۆنیستی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن..؟ بەڵام جارێ بە جیا لە هەر خواست و حەز و ئارەزووەکان، بێینە سەر ئەوەی کە شۆڕشی کرێکاریی چییە و جیاوازی لەگەڵ مەقولەی شۆڕشەکانی تردا چییە!

***

شۆڕشی کرێکاری داناتاشرێت و دروست ناکرێت و دروست نەکراوە، واتە لە بنەرەتدا بیر و خواست و ئارەزوی هیچ کەسێک نییە، دەکرێ ببێت بە بیر و خواست و ئارەزوو، واتە گەر وەها پێناسە بکرێت کە هەر لە بنەرەتەوە بیرو خواست و ئارەزووە و لەسەر ئەم خواست و ئارزووە بەرنامەی بۆ دارێژاوە، پێمان باشە بەرگری لێ بکەین و بڕۆین کاری لەسەر بکەین و بەڕێی بخەین و جێبەجێی بکەین، کە ئیمکانی هەیە سەر بکەوین یان ئیمکانی هەیە شکستێکی گەورەی وەها بخۆین کە لە بیر و خواست و ئارەزوەکانماندا بیسڕنەوە و ئاسەواری نەهێڵن.. وەک ئەو وێنایەی ئێستا دوژمنانی کۆمۆنیزم لەسەر روسیا و چین و وولاتانی بەناو سۆشیالستی ئەیدەن کە بە شکستی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزم ناوی دەبەن و حسابیان لەسەر دەکرێت، واتە گەر وەک ئایدۆلۆژیایەکی کۆمۆنیستی داماڵراو لە دنیای واقعدا مامەڵە بکرێت، کە لەو وولاتانە ئەزمونی لەسەر کراوە و تاقی کراوەتەوە و دواتر شکستی خواردووە دەکرێ لەم حاڵەتەدا بۆچونی دوژمنانی کۆمۆنیست بە هەند وەر بگیرێت، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە ڕۆشنە واقعی تێکرمانی ئەو وولاتانە پەیوەندی بە تاقیکردنەوەی ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزمەوە نینە بەڵکو هەرەس هێنانی مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتیە. گەر تەئکید لەسەر ئەو ڕاستیە بکەین کە شۆڕشی کرێکاری پێداویستییەکی مێژوویە وە لە واقعیەتی پێکهاتەی خودی کۆمەڵگەوە سەری دەرهێناوە و بووە بە ئەمری واقع، واتە ئەمە شۆڕشێکە لە دنیای واقعدا بۆ خۆی بوونی هەیە و دەبێت ئەنجام بدرێت و

## دەربارەی شۆڕشی کرێکاری

بە ئەنجام بگات، ئەوکات لە هەر پێشرەوی و پاشەکشەیەکدا ناتوانرێت لە بیر و خواستی ئینسانەکدا دەرکێشرێت و بسڕدرێتەوە. بەو مانایەی تا ئەم شۆڕشە ئەنجام نەدرێت و بەسەرکەوتن نەگات، ئەوە ئەم کارەسات و تراژیدیایانەی ڕۆژانە لەم کۆمەڵگای سەرمایەدارییدا ڕوو دەدەن، کۆتاییان نایەت. بۆیە پێویستە بڵێین ئەگەر شۆڕشی کرێکاری نەبێت، ئەوە کابوسی سەرمایەداری هەر دەمینێتەوە و هەر جەنگە و چەوساندنەوەیە و ژیانی ناچاری و زۆرملێی کاری بەکرێیە، لەوەش نەرێنیتر و دەردی سەرتر ئەوەیە کە خودی کۆمۆنیستەکان بۆ خۆیان وەک ئایدۆلۆژیایەکی داڕێژراو لە لۆژێکی بیری مارکسدا مامەڵەی شۆڕشی کرێکاری و سۆشیالیستی بکەن.

دەبینین مرۆڤەکان بۆ ئەوەی نانی ڕۆژانەیان پەیدا بکەن، دەبێت کار بکەن و کۆیلەی سەرمایە بن،

ئەو سەرمایەدارییەی کە ئێستا تەواوی دنیای داگرتوە، باڵادەستە و هەژمونی خۆی لەباری پەیوەندی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەوە سەپاندووە، لە هەمان کاتدا چینی بۆرجوازی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو چینە جۆرەها شیواز و نمونەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ مانەوەی ئەو سیستمی سەرمایەداریە پێکهێناوە، کە بە هەر نرخێک بێ پەیوەندیەکانی سەرمایەداری دەپارێزن، بە توانا و ئارەزووی خۆیان ئەوپەری کۆیلەیەتی دەکەنە ژیانی کریکاران، جەنگ بەرپێدەخەن، سەرمایە دەگوازنەوە بۆ هەر جێگایەک کاری هەرزان و کۆیەلەیی زیاتری بۆ دابین بکات، تا زۆرترین سەرمایە لەسەر حسابی کاری بەکرێ کەڵەکە بکەن،.. هتد.

***

ئێستا پێویستە بێینە سەر ئەو واقعیەتەی کە ئەم پێکهاتەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریە چییە و چۆن تێیدەگەین.؟ دیارە پێش هەموو شتێک باشترە ئەوە ڕۆشن بکەینەوە کە جارێ تێگەیشتنمان بە گشتی لەسەر خودی کۆمەڵگە چیە؟

زۆرێک لە بیرمەندە بۆرجوازیەکان دەڵێن، کە کۆمەڵگا، کۆ و یەکگرتنەوەی تاکەکانە، واتە ئینسانەکان وەک تاک هاتوون یەکیانگرتوە و کۆمەڵگەیان دروست کردووە، دواتر کاری هاوبەشیان کردوە و ژیانی پێکەوەییان هەڵبژاردووە، کە بۆچونە ئاینیەکان زیاتر تەئکید لەم بۆچونەی تێگەیشتن لە پێکهاتەی کۆمەڵگە دەکەن، واتە کۆمەڵگە وەک ئالەتێکی میکانیکی لە کۆی بەشەکانی پێک هاتووە و جوڵەی پێدەکرێت، بەم شێوەیە ئینسانەکان کۆکراونەتەوە بە تاک و بە خێزان و کۆمەڵگەیان لێ دروست کراوە و لە ئاکامدا وڵات و دەوڵەتیان بۆ بەرێوەبردنی خۆیان پێکهێناوە، گوایە هەر ئەمەشە کە کۆمەڵگەی بە زمان و نەتەوەکانەوە

دروست کردووە و کۆکراونەتەوە، واتە نەتەوە و ئاین و هەر بیروڕایەک دەکەنە پێش مەرجی پێکهێنانی کۆمەڵگە.

ئەگەر لە دیدگای مارکسەوە لە کۆمەڵگە وردبینەوە، دەبینین ئەو بیرۆکەیەی کۆکردنەوەی تاکەکان بۆ پێکهنانی کۆمەڵگە، بیرۆکەیەکی تەواو سادە و ڕوکەشی و ناواقعیە لە پێکهاتنی کۆمەڵگەدا، کە مانایەکت پێدەبەخشێت لەسەر کۆمەڵگە، کە ئەتوانین بە ئارزوی خۆمان هەڵیوەشێنین و دوایی پێکیانەوە گرێ بدەینەوە و دروسستی بکەینەوە بەو شێوەیەی کە خۆمان دەیخوازین، ئەم جۆرە بۆچوونە ڕوکەشیە دەبێتە ئاستێک لە بۆچونی گشتی و سایە دەکات بەسەر خەڵکدا، تێگەیشتنێکی دوورە لە واقعی و پێکهاتەی بنەماکانی کۆمەڵگاوە، کاریگەری لەسەرئاستی هوشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێت و ئەو واقعیەتەی تێیدا دەژین ناچاریان دەکات قەبوڵی کەن، تەنانەت زۆر کەس لە بەرانبەر تاکەکانی کۆمەڵگادا جۆرە زهنگەراییەک دەخەنە ڕوو، بۆنمونە ئەوە ڕادەگەیەنن کە کۆمەڵگا هیچ نییە و تاک گرنگە. یاخود تاک دەکەنە بنەما، کە دەتوانێت کۆمەڵگا بگۆرێت، یان تاک ئەتوانێ تا ئەوپەڕی پاڵەوانێتی و فریادرەسێک دەوری سەرەکی بگێرێت لە ڕزگاری کۆمەڵگەدا، ئەو پاڵەوانە فریادڕەسە بۆ ماوەیەکی زۆر زهن و هۆشی خەڵکانێک سەرقاڵ دەکات و کێشیان دەکات بۆ لای خۆی بۆ ماوەیەک دەبێتە ئومێدبەخشی ڕزگاری و هاتنەدی ئاوات و خواستەکانیان. هەر لێرەوە ئەو تاکانەی پێناسەی پێکهاتنی کۆمەڵگەیان بۆ کراوە دەکاتە پاشکۆی بۆچونەکانی خۆی و لە هەمان کاتدا زەلیلی دەور و فرمانەکانی ئەو پاڵەوانە دەبن. بەو مانەیەی لە لایەک کۆ و یەکگرتنی تاکەکان دەبێتە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەک لە لایەکی ترەوە تاکێک دەبێتە شوان و پاڵەوان و بریاردەری هەموو ژیانی تاکە کۆکراوەکان.

بەڵام لە لێکدانەوەی مارکسیدا تەواو پێچەوانەیە، تاک بە بێ بوونی لە کۆمەڵگا و لە پەیوەندییەکی دیاریکراوی ئابووریدا مانای نییە وە تاک بە تەنها و بە داماڵراوی (مجرد) بۆ خۆی ناتوانێت هیچ بێت، تاک زادەی پێکهاتەی کۆمەڵگایە و نێو پەیوەندی کۆمەڵایەتییدا مانای هەیە و دروست دەبێت و دەبێتە خاوەنی بیروڕا و بۆچونێک. کۆمەڵگە تاک دروست دەکات و دەور و مەوقعیەتی دیاری دەکات، نەک تاک کۆمەڵگە دروست بکات. تاک لە هەمان واقعی ئەو کۆمەڵگەیەی کە مەوقعی بۆ دیاریکردووە ئەتوانێ دەوری لەسەر ئاڵوگۆڕەکان هەبێت. ئەمەش بەو مانەیە ئەتوانین تێ ی بگەین کە کۆمەڵگە پێکهاتەیەکی زیندووە "ئۆرگانیە"، چۆن بوونەوەرێکی زیندو لە خانەیەکەوە گەشە دەکات و بەشەکانی دروست دەبێت و دەژی و دەجولێت، چۆن ناتوانرێت هیچ بوونەوەرێکی زیندوو بە پێکەوە بەستنی بەشەکانی دروست بکرێت، بە هەمان شێوەش کۆمەڵگە وەک بونەوەرێکی زیندوو بە پێکەوە بەستن و کۆکردنەوەی یەکگەرتنی تاکەکان دورست ناکرێت و پێکنایەت، کۆمەڵگە

## دەربارەی شۆڕشی کرێکاری

لە پرۆسەی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان و گەشەی ئەم هێزی بەرهەمهێنانە لەسەر پەیوەندی بەرهەمهێنان مانای هەیە و دەجولێت و گەشە دەکات، هەر بەم مانایە پێش ئەوەی تاک بتوانێت کاریگەری هەبێت، کە ئەتوانێت کاریگەری هەبێت، تاک بۆ خۆی لە ئەسڵدا لە ژێر کارکرد و کاریگەری بنەماکانی پێکهێنانی کۆمەڵگەدایە، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەش پەیوەندییەکی ئابوورییە، پەیوەندی بەرهەمهێنانە، کار دابەش بوون و کێشمەکێشی چینەکانە. هەڵبەت ئەگەر بیهێنینە سەر مێژووی پێکهاتنی کۆمەڵگە، باسێکی ترە و دەتوانین دواتر قسەیان لەسەر بکەین.

***

گەر بمانەوێت بێینەوە سەر باسی ئەسلیمان و جەختمان لەسەر شۆڕشی کرێکاری بێت، پێویستە لە دیارکردنی دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگەدا، چینی کرێکار بناسین، با بگەڕێنەوە سەر گەشەی کۆمەڵگە لە شێوەی پێکهاتەیەکی زیندوودا، یا پەیوەندی بەرهەمهێنان و هێزی بەرهەمهێنان و گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان، کەهەمیشە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە ئاکامی گەشەی هێزی بەرهەمهێنانەوە دەگۆڕێت. واتە مرۆڤەکان پەیوەندیان هەیە بەوەی کە بەرهەمدەهێنن، بۆ نمونە خۆراک، جلو بەرگ یان هەر پێدواسیتییەکانی تری ئینسانەکان. بەڵام کاتێ تەماشا بکەین، ئەو کەرەستانەی پێویستی خەڵکە و بوونەتە کاڵا و لە بازاڕدا بە پارە دەفرۆشرێن، بەبێ پارە دەست ناکەون. کاڵاکانیش نرخەکانین دەگۆڕدرێت، بۆ نمونە یان خۆراک یان قەڵەمێک یا جلوبەرگ نرخەکانیان جیاوازە. کاتێک تۆ دەچیت کاڵایەک بیکڕیت، ئەمیان بۆ نمونە بە ١٠هەزارە ئەویان ٥هەزار و ئەوی تریان بە ٥٠هەزار. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ئەم دیاردەیە چییە و بۆچی وایە..؟

لێرەدا پێویست دەکات کەمێک بگەڕێینەوە بۆ کەپیتاڵی مارکس هەر لەسەرەتاوە بە لێکدانەوەی لە چۆنێتی دروستکردنی کاڵا و بەهاکەی دەست پێ دەکات، بەهای هەر کاڵایەک "بەماوەی کاری کۆمەڵایەتی پێویست لە هەر کاڵایەکدا دیاریدەکات" چۆنیەتی دروستکردنی و دەوری کاری ئینسانەکان لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیدا لە دروست کردن ئەو کاڵایانەدا، کە چۆن کاڵا میکانیزمی کۆکردنەوەی ئینسانەکانە بەدەوری خۆیدا و کۆمەڵگە پێکدەهێنێ و حەرەکەی پێ دەکات لە ناو پەیوەندی بەرهەمهێناندا شی دەکاتەوە، لێرەوەیە کە ئەم کاڵایە وەک شانەیەک وێنا دەکرێت و پەلوپۆی گەشەی کۆمەڵگە بەدەوری خۆیدا دەنوێنێت کە لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا لە چوارچێوەی پەیوەندیەکی بەرهەمهێناندا مانا پەیدا دەکات.

واته با لێرەوە بچینە ناو کۆمەڵگاوە کە بەرهەمهێنان بنەمای جوڵەیەتی، هێزی بەرهەمهێنان هەیە، کاردابەش بوون جێگاوڕێگای خۆی هەیە، کاڵا هەیە، بازاڕ هەیە و خەڵکی کڕین و فرۆشتن بەو کاڵایانە دەکەن، پارە بەکار دەهێنرێت، لە سەرتاسەری جیهاندا، لە کەنەدا و ئەمەریکاوە بۆ ئەوسەری ئاسیا، هەمان واقعیەتی بازاڕ و کرین و فرۆشتن و مامەڵەی کاڵاکان وێنا دەکەین و جیاوازیان نییە چ لە ناوەرۆک چ لە شێوازدا و بەوەی کە لە هەموو جێگایەکی ئەم سەر زەمینەدا بازاڕ سەنتەرە و خەڵکان فرۆشیار و کڕیار و بەکارهێنەرن. بازار فرۆشیار و کڕیارەکان کۆدەکاتەوە، هۆکانی بەرهەمهێنان کاری بەرهەمهێن کۆدەکاتەوە و تەواوی کۆمەڵگە بە هەر کار و کاردابەش بوونێک و بازارەوە دەخاتە ناو چوارچێوەی هەمان پەیوەندی کاری بەرهەمهێنانەوە، کاتێ ئەوە دەستنیشان دەکەین کە لە سەرەتای مێژووی بەشەریەتدا ئەوە خاوەنداریەتی تایبەتیە کە مرۆڤەکان لەیەک جیا دەکاتەوە و چینەکان و کێشمەکێشی چینەکان پێکدەهێنێت، لە گەشەی ئەم پرۆسە و کێشمەکێشەی چینەکاندا خاوەنداریەتی هۆکانی بەرهەمهێنان لە گۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بازاڕێکی بەرین و بێ سنوری تر دەکاتە سەنتەری کڕین و فرۆشتن بۆ کاڵایەک کە لەتەوای دنیادا یەک مانای هەیە، ئەویش هێزی کاری ئینسانە، هێزی کارێک کە گەوەرترین و فراوانترین چینێک پێکدەهێنێت کە لە مێژوی پێکهاتنی چینەکان و کێشمەکێشی چینەکاندا وێنەی نییە، ئەویش چینی کرێکارە کە جگە لە بازو و توانای کارکردنی خاوەنی هیچ شتێکی تر نییە.

بەبێ کار و هێزی کار بەرهەم ناهێنرێت، ئەم بەرهەمە کە دەچێتە بازارەوە بۆ فرۆشتن دەبێت بە کاڵا . واتە ئەگەر کار نەبێت، بەرهەم نابێت، گەر نەچێتە بازارەوە نابێت بەکاڵا ئەگەر بەرهەم بۆ بازار نەبێت پارەش قیمەتی نییە. بەرهەمهێنان بۆ بازار پێویستی بە وەسیلەیەکە بۆ مامەڵە، ئەویش پارەیە، پارەش دەبێتە ئەو هێما پیرۆزەی ملهوری دەکات بەسەر ژیانی مرۆڤەکاندا.

مارکس لە ڕێگەی کاڵا و دەوری کاڵا و بەهای کاڵا کە هێزی کار دروستی دەکات لەهەمان کاتدا ئەوەمان پێ دەناسێنێ کە ماوەی کاری کۆمەڵایەتی پێویست بەهای هەر کاڵایەک دیاری دەکات، بەم شێوەیە زیاتر دەڕواتە ناو باسەکانی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگەوە، لێرەوە دەچێتە سەر ئەو ئەسڵەی کە کۆمەڵگەیەک دروست دەبێت کە خاوەنداریەتی تایبەتی سەرەتای مێژویەکە لە پێکهاتنی کۆمەڵگای چینەکان و چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسان، تا دەگاتە بەو کۆمەڵگەیەی کە خۆی تیایدا دەژی کە کۆمەڵگەی سەرمایەداریە و لەسەر هەمان بنەمای خاوەنداریەتی تایبەتی دامەزراوە. بەڵام بە شێوەیەکی بەرینتر و فراونتر کە لەسەر جۆریکی تر لە گەشەی هێزی بەرهەمهێنان و پەیوەندی بەرهەمهێنان

شکڵی گرتووە، کە پەیوەندی کاری بەکرێ و سەرمایەیە.

***

لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا قازانج لەسەر بنەمای زێدەباییە، کاتێک بەرهەم دەهێنرێت، تێکرای قازانج لە یاری کردن بە فرۆشتنی کاڵاکەوە نییە لە بازاڕدا، سەرچاوەی ئەو قازانجە بەو مانایە بەرجەسەتە دەبێتەوە کە هێزی کاریش دەبێتە کاڵاو سەرمایەداران ماوەی توانای کارکردن لە ئینسانەکان دەکڕن بۆ بەرهەمهێنان، ماوەی ئەو کارە کۆمەڵایەتیەی کە پێویستە بۆ بەرهەم هێنانی هەر کاڵایەک بەهای کاڵاکە دیاری دەکات. واتە لێرەدا سەرمایەدار لە فرۆشتنی ئەو کاڵایەدا لە بری ئەو کاتە کۆمەڵایەتیە پێویستە کە بۆ بەرهەمهێنانی هەر کاڵایەک بەکارهێنراوە پارەیەک وەردەگرێ، بەڵام تەنها بڕێکی دەدا بە کرێکارەکە و باقیەکەی وەک مافی خۆی و قازانج دەخاتە گیرفانیەوە. ئەم زیادەیە کە سەرمایەدار دەیخاتە گیرفانیەوە ڕێک لە بری ئەو چەند سەعاتەیە کە کرێکارەکان کاریان بۆ کردووە و بەڵام پێی نەداون، بەڵکو تەنها ئەوەندەیان دەداتێ کە بتوانن بژێوی خۆی و خێزانەکەیان  دابین بکەن و ئامادەبن بۆ کاری دووبارەی سبەی. ئەو بڕە پارەیەی کە سەرمایەدار وەک قازانج دەیخاتە گیرفانی  زێدەباییە. بەم جۆرە کاری بەکرێ دەبێتە سەرچاوەی قازانج بۆ سەرمایە، سەرمایەداران بەردەوام بۆ هینانی زیاتری قازانج لە هەوڵی کەمکردنەوەی کرێی کارەوەن. بۆیە قازانجی سەرمایەدار لە زیادکردنی سەعات کار و کەمی کرێ و  هەژارترکردنی زیاتری کرێکاراندایە و لە بەرامبەریشیدا، کەمکردنەوەی سەعات کار و زیادکردنی کرێ و دابینکردنی پێداویستیەکان لە سەلامەتی کار و خزمەتگوزاریەکان  و خۆشگوزەرانی کرێکاران دەبێتە قازانجی کەمتر بۆ سەرمایەداران. واتە بە ئاشکرا وەک دوو جەمسەری ناکۆک و دژ بەیەک و دوژمنی یەک لە کۆمەڵگەدا دەردەکەون. ئەوکاڵایانەی  لە شوێنی بەرهەمهێنانەوە دەنێردرێ بۆ بازاڕ بۆ بەردەستی بەکارهێنەر، سەرچاوەی قازانجەکەی ئەو زێدە باییەیە  کە خاوەنکار ڕێژەیەک لە بەهای سەعات کاری کرێکار لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا گل ئەداتەوە.  واتە تێکرای قازانج  لەو شوێنەوە نییە، کە یاری بە کاڵاکان دەکرێت لە بازاردا، بەڵکو لەوەدایە کە کرێی تەواو، حەقی تەواو نادرێت بە کرێکاران.

دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە ئەم کۆمەڵگایانە لەسەر ناکۆکییەکی چینایەتی پێکهاتوون، کە کۆمەڵگەی سەرمایەداری، سەرمایەداران و کرێکارانن،  چۆن باسی ئەوەمان کرد کە کۆمەڵگە تاک دیاری دەکات نەک کۆمەڵگە پێکهاتەی تاکەکانە، هەر بۆیە لە هەمان کاتدا دروست نییە سەرمایەدار وەک تاک و کرێکار وەک تاک سەیربکەین، هەروەها نە

## عوسمانی حاجی مارف

چینی سەرمایەدار کۆی سەرمایەدارەکانە و نە چینی کرێکار کۆی کرێکاراکانە. ئەوەی سەرمایەدار وەک چەند کەسێک تەماشا دەکات خاوەن سەرمایەیە و بە هۆی بەگەڕخستنی سەرمایەکەی قازانج بەدەست دێنێت، جێگاوڕێگا و مەوقعیەتی چینێکی تریش نابینێت کە هێزی کارەکەی دەفرۆشێت و بەرهەم دەهێنێت و بەهایەک دەخاتە سەر کاڵاکان، کە خۆی واتە کرێکاران ڕێژەیەکی زۆرکەمی لەو بەهایە بۆ دەگرێتەوە و باقیەکەی ئەو زێدەبایەیە کە دەبێتە قازانج و کەڵەکەی سەرمایە و داهات، ئەم پرۆسەیە کۆمەڵگەمان وەها بۆ وێنا دەکات کە وەک پێکهاتە و گەشەی بوونەوەرێکی زیندوە .

****

بۆرجوازی چینێکە لە دایک بووە شۆڕشی کردووە و ئاڵوگۆڕی پێکهێناوە. کۆمەڵگای گرتۆتە دەست و ئیدارەی دەکات. بەرهەم و پیشەسازی گەشە پێداوە. لە بازرگانەوە بوون بە خاوەنی هۆکانی بەرهەمهێنان. بە ملیۆنان کرێکاریش لە جیهاندا هێزی کاریان پێ دەفرۆشن.

هەروەها کرێکاریش نابێت دووبارە وەک تاک و کۆی تاکەکان تەماشا بکرێت، چینێکە لە دایک بووە و پێویستە لە شوێنی واقعی خۆیدا پێناسەی بکەین وەک چینێک کە هێزی کار دەفرۆشی و لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا کاڵا و قازانج دروست دەکات. بەم مانایە پێکهێنەری بنەرەتی کۆمەڵگە و جوڵەی کۆمەڵگەیە، کە لە هەمان کاتدا کارەکتەری گۆڕینی کۆمەڵگەیە بەو مەوقعیەتەی کە هەیەتی لە هەڵوەشانەوەی پەیوەندی بەرهەمهێنان و بە لە ناوبردنی خاوەنداریەتی تایبەتی بۆ هۆکانی بەرهەمهێنان بۆ خاوەنداریەتی گشتی و بۆ پەیوەندیەکی جیاوازتر لە پەیوەندیەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری.

کرێکار چینە، بۆیە کاتێک باسی ناکۆکی دەکەین لە نێوان سەرمایەدار و کرێکاردا باسی دوو تاک ناکەین کە یەکێکیان هەژار و ئەوی تریان دەوڵەمەند، بەڵکو باس لە دوو چین دەکەین کە پێکهێنەری کۆمەڵگەی سەرمایەدارین، گرێدانی ئەم دوو چینە دژ بەیەکە مانای داوە بە پێکهاتنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، کە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و پەیوەندی بەرهەم هێناندا دابەش بوون، بە هێزی کار و بە خاوەنداریەتی بۆ هۆکانی بەرهەمهێنان، باسی شەڕ و کێشمەکێشی دوو تاک ناکەین لە بەرامبەر یەکدا، باس لە شەڕ و کێشمەکێشی دوو چین دەکەین کە پێکهێنەری ئەسڵی کۆمەڵگە و پەیوەندی بەرهەمهێنانن. یەکلایی بوونەوەی ئەو شەڕە مانای نەمانی ئەو دوو چینە و هەڵوەشانەوەی سەرمایەداریە و کۆتایی چینەکانە لە مێژووی بەشەریەتدا، کۆمەڵگەیەکی تازە لە دایک دەبێت کە سۆشیالستیە.

واتە لە دوالیکدانەوەدا کۆمەڵگا لەسەر بنەمای دوو چین پێکهاتووە، سەرمایەداران و کرێکاران، نەک کۆکردنەوە و ئەژمارکردنی تاکەکان، تاکەکان زادەی ئەو واقعیەتەن. واتە چینی سەرمایەدار سەرمایەدار دروست دەکات و چینی کرێکار کرێکار دروست دەکات. ئەگەر کرێکار جیاکەیتەوە لە چینەکەی بوونی نامێنێ، کەسێکی بێ دەسەڵات و هیچ نەکردەیە، کرێکار لە ناو چینەکەیدا خوێن و ئۆکسجینی بۆ دەگوێزرێتەوە. بە مانایەکی تر ئەم دوو چینە بۆرجوازی و کرێکارن کە کۆمەڵگایەکیان پێکهێناوە. وە ئەوە کۆمەڵگای سەرمایەدارییە، کە بازاڕ و قازانجی تێدایە و خاوەندارێتی تایبەتی دەپارێزێت و هێزی کاری کردووە بە کاڵا، سەرمایەداری کۆمەڵگەیەکە بە یەکگرتنی ناکۆکی دوو چین لەدایک بووە کە ناتوانێ تاسەر بەو ناکۆکیە بەردەوامی بە ژیانی بدات. واتە ئەم دووچینە لەسەر بنەمای ناکۆکی دروست بوون. پێکهاتەی ئەم دووانە کە کۆمەڵگایان دروست کردووە ناگونجێن پێکەوە و بەردەوام لە کێشمەکێشدان. ئەمە واقعیەتی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییە کە هەمیشە لە پێکداداندایە، نمونەی مێژووی ناڕەزایەتی کرێکاران و شۆڕشەکانیان لە جۆرەها شێوازدا و بەردەوامی و نەوەستانی ناڕەزایەتیەکان هەمیشە کرێکارانی وەک چینێک لە مەیدانی شەڕدا ناساندووە. ناڕەزایەتی کرێکاران بۆ باش بژێوێ ناچاری ژیانە، کە دەبێت داوای کرێی زیاتر و خزمەتگوزاری و کەمکردنەوەی سەعات کارەکانی بکات. بەو ئاستە کە ناڕەزایەتی کرێکاران چۆتە سەر، دەستکەوت بە دەست هاتووە. بۆ نمونە لە مێژوودا یاسای کار گۆڕاوە بەوەی کە ببێتە ١٠سەعات کارکردن، دواتر ٨ و ئیستا باس لە ٣٥ سەعات کار (لە هەفتەیەکدا) دەکرێت. ئەمانە هەمووی دەرئەنجامی ئەو واقعیەتەیە، کە کرێکاران خاوەنی هیچ شتێک نین بێجگە لە هێزی کاری خۆیان، ئەم هێزی کارەیان وەک هەر کاڵایەکی تر لە بازاردا بەهای هەیە و دەفرۆشرێت، شۆرشی کرێکاری هەڵوەشانەوەی بە کاڵابونی هێزی کارە.

مارکس نمونەیەکی جوان دەهێنێتە ناو باسەکانیەوە کە دەڵێت " دەوترێت، گەر خاوەندارێتی هۆکانی بەرهەمهینان وەلابنرییت، جیهان کاول دەبێت. بەڵام هەر ئێستا بە ملیۆنەها مرۆڤ خاوەنی هۆکانی بەرهەم هێنان نین و جیهانیش کاول نەبووە."

سەرچاوەی نایەکسانی نێوان مرۆڤەکان خاوەندارێتی هۆکانی بەرهەمهێنانە، خاوەندارێتی تایبەتی بۆخۆی هۆکاری کاولکاری و بەڵاکانە بەسەر بەشەریتەوە بۆیە هەر خاوەندارێتی هۆکانی بەرهەمهێنان نابێت بمێنێت و دەبێت لە ناو بچێت و هێزی کار وەک کاڵا نەبێت. ئەوانەی خاوەنی هۆکانی بەرهەمهێنانن، کەمینەی کۆمەڵگان. ئەم کەمینەیە وەها قسە دەکەن، کە ئەگەر ئەم خاوەندارێتییە نەمێنێت، ئەوا کۆمەڵگا نە بەرهەمی تێدا دەبێت و نە داهێنان، کۆمەڵگا وێران دەبێت و دەبێتە تەمەڵخانە. ئەمە فشارێکە بۆ پاراستنی

## عوسمانی حاجی مارف

خاوەنداریەتی کە خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ و بەرچاوە خاوەنداریەتی هۆکانی بەرهەمهێنان سەرچاوەی تەواوی ئەو بەلا و موسیبەتانەیە کە لە دنیادا بەرەو ڕووی دەبینەوە. کۆمەڵگەی سەرمایەداری هەر بەرهەم و کالایەک بەر لەوەی بگات بە دەستی بەکاربەر و بۆ پێویستی خۆی بەکاری بهێنێت دەبێت لە بازاردا بەدوایدا بگەرێن و بە پارە بە دەستی بهێنێت، ئامانجی بەرهەمهێنان لەسەرمایەداریدا بۆ بازارە نەک بۆ پێداویستی، بازار حاکمە نەک پێویستی بەکاربەر. شۆرش بۆ ئەوەیە ئەو هاوکێشەیە بگۆردرێت، کە بەرهەم بۆ پێداویستیەکانی ئینسانەکانە نەک بۆ بازار و دەبێت بەدەست هەموو کەس بە یەکسان و بە گوێرەی پێویست بگات.

***

شەڕی نێوان ئەم دوو چینە، ئەو چینەی خاوەنی هۆکانی بەرهەمهێنانن و ئەو چینەی تەنها خاوەنی هێزی کارن، بەو ئاکامە دەگات کە کۆتایی بە پەیوەندی ئەو دوو چینە و خودی ئەو دوو چینە دەهێنرێت، واتە هەڵوەشانەوەی پەیوەندیەک کە کەمایەتیەک بەهۆی خاوەندریەتی هۆکانی بەرهەمهێنانەوە بالادەستە بەسەر ئەو چینەی تەنها خاوەنی هێزی کارە و زۆرینەی کۆمەڵگەیە. خاوەنداریەتی هۆکانی بەرهەمهێنان نەمێنێت و کاری بەکرێش تەواو بێت، ئەو پرۆسەیە ئالوگۆرێک بەدەست دەهێنێت، شێوازێکی پەیوەندی بەرهەمهێنان هەڵدەوەشێنێت و پەیوەندیەکی تر دەخاتە جێگای کە کۆتایی بە نایەکسانی ئینسانەکان دەهێنێت، ئەوەش تەنها بە شۆرشیک دەکرێت کە شۆرشی کرێکاریە. کۆتایی هێنان بە هێزی کار وەک کالا گەورەترین و مەزنترین شۆرشێکە ژیانی تەواوی بەشەریەت دەخاتە سەر سکەیکی تر و تەواوی ڕەورەوەی مێژوو دەگۆرێت، هەر بۆیە لە تەواوی دنیادا تەنها شۆرشێک کە ڕاستی و واقعیەتی خۆی دەسەلمێنێت شۆرشی کرێکاریە.
هەر بۆیە کاتێک گوێ بیستی مەقولەی شۆرش دەبین، پێوستە بە هەستیاری و لە سەر ئەرزی واقعدا مامەڵەی بکەین، کەسانێک یان حزب و لایەنێک بە ڕێگای چەک هەڵگرتن لە شاخ بێت یا لە هەر جێگایەک دەکەونە شەڕ لە بەرامبەر دەسەلاتدا و ئەم کردارە سەربازیەی خۆیان ناو دەنێن شۆرش و بە خۆشیان دەڵێن شۆرشگێر، یا هەر گردبوونەوە و خۆپیشاندانێک لەسەر شەقامەکان لە چوارچێوەی دۆخێکی سیاسی کە تەنها تەعبیرە لە بەشێکی شەڕی نێوان دەستە و تاقمێک لەبەرامبەر دەسەلاتدا ناو دەنێن ڕاپەرین و شۆرش، کە هیچ یەک لەو کردارانە هیچ جۆرە ئالوگۆریەک لە پەیوەندی بەرهەمهێنان نە لە دەستوری کاردایە نە لەو پرۆسەیەدا حسابی بۆ دەکرێت، بەڵکو جگە لە گۆرینی دەسەلات بە قازانجی توێژێکی بۆرجوازی و لایەنێکی سیاسی شتێکی تر نادات بەدەستەوە. چەندین

## دەربارەی شۆڕشی کرێکاری

جۆر هێزی چەکەدار دروست بکرێت، چەندین دەسەڵاتی سیاسی بگۆڕێت. هەر وەک بۆ نمونە ئەو مێژووەی خۆمان تێیدا ژیاوین. هەر کەسە و لە تەمەنی خۆیەوە تەماشا بکات، کە چەندین دەسەڵات گۆڕا بە چەندین شێوازو شێوە، بە خرۆشانی خەڵک، بە کودەتا، بە جەنگ هتد. ئەو لایەنە سیاسیانە، هەرئێنتیمایەکیان بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی چینی بۆرجوازیەوە هەبێت نەک ئاڵوگۆڕیان لە پەیوەندی بەرهەمهێناندا نەکردوە، بەڵکو جدیتر و جێگیرتریان کردووە و کۆمەڵگای سەرمایەداریان لە مەترسی شۆڕشی کرێکاری پاراستوە.
بە مانایەک خاوەنداریەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ماوەی ٢٥٠ ساڵە زیاترە کۆمەڵگای داگرتووە و پەرەی سەندووە. بۆ ئەمەش چەندین یاسا و دەوڵەت و دەستور و سایسەتیان بۆ پێکهێناوە و بەکار هێناوە.
واتە کۆمەڵگایەک کە ئێستا لە تەواوی دنیادا لەسەر بنەمای ناکۆکییەک دامەزراوە درەنگ یا زوو دەبێت هەڵوەشێتەوە، ئەمەش تەنها و تەنها بە شۆڕشی کۆمۆنیستی چینی کرێکار دەکرێت. بەڵام شۆڕشی کرێکاریی داهێنان و فکری مارکس نییە، فکری حزبە کۆمۆنیستەکان نییە، ئایدۆلۆژی نییە تا بگوێزرێتەوە بۆ ئینسانەکان و کاری پێ بکەن و هانی خەڵک بدەن بڕۆن شۆڕش بکەن. وەک بۆ نمونە کەسێک چەک هەڵدەگرێت بۆ بەرگری لە نەتەوەکەی یان نیشتیمانەکەی یا دین و تائیفەکەی، یاخود کەسانێک بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی ئیسلامی دەچن کارێک دەکەن. ئەم بزووتنەوانە لە واقعیەتی ئێستای دنیای سەقامگیری سەرمایەداریدا کە تەواوی دنیای داگرتووە، جۆرەها فکر و تیۆری دادەتاشن کە بەر بە واقعی بوونی شۆڕشی کرێکار بگرن، لە ناوەرۆکدا هەمویان لە پرۆسەی پاراستنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری و بازاڕ و قازانج و کەڵەکەی سەرمایەدان. هەر یەکەیان بە جۆرێک و بە ئایدیا و بۆچونێک و ئاڕاستەیەک لە ژێر کاریگەری نیشتمان پەروەری و نەتەوەپەرستی و پاراستنی خاک و سنور و، بە ناوی چاکسازی و دیموکراتی و لیبرالی و نیولیبرالی، بەناوی دین و تایفە و یان هاوپەیمانی لە نێوان نەتەوەکان و ئاینەکان کە لە دوا لێکدانەوەدا دەوڵەتێک دروست دەکەن بۆ ڕاگرتنی ئەم پەیوەندییەی کە کاری بەکرێ و خاوەنداریەتی تایبەتی لەخۆ گرتووە.

***

لە هەر شوێنێکی دنیادا بێت هێزێکی بە لێشاو ڕۆژانە دەبێت بڕۆن بۆ کار و بەرهەم بهێنن و کاڵا بخنە بازارەوە، لەهەمان کاتدا ڕۆژانە ناڕەزایەتی کرێکارانی کارخانەکانی یان کەرتەکانی تر دەبیستین کە بەهەر شێوازێکی ناڕەزایەتی بێت لەبەرامبەر خاوەن کارەکانیاندا خواستیان هەیە و لەبەرامبەر هەلومەرجی کاردا ناڕەزایەتیان هەیە. ئەم

## عوسمانی حاجی مارف

نارەزایەتیانە پەرچەکردارە لەبەرامبەر واقعیەتی کۆمەڵگەیەکە لەسەر بنەمای ناکۆکی دامەزراوە، واقعیەتێکە بەرجەستەیە و بە چاوی خۆمان دەیبینین، بەڵام دەبێت ناوەڕۆکەکەی تێبگەین. ناوەڕۆکی ئەم نارەزایەتیانە ئەوەیە، کە ئەم پەیوەندی بەرهەمهێنانەی لەسەر بنەمای کاری بە کرێ بەڕێوە دەچێت، نارەزایەتی لێدەکەوێتەوە و جێگای قەبوڵی ئەو کەسانەی ڕەنج دەکێشن نییە و دەبێت ڕۆژێک هەرەس بهێنێت. بەڵام ئەم نارەزایەتیە واقعی و ڕۆژانەیەی چینی کرێکار بۆ باشتربوونی ژیانی سەرئەنجام دەبێ بچێتە سەر ڕەیڵی شۆڕش کردن، شۆڕشێک کە تەواوی کۆمەڵگا دەگۆڕێت.
واقعیەتی شۆڕشی کرێکار، هەرەس پێهێنان و هەڵوەشاندنەوەی ئەم پەیوەندییە بەرهەمهێنانەیە لە تەواوی دنیادا، خاوەندارێتی تایبەتی لە ناو دەبات و لە هەمان کاتدا مامەڵەکردنی هێزی کار وەک کاڵایەک ناهێڵێت. ئەمە واقعەتی ناوەڕۆکی شۆڕشی کرێکاریە. ئەوەی لە کوێوە دەست پێ دەکات و چۆن پراکتیزە دەکرێت و هێز لە کوێوە کۆدەکاتەوە یان لە چ شوێن و وڵاتێکدا دەبێت باسێکی ترە.
پێکهێنانی هەر حزبێکی کۆمۆنیستی دەبێت لەسەر ئەو بنەمایە بێت کە واقعیەتی شۆڕشی کرێکاری دەناسێتەوە و وەک بەشێک و یەکەیەک لە ناو چینی کرێکاردا و ئەرکەکانی ئەو شۆڕشە بەجێ دەگەیەنێت. کۆمۆنیستەکان عاشقی شۆڕشی کرێکاری نین، یان هەڵبژاردەیەکی ئایدۆلۆژی نییە بۆیان تا لە نێوان شۆڕشەکاندا شۆڕشی کرێکاریان پێ باشترە. خۆ دۆزینەوە لە ناو شۆڕشی کرێکاریدا هەڵبژارەدەیەکی واقعی و بەرجەستەیە کە ئەو شۆڕشە پێداوسیتیەکی کۆمەڵایەتی و مێژووییە، دروستکراو و ئایدۆلۆژیا نییە. حزبی کۆمۆنیست دەبێت ئامرازی دەستی چینی کرێکار بێت بۆ شۆڕشی کرێکاری و شۆڕشی سۆسیالسیتی، وەک چۆن کۆمەڵگە لە فیۆدالییەوە بوو بە سەرمایەداری، ئەو ئاڵوگۆڕانەش لەکاتی خۆیدا بە هەمان مانای گۆڕینی پەیوەندی بەرهەمهێنانە، کە بە گەشەی هێزی بەرهەمهێنان و شۆڕشی بۆرجوازی بەسەرکەوتن گەیشتووە. ئێستاش شۆڕشی کرێکاری وەک شۆڕشێکی جیهانی و بەسەرکەوتن گەیشتنی لەو شوێنەوە مانا پەیدا دەکات کە تەواوی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری لێک بترازێنێ و دنیایەکی باشتر بۆ تەواوی بەشەریەت بەدەست بهێنێت.

***

مەسەلەیەک پێویستە ئاماژەی پێ بکەین ئەوە دەبیستین کە دەڵێن هەلومەرجی سیاسی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا لە گەڵ فکری مارکسی یا کۆمۆنیستی نایەتەوە و ناگونجێ. هەڵبەتە پێم وایە کە ئەم جۆرە بۆچونە تەنها هەر لە کوردستاندا نەبێت، بەڵکو لە

## دەربارەی شۆڕشی کرێکاری

چەندین شوێنی دنیا بۆ ئەوەی بەر بە شۆڕشی کرێکاری بگرن ڕەواج بەم جۆرە بۆ چونە ئەدەن، یان دەڵێن شۆڕشی سۆشیالستی خەیاڵیە. قەبوڵ کردنی ئەم بۆچونە لەو شوێنەوە مانا پەیدا دەکات کە مارکسیزم و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وەک ئایدۆلۆژیایەکی دابڕاو لە واقعیەتی حەرەکەی کۆمەڵگەوە وەربگیرێت، کاتێک مارکسیزم تەنها وەک لۆژیکی فکر و ئایدۆلۆژی مامەڵە بکرێت نەک وەک زانستێک کە یاسای حەرەکەی کۆمەڵگەی دۆزیوەتەوە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا دەکرێت بە خەیاڵی و ناواقعی پێناسە بکرێت. ئەوەی گرنگە لەم باسەدا تەئکیدی لێبکەین، مارکس داهێنەری شۆڕشی کرێکاری و سۆشیالیزم نییە، بەڵکو وەک یاسای حەرەکەیەک کە گەشەی پەیوندی هێزی بەرهەمهێنان و پەیوەندی بەرهەمهێنان کە ئاڵوگۆری کۆمەڵگە دەکاتە دیفاکتۆ دۆزیوەتەوە و شیکردۆتەوە.

مارکس لەخواست و ئارەزوی خۆیەوە داوای لە کرێکاران نەکردووە شۆڕش بکەن، بەڵکو ئەو واقعیەتە ئەسلمێنێت کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای کاری بەکرێ دامەزرابێت، لە دنیای واقعدا و لە خودی پێکهاتەی ناکۆکیەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، ئەوە کاری بەکرێ ناتوانی بەردەوام بێت و لەدوا زنجیرە خەباتی کرێکاراندا لەبەین دەچێت لە ڕێگەی شۆڕشی کرێکاریەوە کۆتایی دێت. واتە مارکس شۆڕشی کرێکاری وەک واقعیەتێک و پێداویستیەکی مێژوویی دەسەلمێنێت، "مێژووی هەرچی کۆمەڵی پێش سەرمایەداریە بە هەمان شێوە بریتیە لە مێژووی کێشە چینایەتیەکان، چەوساوە و چەوسێنەر، زۆردارو زۆرلێکراوو هەمیشە دژ بەیەکتر لە ناکۆکی و شەڕدا بوون، شەڕێک کە کێشراوەتە ئاڵوگۆری شۆڕشگێرانەی سەرتاپای کۆمەڵگە، یان کێشراوەتە لەبەین چونی هەردوو چینی دژ بەیەک.

هەروەک لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا پێداگری لەسەر ئەکات: "کۆمەڵگەی ئێستای سەرمایەداری کە لەجەرگەی لەناوچونی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتیەوە سەری دەرهێناوە، شەڕو ناکۆکی چینایەتی نەک لەناو نەبردووە بەڵکو نایەکسانی و قڵشتی چینایەتی زۆر سادە و ڕۆشنتر و فراونتر کردۆتەوە کە سەرتاپای گۆی زەوی بە یەک ئاڕاستەی پەیوەندی بەرهەمهێنانی کار و سەرمایە داگرتووە، کۆمەڵگە بە دوو بەرەی گەورەی دژ بەیەک دابەش بووە و ڕاستەوخۆ بەرامبەر بەیەک وەستاون کە بۆرجوازی و پرۆلیتاریایە، وەستانەوەی ئەم دوو چینە لەبەرامبەر یەکدا گەورەترین شەڕی کۆتایی هێنانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە ناو جەرگەی خودی پەیوەندیەکانی خۆیدا فەراهەم هێناوە، ئەم شەڕە شۆڕشێکە جیاواز لە تەواوی شۆڕشەکانی تری شەڕی چینە چەوساوەکانە لە مێژوودا، لە واقعیەتی پێکهاتەی پەیوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا و هەڵوەشانەوەی ئەو پەیوەندیە شۆڕشێکە بە دەسەڵاتی چینی کرێکار فرسەتی خاوەندارێتی تایبەتی بۆ هۆکانی بەرهەمهێنان لە بەین دەبات، چەوساوە و چەوسێنەر ناهێڵێت".

گەر بۆ نمونە گریمان مارکس تیۆریزەی ئەو شۆڕشەی داڕشتبێت و ئەوە بە کرێکاران ڕابگەیەنێت "کرێکاران و زەحکمەتکیشان بڕۆن شۆڕش بکەن، ئەو شۆڕشە بۆ ئێوە باشە." لەسەر ئەم بنەمایە بەرنامەی بۆ داڕێژێت، ئەوکات وەک بۆچون و ئایدیایەک قابیلی بیرکردنەوە و بریارێکی جدی و قەبولکردن یا نەکردنە. بەڵام مارکس  واقعیەتەکەی نیشان داوە و لە یاساکانی  جوڵەی کۆمەڵ ئەو ئەنجامگیریەی داوە بەدەستەوە. مارکس هەبێت یان نا، ئەم ناکۆکییە هەر هەیە. مارکس مانیفێست و کەپیتاڵی بنووسیایە یان نەینووسیایە، ئەم واقعیەتە هەیە. بنەمای دەور و هەڵسوڕانی کاری سیاسی کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەم واقعیەتەیە، کە دەمانەوێت کاری لەسەر بکەین. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەیەوێت ڕابەرایەتی ئەم شۆڕشە بکات، ئەم شۆڕشە واقعیەتی هەموو شوێنێکی دنیایە بە کوردستانیشەوە، کە کوردستان وەک بەشێک لە بازاڕی جیهان، هێزی کار و خاوەنداریەتی تایبەتی و کاری بەکرێ واقعیەتی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستانە، بۆیە باسەکە لەسەر گواستنەوەی ئایدۆلۆژیایەک نییە لە شوێنێکی ترەوە بۆ کوردستان یا بۆ هەر شوێنێکی تر، باس لەسەر دنیای سەرمایەداری هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەداریە وەک سیستمێکی جیهانی. جارێکی تر جەخت لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە "ئایا شۆڕشی کرێکاریی پێداویستییەکی مێژووییە؟" ئایا 'بە سەرکەوتن دەگات" بەڵێ، بەو مانایەی پێکهاتەی کۆمەڵگای سەرمایەداری لە دوو چینی دژ بەیەک پێک هاتووە، ئاکامی یاسای حەرەکەتی کۆمەڵگە هەڵوەشاندنەوەی ئەم کۆمەڵگەیەی لەناو پێکهاتەی خۆیدا سەلماندووە. شۆڕشی کرێکاری بە پراتیکی چینی کرێکار و سەرکەوتنی ئەو چینەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریە، ئامادەییەکان بۆ سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە، یەکگرتوویی  چینی کرێکار و گەشەی ناڕەزایەتیەکان و بەهێز بوونی ئاستی کاری ڕێکخراوەیی و بەرزبونەوەی ئاستی ئاسۆی سۆشیالستی و بە ڕابەرایەتی  حزبێکی مارکسیستی شۆڕشگێر و گرتنی دەسەڵاتی سیاسیە، کە ئەمانەش دەکرێ باسێکی تایبەتیتر بن.



خەسرەو سایە

# دیکتاتۆری و دیموکراسی و حکومەتی کرێکاری

**تێبینی : ئەم نووسراوەیە لە بەرئەنجامی قسەوباسی نێو کۆڕێکدا ئامادەکراوە و خراوەتە سەر شێوازی نوسین، بەجۆرێک کەگونجاوبێت بۆ بڵاوکردنەوە لەگۆڤاری دیدگای سۆشیالیستیدا.**

سەرەتا ئەوە بڵێم کەلەو کاتەوەی کۆمۆنیزم وەک جوڵانەوەیەک پێی گرتووە و مانیفێستی خۆی ڕاگەیاندووە، مشتومرێکی فراوانیش لەسەر چەمکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا وحکومەتی کرێکاری پەیدابووە وهەنگاو بەهەنگاو ئەم مشتومرە چۆتە پێشەوە. بەڵام ئەوەی مەبەستی منە لێرەدا ئەوەیە کە لەڕێگای وەڵامدانەوە بەچەند پرسیارێکەوە، ئەو نارۆشنی و تەمومژەی کە لەسەر چەمکی دیکتاتۆریەت بەگشتی ودیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەتایبەتی، دروست کراوە هەڵگرم ولێرەشەوە روونکردنەوەی زیاتر لەسەر ناوەرۆکی حکومەتی کریکاری و ئەرکە سیاسی و ئابوریەکانی ئەم دەسەڵاتە بدەم، کە بێگومان ئەمە خۆی یەکێکە لەچەمکە بنەڕەتیەکانی بەرنامەی دونیایەکی باشتر، بەرنامەی حزبی

کۆمۆنیستی کریکاریی. کەوایە سەرەتا بابزانین تەمومژەکە لەکوێدایە؟
لەدونیای ئەمڕۆدا کاتێک باسی فۆرمی حکومەت و دەوڵەت دێتە ئاراوە، ئێمە ڕاستەوخۆ لەگەڵ دابەشکاریەکی دوو جەمسەری، لەنیوان "دیکاتۆریەت و دیموکراسی" ڕووبەڕوودەبینەوە و ئۆتۆماتیکیش ئەو حوکمە یەخەمان پێدەگرێ کە دیکتاتۆریەت شێوازێکی سلبیە لەحوکمڕانی و دیموکراسیش بەدیلە ئیجابیەکەیەتی. لێرەشەوە ئەو وێنایە خۆی دادەسەپێنێ کە دیموکراسی وەک سیستەمێکی ئازاد و بەدەر لەهەرجۆرە سەرکوتگەری و زەبروزەنگێک و وەک سیستەمێکی خۆشگوزەران و عەقلانی و گونجاو لەگەڵ سروشتی بەشەریەتدا دەخرێتە پێشچاو و لەولاشەوە دیکتاتۆریەتیش دەکرێتە شەیتانێک کە سەرچاوەی هەموو جۆرە ستەمو سەرکوتگەری وزەبروزەنگێکە. بەم جۆرەش دەبینین ناوەڕۆکی چینایەتی و کارکردە سیاسیەکانی هەردوو لای ئەم حوکمە، واتە هەم چەمکی دیکتاتۆریەت و هەم چەمکی دیموکراسی، لە ناڕۆشنی و تێکەڵاوکردنێکدا جێدەهێڵرێت. بەڵام کاتێک ئەم تێکەڵاوکردنە لەپەیوەند بە باسی کۆمۆنیزم و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە، دەهێنرێتە ئاراوە، ئەوا ئێمە لەگەڵ بەشێک لەو کەمپینە ئایدیۆلۆژیە فراوان و بەردەوامە بەرەوڕوودەکاتەوە کە لەلایەن جووڵانەوە فکری و سیاسیەکانی بۆرژوازیەوە، بەرامبەر بە کۆمۆنیزم هەر لە سەرەتای پێگرتن و هاتنەمەیدانیەوە وەک جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی و جیهانی، بەدەستەوەگیراوە. کەمپینێک کە ئامانج لێی لکەدارکردنی کۆمۆنیزم و خنکاندنی باوەڕەکانیەتی لە فەزایەکی زهنی وفکری لێڵ وناڕۆشنیدا. لەکاتێکدا ئەم دوو جەمسەر دروستکردنەی نێوان "دیموکراسیەت و دیکتاتۆریەت" واقعی نییە و ئەم هەڵبژاردنەش هەڵخەڵەتێنەرانەیە. وە ئەگەر باسەکەش لە ڕوانگەی ماهیەتی چینایەتی دەوڵەت و سیستەمە حکومەتیەکان لەسەردەمی ئێستادا سەرنج بدەین، ئەوا تەنها دابەشکاری و دوو جەمسەریەک واقعیەتی هەیە کە لە نێوان "دیکتاتۆریەتی چینی بۆرژوازی و دیکتاتۆریەتی چینی کرێکار"دایە. کەوایە بالەسەر خۆدی ناوەڕۆکی چینایەتی دەوڵەت خۆی ڕاوەستین:

## ناوەڕۆکی دەوڵەت چییە و لە کوێدایە؟

بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە بۆرژوازیە باوانەوە کە دەوڵەت وەک دیاردەیەکی سەروچینایەتی و سەروکۆمەڵگا پێناسە دەکا و وەک دەزگا و نیهادێک بۆ "پێکهێنانی هاوسەنگی نێوان بەشەکانی کۆمەڵگا" و نوێنەرایەتی گشتی" دەیناسێنێ، دەوڵەت ناوەڕۆکی چینایەتی هەیە و وەک "پارێزەری قازانج و بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراو کە لەباری ئابوریەوە زاڵە" بە وجودهاتووە. تەنانەت مێژووی سەرهەڵدانی دەوڵەت لە بنەڕەتەوە لەگەڵ

## دیکتاتۆری و دیموکراسی و حکومەتی کرێکاری

سەرهەڵدانی چەوسانەوە و دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵ و خەباتی چینەکاندا هاوکات بووە. بەواتایەکی تر دەوڵەت، خاڵی مەرکەزی لەسەرخانی سیاسی هەر کۆمەڵگایەکدا داگیردەکات، کە هەم ڕەنگدانەوەی پەیوەندیە ئابوریەکانە و هەم بۆ پاراستنی نیزامێکی ئابوری کە لەلایەن چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگاوە بەڕێوەدەبرێ، پێویستی پەیدادەکات.
لەسەرێکی ترەوە دەوڵەت، ڕیکخراوبوونی چینێکی دیاریکراوە لە بالاترین شێوەی دەسەلاتداریێتیدا، واتە ئۆتۆریتە و هەژمونی چینێکە بەسەر چینێکی تردا لەبالاترین ئاستدا. ئەمەش بەدەر نییە لە دیکتاتۆریەتی چینێک بەسەر چینێکی تردا. ئەگەرچی ئەم دیکتاتوریەتە و ئەم دەوڵەتە خۆی لە فۆرمی جوراوجۆری حکومەت و فەرمانڕاوەییدا بنوێنێ. لەمەش زیاتر دەوڵەت کاتێک دیکتاتۆریەتی چینێکی دیاریکراو لەخۆیدا بەرجەستە دەکاتەوە کە وەک ڕێکخەر و وەگەڕخەری هەلومەرج و ئامرازەکانی زەبروزەنگ لەلایەن چینێکەوە بەرامبەر بە چینێکی تر لەمەودایەکی فراواندا، دەخاتە کارەوە تا بتوانێ خۆی کۆمەلایەتی بکاتەوە و بالادەستی خۆی بەسەر هەموو کۆمەڵگادا بچەسپێنێ.
بەدوای ئەم ڕوونکردنەوە کورتەدا لەسەر ناوەڕۆکی دەوڵەت با ئاورێک لە دیموکراسی خۆی وەک فۆرمێکی دەسەلاتداریێتی بدەیەنەوە.

## دیموکراسی، فۆرمێکی حکومەتی بۆ دیکتاتۆریەتی چینی بۆرژوازی:

لەباری مێژوویەوە سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت هەرگیز لەبەرامبەر دیموکراسیەتدا نییە، چونکە دیموکراسی خۆی فۆرمی دەرکەوتنی دیکتاتوریەتی چینی بۆرژوازیە لەبەرامبەر چینی کرێکاردا. دیموکراسی لە بنەڕەتەوە و لە مێژوودا لەبەرامبەر دەسەلاتی موتڵەق و دیسپۆتیزمدا، وەیا لەبەرامبەر حکومەتی شا و شمشێر و ئۆتۆکراسی دینی و دەسەلاتی کلیسادا، سەری هەڵداوە و مەترەح بووە، کە شێوازگەلێکی ڕێکخراوبوونی دەوڵەتی چینی دەرەبەگ و فیودالەکان بووە. پێداویستی فۆرمی دیموکراسی بۆ چینی بۆرژوازی لەوێوە دەستپێدەکات کە دەسەلاتی موتڵەق و دیسپۆتیزم و پەیوەندیە سیاسی و قانونیەکان بەربەستێکن لەسەر ڕێگای پەرەسەندن و فراوانبونەوەی هەلومەرجی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. بۆ ئەمەش چینی بۆرژوازی پێویستی بە ڕەهاکردنی پەیوەندیەکان و ئازادی تاک و کرانەوەی کۆمەڵگایە، ئەم واقعیەتەش بەپێویست جۆرێکی تر لە دەوڵەت دەخوازێ کە سەرخانێکی گونجاو بێت لەگەڵ ئابوری سەرمایەداریدا. دەوڵەتی مودێرنی بۆرژوازی واتە دیموکراسی لە بنەڕەتەوە لەم هەلەمورجەوە سەری هەڵداوە. بەلام خودی ئەم دەوڵەتە مۆدێرنە، شتێکی تر نییە جگە لە دیکتاتۆریەتی چینی بۆرژوازی بۆ زاڵکردن و ڕاگرتنی

## خەسرەو سایە

پەیوەندیەکانی سەرمایەداری، ئەویش لەڕێگای ڕێکخستن و بەکاربردنی کۆمەڵە ئامرازێکەوە کە لە ئاستێکی فراواندا خەسڵەتی زەبروزەنگیان هەیە، بەرامبەر بە چینی کرێکار. بەم جۆرەش دیکتاتۆریەت لە فۆرمێکی حکومەتیدا ئەگەر واتای ئەوپەڕی دیمکراسی پێ بەخشرابێت ناتوانێت لە دەرەوەی زەبروزەنگ بێت و پشت بە زەبروزەنگ و ڕێکخراوە قەهریەکانی دەوڵەت نەبەستێت. واتە پشت بە پۆلیس و سوپا و دادگا و زیندان و دام و دەزگای جاسوسی و نیهادی ئەمنیەتی نەبەستێت، پشت بە دین وئایدیۆلۆژیای ڕەسمی ودامودەزگای زەبەلاحی میدیایی و چاودێری تەکنۆلۆژی نەبەستێت. هەموو ئەم پێکهاتوانەش لەسایەی حکومەت و سیستەمە دیموکراسیەکاندا، بەڕادەیەک موقەدەس کراون کە ئەگەر هەر فەردێک لێی لابدات ئەوا بە پاساوی "تێکدانی ئەمنیەتی نەتەوەیی"ەوە دەکەوێتە بەرامبەر یاساوە و دووبارە ڕووبەڕووی سەرکوتی زەبروزەنگانە دەبێتەوە، واتە دەخرێتە زیندانەوە وەیا ناچار بەهەڵهاتن و خۆشاردنەوە دەکرێ. بەم جۆرەش دەسەڵاتە دیموکراسیەکان وەک سیستەمێکی حوکمڕانی تۆڕێکی ئاڵۆز لە ئۆتۆریتە و هەژمونی لەخۆیدا ڕێکخراوکردسوە کە تواناکانی چینی بۆرژوازی بەرامبەر بە کرێکاران بەتایبەتی و هاوڵاتیانی کۆمەڵگادا، بەگشتی لە تەفاسیلی خۆیدا دەخاتەگەڕ.

## دیموکراسی، ئۆتۆریتە و هەژمونی:

کۆمەڵگای سەرمایەداری لەژێر سایەی دیکتاتۆریەتی چینی بۆرژوازیدا، کە بە دیموکراسی ناوزەد دەکرێ خۆی لە نزمترین ئاستی کۆمەڵایەتیەوە تا بالاترین ئاست، لەڕێگای وەگەرخستنی زنجیرەیەک لە ئۆتۆریتە و هەژمونیەوە بەڕێوەدەچێت، کە هەندێک لەئەڵقەکانی ئەم زنجیرە هەستیان پێدەکرێ و دەرکەوتەی بەرچاویان هەیە و هەندێکی تریشیان شاراوەن، وەک ئەوەی خەڵکی لەگەڵی ڕاهاتوون و بە شتێکی سروشتی وەریان گرتووە. بۆ نمونە دەسەڵاتەکانی پاشا و سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران، پەرلەمانتاران، بەرپرسانی دادگا، سەرۆکی سوپا و دەزگا ئەمنی و پۆلیسیەکان، تا بەڕێوەبەرانی ئیدارە و پرۆژە ئابوری و سیاسیەکان، تا دیبلۆماتکارەکان. ئەمانەهەمویان ئۆتۆریتە و تۆڕێک لە هەژمونگەری دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی ئاشکرادەکەن، کە لەپشت بڕیاری هاوڵاتیانەوە سیستەم بەڕێوەدەبەن وئیجرای قانون و پەیوەندیەکی ئابوری زاڵ دەکەن. ئەم ئۆتۆریتانە ڕەنگە لەزۆر کاتدا و لەسایەی حکومەتە دیموکراسیەکاندا، بەڕای خەڵک هەڵبژێردرابن، بەڵام چونکە بەرژەوەندی کەمایەتیەکی کەمی کۆمەڵگا لە ئابوری و سیاسەتدا نوێنەرایەتی دەکەن هەمیشە بە پێچەوانەی بڕیار و بەرژەوەندی ئەو خەڵکانەوە کە دەنگیان پێداوە کاردەکەن. بڕیارەکانی ئەم ئۆتۆریتانەی دەوڵەت لەسەردەمانی قەیرانی ئابوریدا بۆلێگرتنەوە

لە موچە و خزمەتگوزاریەکان، بڕیاردان لەسەر شەڕی نێوان وڵاتان، بڕیاردان لەسەر پەیوەندیە سەربازیو بازرگانیەکان... هەموو ئەمانە نیشان دەدەن  کە ئەم ئۆتۆریتە ئاشکرایانە، دەنگدانی خەڵک بۆ شەرعیەت پێدانی سیستەمێک و بەڕێوەبردنی قانون و نەزمێکە کە لەدژی زۆرینەی هاوڵاتیانە. بەڵام ئەگەر لە کارکردەکانی ئەم ئۆتۆریتە بەرچاوانە خواروتر بڕۆین ئەوا جۆرێکی تر لە ئۆتۆریتە و هەژمونی هەست پێدەکەین کە تەقریبەن وەک دیارەیەکی شاراوە خۆی دەردەخا و بگرە وەک دیاردە و پێکهاتویەکی سروشتی خۆی دەنوێنێ بۆنمونە:

لەخێزاندا ئۆتۆریتەی باوک خۆبەخۆ هەموو ئاستێکی هەژمونی ئەوە بەسەر هەمواندا، کە مافی دەستبردنی بۆ زەبروزەنگ هەیە، لەویش خوارتر کوڕی گەورە، لەلایەک ئۆتۆریتەی گەورە ساڵە بۆ هەژموونی بەسەر بچوکەکاندا و لەلایەکی تریشەوە ئۆتۆریتەی ڕەگەزی نێرە لە ڕاستای هەژمونی بەسەر ڕەگەزی  مێدا. هەمان دۆخ لە قوتابخانە و زانکۆدا، بەڕێوەبەر، مامۆستا، کارمەند وفەڕاش.. زنجیرەیەک لە ئۆتۆریتە و هەژمونی دەسەڵات لەسەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕدەکاتەوە تا پرۆسەی خویندن لەبەرامبەر قوتابی و خوێندکاردا زامن بکرێ. پرۆسەیەک کە بە کۆمەڵێک زەبت و رەبت و یاسا و سونەتەوە پێچراوە و بە ئیجباری هەموان دەبێ ڕەعایەتی لێبکەن. لە کارگە و بەڕێوەبەرایەتیەکاندا، خاوەنکار لەسەرو بەڕێوەبەری کارگەوە دواتریش بەرپرسیارانی بەش و ئەندازیار و سەرکار و چاودێر، تا حەرەس و دەرگاوان و.. هەموو ئەمانە کە لەگەڵ کاردابەشکردنی ناوکارگەدا هاوتایە، زنجیرە ئۆتۆریتەیەک لەبەرامبەر کارگەردا دێنێتەئاراوە کە سەرەنجام هەژمونی سەرمایە بەسەر کارەوە ڕادەگرێ. ئەم واقعیەتە بۆ  بەڕێوەبەرایتەیەکان، دادگا و تەنانەت تا زیندانەکان هەڵدەکشێ و لێرەشەوە تا باڵاترین ئاست کە دەوڵەتە ئەم ئەڵقانەی ئۆتۆریتە و هەژمونی بەکار دەهێنرێ و لە پرۆسەیەکی ئاڵۆزدا پێکەوە گرێ دەخۆن. هەربەمجۆرەش ئەوەی لە حکومەتی دیموکراسیدا ئۆتۆریتەی هەیە هەر ئەویش هەژمونی هەیە، وە بەپێچەوانەشەوە. بێگومان ئەم ئۆتۆریتە و هەژمونیە پێکەوە گرێدراوانەش وەک دیاردەیەکی چینایەتی، کاتیکیش بەرەو ئاستی دەوڵەت هەڵدەکشێن و لە پێکهاتی دەولەتەدا خۆیان ڕیکخراو کردبێت، سائیتر ئەو دەوڵەتە لە فۆرمی دیمکراسیشدا خۆی بەرجەستەکردبێتەوە، ئەوا ئیتر ناتوانێ دیکتاتۆریەتی چینێک لە کۆمەڵگادا بەرامبەر بەچینێکی تر بەڕێوە نەبات و نوێنەرایەتی نەکات. چونکە دیموکراسی وەک ئەلگۆیەکی حوکمڕانی کە نەک هەر زنجیرەی مەرتەبە و دەسەڵاتەکان و ئیمتیازاتەکانی هێشتوتەوە، بگرە هەموو ئەم پێکهاتووانە وەک ئۆتۆرێتەیەک هەژمونگەرایی خۆیان بەسەر ژیانی کۆمەڵگادا وەک دەرکەوتەیەکی سەروخەڵکی پاراستووە. بەم حاڵەوە دیموکراسی بە

## خەسرەو سایە

پێویست ناتوانێ لەگەڵ ناوەڕۆکی حوکمەتە سەرکوتگەریە بێپەردەکان (دیکتاتۆریەت بەمەفهومە باوەکەی) جیابکاتەوە وهەردولایان دوو دەرکەوتەی جیاوازی دیکتاتۆریەتی چینی بۆرژوازین لەبەرامبەر چینی کرێکاردا. بەپێچەوانەوە دیکتاتوریەتی پرۆلیتاریا و حکومەتی کارگەری، لە بنەڕەتەوە هەموئەم تۆڕ و پێکهاتوە ئاشکراو شاراوانەی ئۆتۆریتە و هەژمونی دەسەڵاتداریتی بۆرژوازی هەڵدەوەشێنێتەوە و لەجێگایدا ئەلگۆیەکی تر دادەمەزرێنێ کە راستەوخۆ پشت بە دەخالەتی هاولاتیان لە کۆمەڵگای کارکردواندا دەبەستێ. یانی لەبری ئۆتۆریتەی فەردی دەسەڵاتداریتی بۆرژوازی ئۆتۆریتەی جەمعی وشورایی ڕاستەوخۆی جەماوەر وهەژمونی بەسەر دەسەڵاتی فەردی بۆرژوازیدا دادەسەپێنێت. شۆڕشەکان بەگشتی وشۆڕشی سۆشیالیستی بەتایبەتی، لەسەردەمانی سەرهەڵدانیاندا بەپلەی یەکەم هەموو ئۆتۆریتە باڵاکانی وەک سەرۆک کۆمار وسەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی وەزیران و پلەداراکانی حکومەت، تا سەرۆکی سوپاو دەزگای ئەمنی وچاودێری، تا بەرپرسانی زیندان وڕیکخراوە پۆلیسیەکان، تا بەرپرسانی بازرگانی و دیبلۆماسی، لەیەک وتەدا هەمو ئەو پلە درشت و وردانەی جومگەکانی دەسەلاتی دەوڵەتی بۆرژوازیان لەدەستدایە وئۆتۆریتەو هەژمونگەرایی دیکتاتۆریەتی ئەم چینە بەڕیوەدەبەن، دەکەنە ئامانجی خۆیان و داوای وەلانان وهەڵوەشاندنەوەیان دەبێتە خواستی سەرەکی شۆڕش . دیکتاتوریەتی پرۆلیتاریا وەک ئەوەی کە بەرئەنجامێکە لە شۆڕشی چینی کرێکار ناتوانێ وەک دەسەڵاتی چینێک خۆی ڕابگرێ مەگەر ئەوەی هەموو ئەم ئۆتۆریتە و سیستەمە هەژمونگەراییەی سەرمایەداری کە بەسەر ئینسانەکانەوە خۆی زاڵکردووە هەڵوەشێنێتەوە و لە جێگەیدا سیستەمێک دامەزرێنێ کە دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک فاکتۆری سەرەکیە بۆ بڕیاردان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. هەروەها دەست دەبات بۆ هەڵوەشانەوەی ڕیشە و بنەما ئابوریەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری.

## دیکتاتۆریەت و فۆرمی حکومەتی:

لە سەرێکی ترەوە دیکتاتۆریەت ئەگەر بۆرژوازی بێت وەیان پرۆلیتاری بێت، دەتوانێ لە فۆرمی جۆراوجۆری حکومەتیدا خۆیان بنوێنن بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکی چینایەتیان لەدەستبدەن. بۆنمونە دیکتاتۆریەتی بۆرژوازی ئەتوانێ لە فۆرمی دیموکراسی پەرلەمانیدا خۆی بەیان بکا و دەشتوانی لە شکڵی حکومەتی تۆتالیتار و یەکحزبیدا، وەیان لە فۆرمی پلورالیزمی سیاسی و فرەحزبیدا خۆی دەرخات، دیسانەوە بەبێ ئەوەی لە ناوەڕۆکی چینی بۆرژوازیدا خۆی دابڕێنێ و بەدەربێت لەوەی کە پارێزەری ئابوری سەرمایەداری و سیستەمی کاری بەکرێ و مولکیەتی تایبەتی بێت. تەنانەت دیکتاتۆریەتی بۆرژوازی دەتوانێ

بە فۆرمی حکومەتی ئازادی تاکو مافی مرۆڤ و سکولاریزمیشەوە خۆی بناسێنێ و دەشکرێ سەرکوتی بێپەردە و دژی هەرجۆرە ئازادیەکی تاک بێت و بەجۆرێکیش خۆی لەگەڵ ئاینەکاندا تێکەڵاو بکات.
با بۆ نمونە سەرنجێک لەکوردستان بدەین: لە کوردستان خەڵکی حکومەتی یەکحزبی و دووحزبی و حکومەتی بنکەفراوانیان تاقیکردۆتەوە، هەروەها حکومەت هەبووە بەبێ پەرلەمان و بە پەرلەمانیشەوە، بەڵام هەموو ئەم فۆرمانە لە دەسەڵات و حکومەت، لە ناوەڕۆکدا دیکتاتۆریەتی چینی بۆرژوازی کورد بوون بۆ پاراستنی هەلومەرجێکی دیاریکراوی سیاسی، قانونی، ئایدیۆلۆژی و دینی و ئابوری کە لە کوردستاندا زاڵکراوە، کە لە بنەڕەتەوە لەسەر نابەرابەری ئابوری و سیستەمی سەرمایداری شکڵیان پێدراوە و زەرەرەتی هەمووشیان لە سەرکوتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگاوە سەرچاوەیان گرتووە. بەڕادەیەک ئەگەر هەر کەسێک لەم هەلومەرجە ناڕازی بێت و مەترسی بۆ سەر دەسەڵات و ئەو سیستمە ئابوری و قانونیە دروست بکات کە باوە، بێشک دەکەوێتە بەردەم پەلامار و سەرکوتەوە، یانی ڕووبەڕوی زیندان، یاسا، لێپرسینەوە و ئاسایش و هێزی میلیشیای حزبەکان و دەزگای پاراستن و دژەتیرۆر دەبیتەوە، تەنانەت ڕووبەڕووی فتوای مەلا و نەعرەتەی قەومی وسەرزەنشتی فەرهەنگی دەبێتەوە.
ئەم حوکمە بۆ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاش هەروایە، واتە دەکرێ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لە قۆناغێکدا لە فۆرمی حکومەتی یەکحزبی، وەیا چەند حزبیدا خۆی بنوێنێ و لە قۆناغیکی تردا لە فۆرمی حکومەتی شورا و ئەنجومەنەکان، وەیا لە فۆرمی کۆمۆنەکان و کۆمیتەکانی کونترۆڵ و بەڕێوەبەری، وەیا لە فۆرمێکی تێکەڵاو لەم نیهادانە خۆی دەرخات. بە واتایەکی تر دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا یەک پرۆسەی واقعی لەپێشە و بەمجۆرەش ڕابردوو ئێستا و ئایندەی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەگەرچی لەم پرۆسەیەدا لەسەرەتاوە لەژێر کاریگەریەکانی حزبی پێشرەوی چینی کرێکاردایە، بەڵام دواتر دەبێتە سازمانی کۆمەڵایەتی چینێکی ڕێکخراو لە شوراکان و حکومەتی شوراییدا، لە کۆتاییشدا زەرورەتی مانەوەی خۆی لەدەستدەدا و وەک دەوڵەت دەپوکێتەوە. بەمجۆرەش دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەپێچەوانەی دیکتاتۆریەتی بۆرژوازیەوە دەرکەوتەیەکی ئەبەدی و ئەزەلی نییە کە تاسەر بمێنێ، بەڵکو لەگەڵ ئالوگۆڕە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمۆنیزمدا زەرورەتی مانەوەی خۆی لەدەست دەدا و نامێنێ.

## دیکتاتۆریەت و سەربەخۆیی دادگا و سیستەمی قەزایی:

با لەوە بگەڕێین کە حکومەتە ناوچەیی و میلیشیایەکانی وەک یەکیەتی و پارتی نمونەیەکی

وایان لە دیموکراسی بۆ فۆرمی حکومەتی لە دیکتاتۆریەتی بۆرژوازی کوردا دامەزراندووە کە نەیانتوانیوە هێشتا دادگا سەربەخۆ بکەن، لە کاتێکدا دیکتاتۆریەتی بۆرژوازی لە فۆرمی دیموکراسیدا، توانیویەتی دادگا سەربەخۆ بکات بۆ نمونە لە دیموکراسی غەربیدا، بەڵام ئەم سەربەخۆ کردنەی دادگا لەبنەرەتەوە پشتی بەستووە بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن وئەمەش سیستەمی مەراتب و ئیمتیازاتەکانی بەرهەمهێناوە کە بوارێکی باشی بۆ دزی و تالانی و گەندەڵی و بیرۆکراتیزم خوڵقاندووە.

دیکتاتۆری بۆرژوازی لە فۆرمی دیموکراسیدا بەو جۆرەیە کە پەرلەمان یاسا دەرکات و حکومەت جێبەجێی دەکا، ئەم جیاکردنەوەیەی سەرچاوەکانی "تەشریع وتەنفیز"، جگەلەوەی مەرتەبە و ئیمتیازتێکی ناپێویست دەخولقێنێ، ڕێگاش دەبەستێت لە دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک. بەتایبەتیش لەڕووی سیاسیەوە ئەم جیاکردنەوەیەی سەرچاوەکانی بڕیار و یاسا لە ئۆرگانەکانی جێبەجێ کار، لەنێوان پەرلەمان و حکومەتدا، هاوڵاتیان و خەڵک دەکاتە پاشکۆی سیاسەت و بڕیارە سیاسیەکانی بەرپرسیاران و ئەحزابی دەسەڵاتدار، بڕیاری وەزارەتەکان، دیبلۆماسی نهێنی، سیاسەتی دەرەکی و پەیوەندیە ئەمنی و ئابوری وسیاسیەکان، بەستنەوەی وڵات بە بڕیارە نێودەوڵەتیەکانەوە لەڕێگای حکومەتەوە، .. هەموو ئەمانە پڕۆسەی بڕیاردان لەسەرو خەڵکەوە و بەنوێنەرایەتی خەڵک ئەنجام دەدرێن و چارەنوسی کۆمەڵگایان پێ دیاری دەکرێ، لەحاڵەتێکی ئاواشدا ڕۆڵی هاوڵاتی هێندەیە کە هەر چوار ساڵ جارێک حزبێک، جەماعەتێک، خانەوادەیەک بگەیەنێتە دەسەڵاتەوە و ئیتر لەماڵەوە بەدیار چارەنوسی خۆیەوە دانیشێت و هیچ ڕۆڵێکی تری نەبێت.

بەپێچەوانەوە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، لە فۆرمی حکومەتی شوراییدا، بەوهۆیەوە کە دەسەڵاتی یاسادانەری و جێبەجێکار لێک گرێدەدات و جیایناکاتەوە، جگە لەوەی کە مەرتەبەکان و ئیمتیازاتەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە، ڕاستەوخۆش پشت بە دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی هاوڵاتیان دەبەستێ، خەڵکێک کەە ەم خۆیان یاسا دەردەکەن وهەم خۆشیان جی بەجێی دەکەن بەبێ ئەوەی ئیمتیاز ومەرتەبەیان پێبدرێ. تەنانەت موچەی نوێنەرانی هەڵبژێردارو بۆ پۆستە باڵاکانی حکومەت و شوراکان، زیاتر نییە لە موچەی کرێکارێکی پسۆڕ و بەم ئەندازەیە دیاری دەکرێ.

بەڵام بیرۆکراتیزمی حکومەتە دیموکراسیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، کە نمونەگەلێکی دیکتاتۆریەتی بۆرژوازین، لەو کاتانەدا دەردەکەوێت کە چۆن مەرتەبە و پلەدارەکانی دەوڵەت و ئیمتیازاتەکانیان، لەوانە ئەندام پەرلەمان، وەزیرەکان، بەڕێوەبەرەکان و ودیبلۆماتکارەکان، ڕاوێژکارە ئابوری و سیاسی و یاسایی و سەربازی و دینیەکان و گەلێک نیهاد و مەرتەبەی تر، هەڵاوسانی موچە و موخەسەسات و وئیمتیازاتە مالیەکان

## دیکتاتۆری و دیموکراسی و حکومەتی کرێکاری

جێدێڵی و دەیکاتە قەیرانێکی ئیداری و مالی، تەنانەت ئەم مەرتەبانە بەوهۆیەوە کە حەسانەیان هەیە زۆر کات کەوتونەتە سەرو یاساوە و سەربەخۆیی یاساش لە حوکمەتی دیموکراسی دەسەننەوە.

### دیکتاتۆریەت و بنەمای ئابوری:

ڕوویەکی تری باسی دیکتاتۆریەت بنەما ئابوریەکەیەتی. ئەگەر زۆر بەکورتی بڵێم، بەهەمان شێوە دیکتاتۆریەت ئەگەر دیکتاتۆریەتی چینی بۆرژوازی بێت وەیا دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری بێت، لەسەر بنەما وەیا بردنەپێشەوەی وەزیفە و پەیوەندیەکی ئابوری ڕاوەستاوە. دیکتاتۆریەتی بۆرژوازی لە هەر فۆرمێکی حکومەتیدا بێت، (واتە دیموکراسی بێت وەیا ئیستبدادی بێپەردە) لەسەر بنەمای موڵکداریتی تایبەتی چینی بۆرژوازی بۆ هۆیەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەقامگیرکردنی ئابوری سەرمایەداری سیستەمی کاری بەکرێ ڕاوەستاوە و وەزایفەکان و پەیوەندیەکانی ئەم سیستەمە بەڕێوەدەبات.
بەڵام بەپێچەوانەوە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا جۆرێکی تر لە دیکتاتۆریەتە کە ڕاستەوخۆ لەدژی موڵکداریتی تایبەتی چینی بۆرژوازی وسیستەمی کاری بەکرێ و بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم واقعیەتە لە ئابوری و ژێرخانی کۆمەڵگادا، زەرورەتی بۆ پەیدابووە. بەدیوێکی تردا دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا پشتبەستوە بە بنەمای ئابوریەکی هەرەوەزی و موڵکداریتی گشتی کارکردوانی کۆمەڵگا...

### دیکتاتۆریەتی بۆرژوازی، دیموکراسی و چەمکی ئازادی و یەکسانی:

دیکتاتۆریەتی بۆرژوازی لە فۆرمی حکومەتە دیموکراسیەکەیدا ڕوانگەیەکی بۆرژوازی بۆ ئازادی دەخاتەڕوو، ئەویش بەمانای ئازادی کارکردن، وەگەرخستنی سەرمایەکان، ئازادی کارکردن تا سەر ئاستی خۆفرۆشتن لەبری فرۆشی هێزی کار، لەکەنار ئەمانەشدا جۆرێک لەئازادیە فەردیەکان دەستەبەردەکات، لەوانە ئازادی سیاسی رادەربڕین، دەنگدان و خۆکاندیدکردن، ئازادی ڕۆژنامەگەری و میدیا.. بەڵام ئەم ئازادیانە لەگەڵ ئەوەدا سنوردارە و بەپێی ئیشتهای دەسەڵات و دەستەی فەرمانڕاوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە دەورەیەکەوە بۆ دەورەیەکی تر دەگۆڕدرێ، بەڵام هەرگیز ناگات بەوەی کە چینی چەوساوە و ژێردەستەی کۆمەڵگا بگات بە ئازادی ڕزگاربوون لە جەوروستەم و نابەرابەری و ژێردەستەیی چینایەتی. بەواتایەکی تر ئازادی لە روانگەی دیموکراسیەوە تائاو ئاستەیە کە پەیوەندیە ئابوری و چینایەتیەکان کە لەسەر کۆیلەیەتی بەکرێ و

## خەسرەو سایە

جیاکاری چینایەتی دامەزراوە پارێزراو بمێنێتەوە و کەس بۆی نەبێت باس لە گۆرانکاری بکات.
لەلایەکی ترەوە ئازادی لەژێرسایەی دیموکراسی بۆرژوازیدا، لە چەمکی مافدا قەتیسە، یانی حەد و سنورەکانی ئازادی بۆ تاک وەک ئەوەی قانون ڕێگەی پێدەدا و چینی دەسەڵاتدار، وەک یاسا و نۆرمی کۆمەڵایەتی جێگیری کردووە. بەڵام ئەگەرچی ئازادیەکان وەک مافێک لە یاسادا بۆ هەموو تاکی کۆمەڵگا باسی لێکراوە بەڵام بەو هۆیەوە کە جێگاو ڕێگای تاکەکان لە ئابوریدا وەک یەک نییە و نایەکسانە، هەروەها بەهۆی ئەو ئیمتیازاتە مالی و سیاسیانەوە کە تاکەکانی سەر بە چینی دەسەڵاتدار لێی بەهرەمەندن بەکردەوە مومارەسەکردنی ئازای وماف لەلای ئەم تاکانە هەرگیز هاوتا نیە لەگەڵ مومارەسەکردنی مافو ئازادیەکان لەلای هاولاتی ئاسایی. لەسەردەمی هەڵبژاردنەکاندا بەرۆشنی ئەوە دەردەکەوێت کە چۆن چینی دەسەڵاتدار و حزبەکان و سیاسەتمەدارانی ئەم چینە بەهۆی لەدەستدابوونی داهات و سامانەوە سود لە ئازادی وەردەگرن و ئەم فرسەتە لە کەمترین ئاستدا بۆ هاولاتی سادە و خەلکی کرێکار و زەحمەتکێش فەراهەم نییە. بۆ نمونە لە ئەمریکا و بەریتانیا کە بە لانەکەی دیمکرسی ناودەبرێن، کەسێک پارەدار و سەرمایەدار نەبێت ناتوانێت لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، چالاکانە بەشداربێت و مومارەسەی ئازادی خۆی بکات.
واتای یەکسانیش لەژێرسایەی دیکتاتۆری بۆرژوازیدا لە فۆرمی دیموکراسیدا، چەمکی دادی کۆمەڵایەتی دێنێتەکایەوە، واتە دادی کۆمەلایەتی ڕوانگەی بۆرژوازیە بۆ نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی وگەیشتن بە یەکسانی نێوان ئینسانەکان، ناوەرۆکی ئەم دادەش بە مانای هاوسەنگ کردنی نێوان داهاتی چینی سەرمایەدار و باڵای کۆمەڵگا لەگەڵ هاولاتی خوارەوە بەحساب دەهێندرێت، دادێک کە نە هەژاری و بێکاری چارەسەردەکات، وە نە جیاوازیە چینایەتیەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، هاوکات ڕێژەی دەستڕاگەیشتنی ئینسانەکان بە سامان و نیعمەتی بەرهەمهاتووی کۆمەڵگا بە لاسەنگ رادەگرێ، چونکە نیزامی کاری بەکرێ و موڵکدرایتی تایبەتی چینی سەرمەیادار و بازرگانان و خاوەن کۆمپانیا و بازاڕ وەک خۆی دەمێنێتەوە. دادی کۆمەڵایەتی بە هەرئاستێک پەیرەوی لێبکرێ هێشتا تاکی سەرمایەدار و کەسانی باڵای دەسەڵات، زۆرتر دەستی بە ئیمکاناتی بەرهەمهاتووی کۆمەڵگا دەگات، چونکە خاوەنی مڵکداریتی تایبەتن بەم جۆرەش یەکسانی دەستڕاگەیشتی تاکەکان بە ئیمکاناتی کۆمەڵایەتی وەک یەک نییە.
لە ڕاوانگەی بۆرژوازیەوە، جەوهەری دادی کۆمەڵایەتی بریتیە لە بەدیهێنانی "هاوسەنگی چینایەتی" و ناساندنیەتی بە یەکسانی، بەڵام خودی ئەم هاوسەنگ کردنە چینایەتیە، لە دابەشکردنی سەروەت و داهاتەوە دەستپێدەکات، لە کاتێکدا نابەرابەریەکان هەر لە

## دیکتاتۆری و دیموکراسی و حکومەتی کرێکاری

سەرەتاوە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و زاڵبونی موڵکداریێتی تایبەتیدایە بەسەر هۆیەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا. دابەش کردنی داهات و سامان خۆی تابعی پرۆسەی بەرهەمهێنانە لەهەر کۆمەڵگایەکدا، کەوایە مادام ئینسانەکان نایەکسان لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا قەراردەگرن و لە دوو جێگای جیاوازی موڵکایەتیەوە تەعامول لەگەڵ ئامرازەکان و هۆیەکانی کاردا دەکەن، لایەکیان بەعنوانی فرۆشی هێزی کار، کرێ وەربگرێ و لاکەی تریش بەعنوانی خاوەن کارگە و هۆیەکانی بەرهەمهێنان مافی دەست بەسەرداگرتنی هەموو داهات و بەرهەمدا هەبێت، بەدڵنیایەوە لە پرۆسەی دابەش کردنەوەی بەرهەم و داهاتەکاندا، هەرجۆرە نزیکایەتیەک و هاوسەنگیەک لەژێر ناوی دادی کۆمەڵایەتیدا دەستی بۆ ببرێت، ئەوا ناتوانێ نایەکسانی نێوان کرێ وەک داهاتی کرێکار و سەرمایە وەک داهاتی بۆرژوازی لەبەینبەرێت. بەم جۆرەش دیکتاتۆریەتی بۆرژوازی لە پێداویستی ئابوری و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانەوە سەردەردێنێ و بۆ ڕاگرتن و پاراستنی ئەم پەیوەندیەش دەمێنێتەوە.

## دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، ئازادی و یەکسانی، واتای شۆڕشی بەردەوام:

دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەهەمان شیوە ئۆتۆریتە و هەژموونی باڵای چینێکی ڕێکخراوە لەئاستی دەوڵەتدا، بەڵام پێداویستی ئەم دیکتاتۆریەتە، لەئابوری باو و پەیوەندیە زاڵەکانی بەرهەمە هێنانەوە سەرچاوەناگرێ، بەڵکو لە زەرورەتی شۆڕش و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سەرمایەداری بەسەرخان و ژێرخانیەوە بۆ پەیدادەبێ و کاتێکیش باسی پەیوەندی نوێی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی دێتەئاراوە، ئەم دیکتاتۆریەتە بە چەمکی شۆڕشی بەردەوامەوە گرێدەخوا و لێرەشەوە واتای ئازادی و یەکسانی لە دیدی چینی پرۆلیاتاریاوە، واوەتر لە واتا یاساییەکەی، دەباتە پێشەوە و بە کردەوە هەنگاوی بۆ دەنرێ. مادام کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا چ وەک دەوڵەت و چ وەک فۆرمێکی حکومرانی پەیوەستە بەسەردەمانی شۆڕشەوە و شۆڕشیش لەکردەیەکی بەردەوامدا ملی ناوە بۆ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی کۆمەڵگا بەپێویست لەگەڵ مانای هەنگاونانی عەمەلی بۆ بەدیهێنانی ئازادی یەکجاری و یەکسانی واقعی ئینسانەکان یەکانگیر دەبێ، هەرئەمەش ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەکەی دیاری دەکات. بەڵام سەرەتا بابزانین چەمکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لای مارکس چۆن هاتووە:

ئاشکرایە مارکس یەکجێ و یەکسەرە بە بیرۆکەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای نەگەیشتوە بەڵکو لە پرۆسەیەکدا ناوەرۆک و لایەنەکانی ئەم چەمکەی ساغکردۆتەوە، بۆ نمونە ئێمە ئەم چەمکە لەکتێبی مانیفێستدا نابینین بەڵام دواتر لە پێشەکیەکدا بۆ کتێبی بەشداریەک لە

## خەسرەو سایە

رەخنەی ئابوری سیاسیدا، باس لەسەردەمانێک دەکات کە ئەویش دەستپێکردنی "شۆڕشی کۆمەڵایەتیە". سەردەمانێک کە هێزەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی هێندە پەرەدەستێنێ، دەکەوێتە ناکۆکیەوە لەگەڵ پەیوەندیەکانی بەرهەمهێناندا و لێرەشەوە قەیرانی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات.. لە روانگەی پرۆلیتاریاوە ئەو دەسەڵاتەی کە لە دەورانی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانەدا دێتە کایەوە شتێکی تر نییە جگە لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، کە پرۆلیتاریا وەک چینێکی کۆمەڵایەتی لە ئاستی دەوڵەتدا خۆی ڕێکخراودەکات لەبەرامبەر چینی بۆرژوازیدا ئەم باوەرەی مارکس دواتر لە وتاری "ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا"دا کاملتر بوو.

دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا وەک دەسەڵاتی چینێک لەحاڵەتی ڕاگوزەردایە و ئەرکە گشتیەکەی گوێزانەوەی کۆمەڵگایە لە سەرمایەداریەوە بۆ کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، ئەمەش ناوەڕۆک و پەیوەندی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە لەگەڵ چەمکی شۆڕشی بەردەوامدا. دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا وەک دەسەڵاتی چینێک لەحاڵەتی ڕاگوزەردایە وئەرکە گشتیەکەی گوێزانەوەی کۆمەلگایە لەسەرمایەداریەوە بۆ کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، ئەمەش ناوەڕۆک وپەیوەندی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە لەگەڵ چەمکی شۆڕشی بەردەوامدا. بەتایبەتی مارکس لەو قسەیەی سەرەوەدا کەئاماژەم پێکرد باس لە"سەردەمی شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکان" دەکات و ناڵێت یەک شۆڕش. کەوایە سەردەمی گویزانەوە لەسەرمایەداریەوە بۆ کۆمۆنیزم، زنجیرەیەک شۆڕش لەئارادایە، ئەمەش بەمانای زەمینەی مادی تیۆەری شۆڕشی بەردەوامەو کۆمۆنیستەکان بەشێوەیەکی ئیرادەگەری باس لەم چەمکە ناکان، بەڵکو ئەوە واقعیەتی بابەتی خودی کۆمەلگای سەردەمانی شۆڕشە کەزنجیرە شۆڕشێکو ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانەی کردۆتە پێویست تا چینی کرێکار وعونسوری ئاڵوگۆڕبەخش لەجەرگەیدا کۆمەلگا لەسەرمایەداریەوە بگوێزێتەوە بۆ کۆمەلگای کۆمۆنیستی، لێرەوەیە کە کۆمەڵگا لەژێر سایەی دیکتاتۆریەتی پرۆڵیاتریادا، بەپێویست و بەبەردەوام لەحاڵەتی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانەدا ڕادەگرێت، چونکە هێنانەکایەوەی کۆمەلگای کۆمۆنیزم وبەکۆمۆنیزم کردنی واقعیەتی مەوجود، دابڕان لەسیستەمی کۆن و شۆڕشکردن بەسەریدا لەهەموو روەکانی ئابوری، کارگێڕی، فەرهەنگی وسیاسی دەخوازێ. ئەمە ئەو ڕەوەندە واقعیەیە کەچەمکی شۆڕشی بەردەوام لەگەڵ چەمکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا پێکەوە گرێ دەداتەوە.

دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ئەگەرچی زەرورەتەکەی لەسەرەتاوە بۆ ئەوەیە کە کرێکاران وەک چینێکی ڕێکخراو لەئاستی دەوڵەتدا، لەبەرامبەر چینی بۆرژوازی و بۆ سەرکوتی مقاوەمەتی ئەم چینە ڕابگرێ، بەڵام خودی ئەم ئەرکە لەبنەڕەتەوە بۆ مەبەستی هەڵوەشانەوەی "پرۆلیتاری بوون" و کۆیلەیەتی بەکرێ دێتە دەستورەوە. چونکە کارگەر لە شۆڕشەکەی خۆیدا بۆرژوازی لەناو نابات بەڵکو کارگەری بوون هەڵدەوەشێنێتەوە. بۆ

# دیکتاتۆری و دیموکراسی و حکومەتی کرێکاری

ئەوەی بۆرژوابون هەلوەشێنیتەوە دەبێ کارگەربوون ونیزامی کاری بەکرێو وملکداریتی تایبەتی هەلوەشێنیتەوە، ئەمەش بەواتای کۆمەڵگای کارکردوان بێتەکایەوە و هەموان تێیدا کاربکەن. بەواتایەکی تر زەرورەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیاتارایا لەسەرەتاوە بۆ تێکشکاندنی مقاوەمەتی بۆرژوازی بۆ گێرانەوەی وەزعی پێشوو واتە نیزامی سەرمایەداری و هەموو ئەوانەی رێگری دەکەن لە بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی بە مانای واقعی و کرێکاریەکەی دواتریش بۆ بەکردەوە دەرهینانی وەزایفی ئابوری کە ئازادی و یەکسانی زامن دەکات و دێنێتەکایەوە، خودی ئەم پرۆسەیە واتای کەوتنەرێی شۆرشی بەردەوامە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم لەسەر ئەو خاڵە راوەستم کە پەیوەندی بە چەمکی "شۆرشی بەردەوەم"ەوەیە، ئەویش ئەوەیە کە تائێستا تێگەیشتن لەم چەمکە بەتەنها لەوەدا سنوردار کراوەتەوە و واتای پێدراوە کە چۆن پرۆلیتاریا رابەری لە شۆرشە ناکرێکاریەکان (دیموکراسیەکان) دا بەدەستبهێنێ و لێرەشەوە بەردەوامی بە شۆرش بدات بەرەو سوشیالیزم، لەکاتیکدا چەمکی شۆرشی بەردەوام فراوانترە لەم خاڵە و بەمانای تێپەرکردنی دەورانێکی گوزارە لە سەرمایەداریەوە بۆ کۆمۆنیزم، لەرێگای ئاڵوگۆرێکی بەردەوامی شۆرشگێرانەوە.

چینی کرێکار بۆئەوەی سیستەمی سەرکوتگەری لەناوبەرێ ناتوانی لەرێگای برەودان بەو ئازادیانەوە کە دیموکراسی بۆرژوازی داویەتی کۆمەڵگا بەرەوپێشەوەبەرێ، هەروەها ناتوانێ سیستەمی دەسەڵاتداریتی تازە کە لە شۆرشەوە پەیدابووە، لەرێگای ئیسلاحی سیستەمی پەرلەمانی و بۆرژوازیەوە بەرەو کۆمەڵگای کۆمۆنیستی بەرێت، بەڵکو دەبێ سەرتاپای سیستەمی بۆرژوازی هەڵوەشێنیتەوە و لەشوێنیدا سیستەمێکی تر کە تێیدا چینی کرێکار لە بالاترین ئاستی دەسەلاتداریتدا کە دەوڵەتە خۆی ساز بدا و بۆ ئەمەش پێویستی بە بەرقەرارکردنی ئازادیەکی فروانە کە هەرگیز نەبووە، هەروەها چینی کرێکار ناتوانێ لەرێگای ئیسلاح و چاکسازیکردنی دەسەڵاتداریتی و سیستەمی بۆرژوازیەوە بگات بە ئازادی و یەکسانی، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ فراوانترین جۆری دیموکراسی بۆرژوازیدا بەرەورووبێت، ناتوانێ لە رێگای شێنەیی و هەنگاو بەهەنگاوی دەستکاریکردنی ئازادیەک کە بۆرژوازی داویەتی بە کۆمۆنیزم بگات، یانی بە کۆمەلگایەک بگات، کە نە دین نە دەولەت، نە چینەکان و نە ئایدیۆلۆژیا بونی هەبێت، چونکە بەرقەراری ئازادی کامڵ و واقعی بەبێ هەڵوەشانەوەی سیستەمی کاری بەکرێ و مولکداریتی تایبەت مومکین نییە. بە پێچەوانەوە کرێکار بۆ ئەوەی بە کۆمۆنیزم بگات دەبێ دەسەڵات بگرێ ودیکتاتۆری چینایەتی خۆی دامەزرێنێ، بۆ ئەمەش دەبێ هەموو دامودەزگای دەوڵە تو سیستەمی حوکمرانی بۆرژوازی هەڵوەشێنێتەوە. چینی کرێکاریش وەک چینی بۆرژوازی پێویستی بە

## خەسرەو سایە

زەبروزەنگ و خۆسازمانی دەوڵەتی هەیە، پێویستی بە ئۆتۆریتە و هەژمونی باڵا هەیە، ئەمە نەک هەر لەبەرامبەر پەلامارەکانی چینی بۆرژوازیدا بۆ گیرانەوەی نەزم ونیزامی سەرمایەداری، بەڵکو بۆ هەڵوەشانەوەی تەواوی پێکهاتوەکانی دەسەلات و دەوڵەتی بۆرژوازی. بەم جۆرەش جیاوازی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لەگەڵ دیکتاتۆریەتی بۆرژوازیدا لەوەدایە کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لەزەرورەتی ئابوری مەوجود و سیستەمی بەرهەمهێنانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، لەکاتێکدا زەرورەتی دیکتاتۆریەتی بۆرژوازی لە ئابوری و سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریەوە سەرچاوەی گرتووە و سەرخانی سیاسی پەیوەندیە ئابوریەکانی ئەم نیزامەیە. بەپێچەوانەوە زەرورەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەتەواوی سیاسیە بۆ چینی کرێکار و لەروی ئابوریشەوە بۆ جێخستنی شیوازێکی تری بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتیە، کە پێچەوانە وجیاوازە لەگەڵ هەلومەرجی ئابوری سەرمایەداریدا، کە ئەویش سۆسیالیزمە.

دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا وەک ئەوەی دەسەلاتی سەردەمانی شۆڕشە و فۆرمی حکومەتی شۆڕشگیرانەی چینی کرێکار لەخۆیدا بەرجەستەدەکاتەوە (حکومەتی کارگەری)، وەک ئەوەشی خەسڵەتی کاتی هەیە و بە شۆڕشی بەردەوامەوە گرێ دەخوات، بە حوکمی هاوکێشەی چینایەتی و هێزەکان شیوازی جیاجیا لە پێکهاتی حکومەتیدا بەپێی رەوتی چونەپێشەوە و بەردەوامی شۆڕش، دێنێتەدەرەوە، هەروەک لێنین لە کتێبی "دەوڵەت وشۆڕش"دا ئاماژەی پێکردووە کە"دەورەی گوزار لەسەرمایەداریەوە بۆ کۆمۆنیزم بێگومان گەلیک شکڵی سیاسی جۆراوجۆر بەخۆیەوە دەگرێ، بەلام هەموویان یەک ناوەرۆکیان دەبێ، کە ئەویش دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە".

لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر مەفهومی شۆڕشی بەردەوام و حاڵەتی کوردستان بە نمونە دەهێنمەوە: بەحوکمی ئەوەی چینی کرێکار لە کوردستان هێشتا ئامادەیی ئەوەی بەدەست نەهیناوە کە راستەوخۆ دەستبەرێت بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی چیانیەتی خۆی، هەروەها بەپێی واقعیەتی چینەکان و دۆخی کۆمەلایەتی، کە هەم دەوڵەتێکی یەکپارچە لەئارادا نییە و هەم هێزگەلێکی تریش تێکەڵ بە خەباتی جەماوەری شۆڕشگێرانە دەکا و بەرژوەندی خۆیان لەپاڵ خەباتی چینی کرێکار و دەستبردن بۆ شۆڕشدا دەبیننەوە، شۆڕش و خەباتی شۆڕشگێرانە ڕەوتێکی تایبەت دەگرێتەبەر کە ڕەنگە لەسەرەتاوە، دامەزراندنی دەوڵەتێکی شۆڕشگێرانەی کاتی بۆ بەدەستهێنانی ئیسلاحاتێکی سیاسی و ئابوری کە لە بەرنامەی لانی کەمی دونیایەکی باشتردا هاتووە، بکاتە زەرورەت و بۆ ئەمەش حکومەتی کاتی شۆڕشگێرانە کە لە هێزە چینایەتیە شۆڕشگێڕەکان پێک بێت، بخوازێ، بەلام کرێکاران نابێ لەم ئاستەدا راوەستن، بەڵکو دەبێ خەباتی کۆمۆنیستەکان و کرێکاران بۆ گۆڕینی تەوازن

## دیکتاتۆری و دیموکراسی و حکومەتی کرێکاری

قوای چینایەتی نێوان کارگەر و بۆرژوازی، وەهەروەها ئامادەکردنی چینی کرێکار بۆ گرتنی دەسەڵاتی تاقانەی خۆی بروانی و بەکردەوە لەو هەلومەرجە شۆشگێرانەیەدا هەنگاوی بۆ هەڵگرێ و بکەوێتە بەرامبەر هەموو بەشەکانی چینی بۆرژوازیەوە، بەتایبەتی ئەو بەشەی کە لە دەورانی شۆڕشگێرانەدا لەئاستی ئیسلاحاتەکاندا ڕادەوەستێ و دەیەوێت دەورانی شۆڕشگێرانە کۆتایی پیبێت، بۆیە دەبێ کرێکار لەسەر دامەزراندنی حاکمەیەت و دیکاتۆریەتی چینایەتی خۆی لە شکڵی حکومەتی کرێکاریدا ڕاوەستێ و پێداگری بکات. ئەم حکومەتە لە قۆناغی یەکەمیدا حوکمەتی ئەو حزبەیە کە شۆڕشی سازداوە و لەرێگای ڕاپەڕینیکەوە لە چەشنی ڕاپەڕینی مۆسکۆ وەک ئەوەی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا لێنین و بەلشەفیکەکان دەستیان بۆ برد، بۆیە ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتی یەک حزبی وەیا دەسەڵاتی ئەو حزبە کرێکاری و کۆمۆنیستانەیە کە لە سازدانی ڕاپەریندا بەشداربوون. ئەرکی ئەم حکومەتە لەم قۆناغەیدا کە فۆرمێکە بۆ دەرکەوتنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا سیاسەتە نەک ئابوری، یانی بەدەستەوەگرتنی سیاسەتی سەرکوتی مقاوەمەتی بۆرژوازی و جێگیرکردنی دەسەڵات و حکومەتی نوێ و هەڵوەشاندنەوەی هەموو دامودەزگاکانی دەسەڵاتدارێتی پێشخۆیەتی کە لە چینی بۆرژوازی شکستپێدراوەوە بەجێ ماوە. یانی جێگیرکردن و لەخەم ڕەخساندنی چارەنوسی حکومەتی کرێکاریە. بەواتایەکی تر هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگای دەوڵەتی وەک حکومەت و پەرلەمان، زیندان، سوپا، پۆلیس، دەستور و یاسا، ئیلغاکردنەوەی دینی رەسمی، تەوافقاتی نێودەوڵەتی و کۆمەڵەی قەرارات و دامودەزگای ئەمنی نهێنی وسەروخەڵکی.. هەروەها تێکشکاندنی هەرجۆرە مقاوەمەتێکی بۆرژوازی و ئەو هێزانەی کە بۆ گێرانەوەی نەزمو نیزامی سیاسی کەوتونەتە بەرامبەر دەسەڵاتی تازەی چینی کریکارەوە.. ئەمە جەوهەری کارنامەی حکومەتی کرێکاریە کە حزبی کۆمۆنیست لەڕێگای شۆڕش و ڕاپەڕینی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشەوە دەستی بۆ بردووە.

بەڵام ئەم فۆرمە حکومەتیەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، پێبەپێی دورخستنەوەی ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی کە لەلایەن بۆرژوازی و هێزە داڕوخاوەکانیەوە دەکرێتە سەری وهاوکات لەگەڵ هەنگاو بەهەنگاوی جێگیربونەکەیدا، دەبێ دەسەڵاتی حزبی بسپێرێت بە شوراکان و ئۆرگانە جەماوەریەکان وەک لە نمونەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا دەرکەوت وەیان بە کۆمۆنەکان وەک لە کۆمۆنەی پاریسدا سەریهەڵدا. لێرەشەوە حاکمەیەتی ڕاستەوخۆی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان کە لە شوراکان و ڕێکخراوەکانی خۆیدا بەرقەراردەکرێ. لەباتی سوپای پیشەیی میلیسی جەماوەری کە تێیدا هەموو ئەوانەی ئامادەیی چەک هەڵگرتینان هەیە، چەکدار دەکرێن و وەک هیزی پارێزگاریکەری حکومەت و دەسەڵاتی تازە شوێن دەگرێ. هەروەها دەسەڵاتی قەزای و تەنفیدزی دەدات بە ئۆراگانە

## خەسرەو سایە

جەماوەریەکان کە لە شوراکاندا ڕێکخراون، بەرادەیەک کە شوراکان ونوینەرانی هەڵبژێردراوی راستەوخۆی خەڵک خۆیان یاسا دەردەکەن و هەر خۆشیان جێبەجێی دەکەن، وە ئیتر ئەو سیستەمە بەڕێوە نابرێ کە پەرلەمان یاسا دەردەکات و دوای ماوەیەکی تر حکومەت جێ بەجێبکات، ئەمەش بەو حاڵەوە کە ئەگەر قەرارەکانی پەرلەمان جێگای دڵخوازی کاربەدەستانی حکومەت بێت، ئەگەر نا کەس نازانێ دەخرێتە سەر کام ڕەفەیەی حکومەت و کەی ئاوڕی لێدەدرێتەوە.

هەروەها لەگەڵ خۆگرتنی دەسەڵاتی شوراکاندا، ئیتر جێگایەک بۆ ئیمتیازات و مەرتەبەکانی نێو دەسەڵات نامێنێ و هەڵدەوەشێنەوە، یانی ئەوە نامێنێ کە ئەندام پەرلەمان و وەزیر و دیبلۆماتکار و قازی و راوێژکارەکانی حکومەت و پەرلەمان وەک مەرتەبەی خاوەن ئیمتیازات و حەسانە، لە ئیمکانات و داهات و موچەی باڵا بەهرەمەندبن. بەڵام نوینەران و کاربەدەستانی باڵای شواراکان، نەک هیچ ئیمتیازاتێکی زیاتریان لە کارمەند و کرێکاران نییە بگرە موچەکەیان لە موچەی کرێکارێکی پسپۆر تێپەرناکات.

لێرەدا با لەسەر خاڵێک راوەستم ئەویش ئەوەیە کە حکومەتە بۆرژوازیەکان هەمیشە دەسەڵاتێکی حزبیە و ئەوە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و حکومەتی کرێکاریە، کە دەیەوێت بە خێرایی لەم خەسڵەتە حزبیە خۆی دابڕێنی و بە کردەوە بە حکومەتی چینی کرێکار بگات. لەم بارەوە با چاو لە سیستەمی پەرلەمانی و حکومەتی دیموکراسی بەریاتانیا و ئەمریکا بکەیەن، کە لە ڕواڵەتدا بە حکومەتی خەڵک و نوێنەرانی خەڵک خۆیان ناوزەد دەکەن، بەڵام لەم وڵاتانەدا حزبی براوەی هەڵبژاردنەکان حکومەتی خۆیان دروست دەکەن، بەردەوام حکومەت لەنێوان کۆنسەرڤاتیڤ و لەیبەرپارتیدا دروستکراوە و کەمترین کاتیش بەهۆی بەدەستهێنانی کوررسی کەمەوە/کەمتر لەنیوەی کورسیەکانی پەرلەمان/ حکومەتی ئیئتلافی لەگەل ئەحزابی تردا پێکهێنراوە، لە ئەمریکاش بەهەمان شێوە حکومەت لەنێوان دیموکراتەکان و جمهوریخوازەکاندا هاتووە و چووە... لە هەموو ئەمانەدا خەڵک و ڕێکخراوەی کرێکاری و جەماوەری ڕۆڵێکیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا پێنەدراوە و هەمیشە دەور و کاریگەریان لەژێر سێبەری سیاسەت و کارکردەکانی حزبی حاکمدا بەڕێوەچووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە حکومەتی کرێکاری لە پرۆسەی جێگیربوونی خۆیدا و دوای ئەوەی کە هەنگاو بەهەنگا و مەقاوەمەتی بۆرژوازی تێک دەشکێندرێ و خەتەری پەلاماری پێچەوانەی لەلایەن هێزە شکستخواردەوەکانی بۆرژوازی و پیلانی نێودەوڵەتی لەسەر ئەم حکومەتە بەرەو دواوە پاشەکشەی پێدەکرێ، ئەوا دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و فۆرمی حکومەتیەکەی پێدەنێتە قۆناغیکی تازەوە، قۆناغێک کە لەلایەکەوە هەنگاوبەهەنگاو ڕۆڵی شوراکان و کۆمیتەکانی کۆنترۆڵ و چاودێری کرێکاری و ئۆرگانە جەماوەریە

## دیکتاتۆری و دیموکراسی و حکومەتی کرێکاری

کرێکاریەکان، کاروباری وڵات دەگرنە دەست و چینی کرێکار هەنگاو بەهەنگاو وەک چینێکی ڕێکخراو لەدەسەڵاتدا بەرجەستە دەکەنەوە، کۆنگرەی سەراسەری شواراکان و ڕێکخراوە جەماوەریەکان، شوێنی حکومەتی کاتی حزبێک دەگرنەوە کە بەهۆی ڕاپەڕینەوە لە سەنتەری دەسەڵاتدا راوەستاوە، لەلایەکی تریشەوە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ئەرکەکانی ئاڵوگۆڕی بەسەردادێت. لەم قۆناغەدا ئەرکە ئابوریەکان و بەدەستەوەگرتنی بەرنامەی ئابوری سۆشیالسیتی دەبێتە ئەولەویەتی یەکەمی حکومەتی کرێکاری. بەرنامەی ئابوری سۆشیالسیتی کە ئاراستەیە بۆ هەڵوەشانەوەی ئابوری کاری بەکرێ و موڵکداریێتی تایبەتی بۆرژوازی، بێگومان ئەم ئەرکانەش لە هەر وڵاتەدا بەپێی ئیمکاناتی ئابوری و بەربەستەکانی سەر ڕێگای وەڵامدانەوە بە پێداویستیەکانی ژیان و گوزەرانێکی تەسەل دەگۆڕدرێ و بە دڵنیایەوە بە پرۆسەیەکی تایبەتی خۆی تێپەڕ دەکات.

## دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا و ئەرکە ئابوریەکان:

لەبارەی ئەرکە ئابوریەکانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە بە دوای تجێگیربوونی حکومەتی کارگەری، مارکس ئەم ئەرکانە لە رەخنەگرتنیدا لە بەرنامەی گۆتا لە دوو قۆناغدا جیادەکاتەوە، لەقۆناغی یەکەمدا کە پێی دەڵێت ئابوری سۆشیالیزم هێشتا توانای بەرهەمداری هێزی ئامادەبەکاری کۆمەڵگا، نەیتوانیوە هەموو کاڵا و خزمەتگوزاریە پێویستەکانی کۆمەڵگایەکی باڵای خۆشگوزەران بخوڵقێنێ و هێشتا کەم تا زۆر لەژێر کاریگەری شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدایە ولێرەشەوە کۆمەڵگا لەگەڵ "نودرەی-دەگمەنی کاڵا پێویستەکان" ڕووبەڕووە، بە پێویست لەم قۆناغەدا ئابوری سۆشیالسیتی مەترەحە و هێشتا جیاوازی و میانەی زۆری لەگەڵ ژیان و ئابوری کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستیدا هەیە. ئابوری کۆمەلگای سۆشیالسیتی، لەبنەڕەتەوە لەسەر کۆمەڵگای کارکردوان ڕادەوەستێ، کۆمەڵگایەک کە هەرکەس بەپێی کارەکەی لە خزمەتگوزاری و پێداویستیەکانی ژیان بەهرەمەند دەبێ، کۆمەڵگایەک کە کاری فەرد ئەندازەیەکە بۆ بەهرەمەندبوون لە نیعمەتەکانی کۆمەڵگا. ئابوری سۆشیالیستی پشتی بە موڵکداریێتی گشتی بەستووە و کاری بەکرێ و موڵکداریێتی تایبەتی تیا هەڵوەشاوەتەوە، لەم کۆمەلگایەدا پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی فەرد، لەبازنەی بازاڕ دەرکراوە و خزمەتگوزاریەکان بەخۆرایی دەخرێتە بەردەست هەمووان، تاکیش بەپێی کارەکەی لەم پیداویستیانە راستەوخۆ بەهرەمەند دەبێ، بەبێ ئەوەی لەڕێیای کڕین و فرۆشتنەوە بەدەستیان بهێنێ، بەم جۆرەش ئابوری سۆشیالسیتی پشت دەبەستێ بە هەرەوەزی کار و سیستەمێکی دابەشکردنی بەرهەمەکان و ئاراستەکردنی هوشیارانەی قەوارەی هێزی کار

ڕووه و کاڵا و خزمەتگوزاریە پێویستەکان بەپێی بەرنامە و نەخشەیەک و لێرەشەوە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی ئاڕاستە دەکرێ و پەرەی پێدەدرێ، هەرەوەزیەکان و کۆنترۆڵی کارگەری و شوراکان سیستەمی چاودێری و بەڕێوەبردنی ئەم بەرنامەیەن کە لە کۆنگرەی سەراسەری شوراکانەوە، بەوێنەی باڵاترین ئۆرگانی دەسەڵاتداریتی بەرنامەی ئابوری ساڵانە بڕیاریان لێدەدرێ و پەسەند ەکرێ و هێزی کارکردوانی بۆ ئاراستە دەکرێ.
بۆ نمونە ئەوەی کە لەساڵێکدا لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، ساڵانە چەند هەزار تەن لە خۆراک، لەوانە گەنم، برنج، گۆشت.. وە چ قەوارەیەک لە خزمەتگوزاری پێویستە، لەوانە ئاو و کارەبا، دایەنگا و چلشۆرگە، تەلەفۆن و ئەنتەرنێت، هاتوچۆ و تەندروستی... وە بەم پێیەش قەوارەی دیاریکراوی هێزی کاریان بۆ ئاڕاستە دەکرێ و سەرەنجام پێداویستەیەکانی کۆمەڵگا فەراهەم دەکرێ.. بەم جۆرە شێوازی بەرهەمهێنان ئامانجی قازانج نایجولێنێ، بەڵکو دابینکردن پێداویستیەکانی ژیانی ئینسانەکان دەبێتە پرەنسیپی زاڵ بەسەر بەرهەمێنانی مادی کۆمەڵگادا، کە دیارە لە ئەنجامی ئەمەشدا، فەرهەنگی برایەتی و ئینسانی و پێشڕەو، هەروەها ڕوحیەتی کاری پێکەوەیی بەرپرسیارانە .. شوێنی مونافەسە و خۆپەرستی و تاکپەرستی دەگرێتەوە.. بێگومان لە دونیای ئەمڕۆدا تەکنۆلۆژیای کۆمپیتەر لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی کاریگەر و ئاسان دەگێڕێ بۆ بەکردەوە دەرهێنان و جێبەجیکردنی ئەرکە ئابوریەکانی کۆمەڵگا لە قۆناغی سۆشیالیزمدا.
سۆشیالیزم و ئەرکە ئابوریەکانی کۆمەڵگا لەژێر سایەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و حکومەتی کرێکاریدا ئەگەرچی دەکرێ لە وڵاتێکدا هەنگاوی بۆ بنرێ و بگرە یەک ئەرکی زەروریە بۆ مانەوەی دەسەڵاتی چینی کرێکار، بەڵام گەیشتن بە قۆناغی کۆمۆنیستی کارێکی جیهانیە و بەرئەنجامی شۆڕشی جیهانی چینی کرێکارە. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی "کۆمەڵگای وفرە/ کۆمەڵگای هەبوو تێروتەسەلە"، کۆمەڵگای لەبەردەستبووی هەموو پێداویستیەکانی ژیانی هاوچەرخی ئینسانەکانە، یانی هەرچی پێداویستی ژیانی فەرد و ئارەزووەکانیەتی، کۆمەڵگایەکە کە بوژانەوە و گەشەکردنی فەرد پێوانەی پێشڕەوی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیە. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی لەسەر هەژاری و دەستەنگی دانامەزرێ، تەنانەت کۆمەڵگای کۆمۆنیستی پەڕینەوەیەکی فراوان و هەمەلایەنەیە لە "کۆمەڵگای نودرە/ دەگمەنەوە" بۆ "کۆمەڵگایەکی وفرە" لە ئاستێکی جیهانیدا. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی کاتێک دەتوانرێ بێتەکایەوە کە هێزی ئامادەبەکاری کۆمەڵگا، یانی کۆمەڵگای کارکردوان بەو ئاستە گەیشتبێ کە هێزە بەرهەمهێنەرەکان توانای داهێنان و خوڵقاندنی پێداویستیە مادی ومەعنەوی و فەرهەنگیەکانی کۆمەڵگای لە باڵاترین ئاستدا هێنابێتەدەرەوە و بەردەوامیش بەرەوپێشەوە پەرەبسێنێ، بە رادەیەک کە وەڵامدەرەوەی پڕاوپڕی پێداویستی و ویست و

## دیکتاتۆری و دیموکراسی و حکومەتی کرێکاری

ئارەزوەکانی ئینسان بێت، کۆمەڵگایەک کە هەر کەس بەپێی پێویستیەکانی لە ژیانی پێکەوەیی و هەرەوەزی کۆمەڵایەتیدا بەشدارە، وە لێرەشەوە کۆمەڵگا نەک هەر بەرەو پوکانەوەی دەوڵەت و دابەشبوونی چینەکان و ئایدیۆلۆژیا و دین و خورافە و...هتد هەنگاوی ناوە بەڵکو بیروباوەری ئینسانی و سونەتی ئینساندۆستی سەراپا شوێنی هەر جۆرە فەرهەنگ و سونەتێکی کۆمەڵگای پێشوی گرتوتەوە و ئازادی و یەکسانی مانای واقعی وەردەگرێ و کۆمەڵگایەکی چونیەکی و پێکەوەیی سەردەردێنێ. چونیەکی بە مانای دەستڕاگەیشتنی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگایە بەپێی نیازی شەخسیان بەهەر نازو نیعمەتێک کە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵگا خولقاندویەتی، کۆمەڵگایەک کە خەسڵەتی جیهانی هەیە و بەشێوەیەکی هۆشیارانە و دەخاڵەتی ئەندامەکانی بەڕێوەدەبرێ.
بەمجۆرە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا تا ئەو کاتەی کۆمەڵگا پێی نەناوەتە قۆناغی پوکانەوەی یەکجاری چینەکان و دەوڵەتەوە یەک پێداویستیە کە کرێکار وەک چینێکی باڵای ڕێکخراو بۆ تێپەرکردنی کۆمەڵگا لە قۆناغی سەرمایەداریەوە بۆ کۆمۆنیزم بەدەستیەوە دەگرێ تا بەرنامەی ئازاد یو یەکسانی بەکردەوە دەربهێنێ. شۆڕشی سۆشیالسیتی وەیا شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار بۆ ئەوەیە کە ئابوری سەرمایەداری هەڵوەشێنێتەوە و خودی کارگەر بوون و کۆیلەیەتی کاری بەکرێ هەڵوەشێنێتەوە. ئەمە ئەو کارەیە کە هیچکام لە شۆڕشەکانی تر کە لە مێژوودا رویانداوە وەیا روودەدەن نەیانتوانیوە وەیا بەپێی ناوەرۆکی چیانیەتیەکانیان ناتوانن دەستی بۆبەرن.

## حکومەتی کرێکاری و ئازادی ئەحزاب:

ئایا لەسایەی حکومەتی کرێکاری و دەوڵەتی سۆشیالسیتیدا، چالاکی ئەحزابی غەیرە کرێکاری و غەیرە کۆمۆنیستی ڕێگەپێدراوە؟ ئایا دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و حکومەتی شوراکان ڕێ بە بەشداری و ئازادی ئەحزابی تر دەدات و دەتوانن بەشداربن لە شوراکاندا؟
هەر ئەحزابێک پەیوەستی خۆی بە دەستور و مەنشورێکەوە راگەیەنێ کە شواراکان پەسەندیان کردووە، دەتوانن ڕۆڵی خۆیان ئازادانە بگێڕن سائیتر هەڵگری هەر جۆرە ئایدیۆلۆژیا و باوەڕێکی سیاسی بن. ڕەتکردنەوەی ئەحزاب و لێسەندنەوەی ئازادی هەڵسورانی سیاسی و قەدەغەکردنەکەی بە بڕیاری شوراکان دەبێ، ئەویش لەو حاڵەتەدا کە حزبی ناوبراو بە کردەوە کەوتبێتە دژایەتی کردنی حکومەتی کرێکاریەوە و دەستور و یاساکانی پەیوەست بە کۆمەڵگای نوێوە دژایەتی بکا و خەڵک بۆ ڕوخاندنی هانبدات، بەواتایەکی تر ئەوە حزبی کۆمۆنیست نییە کە قەدەغەی ئەحزاب رادەگەیەنێ و ئازادییان

لێدەسێنێتەوە بەڵکو کۆبوونەوەی نوێنەرانی خەڵکە لە شوراکاندا و لە کۆبوونەوەی گشتی و ڕەسمی خۆیدا بڕیاری لەم جۆرە دەردەکەن، بەم پێیە ستاندارد و مەرجێک هەیە بۆ هەڵسورانی حزبەکان (یاسای ئەحزاب) کە شوراکان وەک بەڵگەنامەی ئازادی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی پێی دەگەن و دەیکەنە بنەمای ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان حزبەکان لەژێر سایەی حکومەتی شورایی و کارگەریدا. دروست هەروەک چۆن لەسایەی دیکتاتۆریەتی بۆرژوازیدا، تەنانەت لە فۆرمی هەرە باڵای دیموکراسیەکەیدا، مافی شۆڕشکردن و یاخی بوون لە دەسەڵات ڕێگەپێدراو نییە و بە قەهراویترین شێوە وەڵام دەدرێتەوە، زیندانی کردن، گرتن و ڕاونان، سەرکوتگەری و تەنانەت ڕاگەیاندنی جەنگی خوێناویی و پەلاماری ڕاگەیاندن .. هەموو ئەمانە لە سایەی دیموکراسیدا، بەم یان بەو ئاست دەستی بۆ دەبرێ کاتێک لە بەرامبەر دەسەڵاتدا نەک هەر شۆڕش بگرە خۆپیشاندان ومانگرتنی سادەی جەماوەری بووبێتە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی مەوجود.. بۆ چینی کرێکاریش هەروایە ڕێگا نادات حزب و لایەنێک بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی تازەی کارگەران لە هەوڵدا بێت. کەوایە ئەگەر مافی پارێزگاری کردن لە دەسەڵاتی خۆ بۆ چینی بۆرژوازی ڕەوا بێت، ئەوا بۆ کرێکاران و جەماوەری چەوساوە و حکومەتەکەیان سەد بەرابەر ڕەوایە.

## دوا وتە بۆ ئەم باسە

لەدوا وتەی ئەم باسەدا دەمەوێت بڵێم: دیکتاتۆریەتی چینەکان ئەگەر کرێکاری بێت یان بۆرژوازی سەرخانێکی سیاسیە و لەئاکامدا بنەما دەباتەوە سەر زەرورەتێکی ئابوری. وەک پێشتر وتم دیکتاتۆریەتی بۆرژوازی ئەگەر لە فۆرمی دیموکراسی و پەرلەمانیدا بێت، یان لە فۆرمی ئیستبداد و سەرکوتی بێپەردەدابێت، وە یاخود لە فۆرمی دەسەڵاتە میلیشیایی و یەک حزبیەکان و فرە حزبیەکاندا بێت، لە ڕوانگەی چینایەتی و ئابوریەوە یەک ناوەڕۆکیان هەیە ئەویش ئامرازی دەستی چینی بۆرژوازیە و سەرخانێکی سیاسین بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنی سیستەمی کاری بەکرێ و ڕاگرتنی بازاری کار و سەرمایە.. بەهەمان شێوە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ئەگەر لە فۆرمی کۆمۆنارەکاندا وەیا لە فۆرمی شوراکاندا بێت، ئەگەر یەک حزبی پێشرەو لەسەرەوەی ڕاوەستابێت وەیا لە ڕێکخراوە کرێکاری و جەماوەریەکاندا خۆی ساز دابێت، سەرەنجام شکڵی ڕێکخراوی چینی کرێکارە لەدژی بۆرژوازی و سەرخانێکی سیاسیە بۆ هێنانەکایەوە و زاڵکردنی پەیوەندیەکی ئابوری نوێ، یانی دامەزراندنی ئابوری سۆشیالسیتی، ئەمەش لەڕێگای هەڵوەشانەوەی ئابوری سەرمەیداریەوە. ئابوری سۆشیالیستی کە لەژێر حوکمی دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی ئینسان خۆیدایە و ئیرادەی هوشیارانەی ئینسانەکان دایدەمەزرێنێ.

## دیکتاتۆری و دیموکراسی و حکومەتی کرێکاری

بەمجۆرە ئەو دابەشبونەی کە گوایە دیموکراسی لەبەرامبەر دیکتاتۆریەتدایە، هەڵگەرانەوەی واقعیاتی کۆمەڵگا و ڕێگا لێونکردنە، بەوەی کە دیکتاتۆریەت وەک سەرچاوەی شەڕ و ماڵوێرانی بناسرێ و دیموکراسیش وەک کۆمەڵگای سوڵح و سەفاو خۆشبەختی و کامەرانی ئینسانەکان وێنابکرێ. ئەمە لێکدانەوەیەکی بۆرژوازی و موفەسیران و ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانێکە کە دەیانەوێت کۆمۆنیزم بشکێنن وسەرمایەداریش بە ئەبەدی بکەن لە زهنی خەڵکی چەوساوەدا و پێیان بڵێن دونیا هەر ئەوەیە. لەکاتێکدا هەروەک ئەوەی ڕۆشنمان کردەوە کە دیکتاتۆریەت، دیکتاتۆریەتی چینەکانە و لەگەڵ بوونی چینی کریکار و سەرمایەداردا، خەسڵەتی جیاوازیان بۆ پەیدادەبێ و وەک بەشێک لە کێشمەکێشی چیانیەتی بەسەر یەکتردا زاڵ دەبن. هەر بۆیە ئەگەر دابەشبونێک لەئارادابێت لەنێوان دیکتاتۆریەتی ئەم دوو چینەدایە، واتە دیکتاتۆری بۆرژوازی لەلایەک و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لەلایەکی ترەوە.. فۆرمە حکومەتیەکانیش لە هەر وڵاتێکدا بەدەر نین لەناوەڕۆکی ئەم دوو جۆرە لە دیکتاتۆریەت.

مێژووی سەرمایەداری هەر لە کاتی سەرهەڵدانیەوە تا ئێستا بەردەوام لەژێر سایەی دیکتاتۆریەتی چینی بۆرژوازیدا سەردەمانێکی خوێناوی نیشانی بەشەریەت داوە. مێژوویەک کە بە کردەوە فاکتۆری عەقڵ و عەقلانیەت لە دەرەوەیدایە.. بەجیالەوەی کە یاساکانی ئابوری سەرمایەداری یاساگەلێکی کوێر و ناعەقلانین و بەردەوام لاسەنگن ڕووە و قەیرانە ئابوریەکان، هاوکات جەنگ و کاولکاری و شەڕە جیهانی و ناوخۆیەکانی دەوڵەتانی بۆرژوازی، داسەپاندنی هەژاری و بێدەرەتانی و پشێویە کۆمەڵایەتیەکان، زیندان و گرتن و دەربەدەرکردن و دەیان دیاردەی وەک جیاکاری ئاینی، ڕەگەزی و نەتەوەیی وهەڵاواردنی ئینسانەکان.. لەگەڵ ئەوەدا کردە گەلێکی ناعەقلانی نیشاندەدەن بەڵام هەر هەموویان لەسایەی دەسەڵاتە دیموکراسیەکان و نەزم ونیزامێکدا بەڕێوەبراون کە گوایە بێبەریە لە دیکتاتۆریەت.  ئایا ئەو هەموو کارەسات و دەرد و مەینەتیانەی کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتە دیموکراسیەکاندا ڕووبەڕووی ئینسان دەبێتەوە کافی نییە بەو ئەنجامە بگەین کە دیموکراسی لەبەرامبەر دیکتاتۆریەتدا نییە، بەڵکو فۆرمی حکومەتی دەسەڵاتداریێتی چینێکە کەپێی دەڵێین سەرمایەدار؟



مەنسور حکمەت

# کەلێنی نێوان قسە و کردار

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەمە غەفور
١٦ جێنوەری ٢٠١٩ – ئەمستردام

ئەمڕۆ دەمەوێ لە بارەی ئەنجامەکانی پلینۆمی دووهەمی کۆمیتە ناوەندیی حزبەوە لەگەڵ ئێوە قسە بکەم. ئەمە ڕاپۆرتێکی فەرمی نییە. بەڵکو من لەسەر مەسەلەیەک جەخت دەکەم کە تەوەری سەرەکی قسە و باسەکانی پلینۆم و کۆی گیانی گشتی ئەو پلینۆمەی پێکدەهێنا. ئەمە مەسەلەیەکی هێجگار گرنگە و چاوەڕووانیم ئەمەیە هەموو هاوڕێیان بە ووردی گرنگی پێ بدەن، هەوڵ بدەن ئەو مەسەلە بە قووڵی دەرک بکەن و دەرەجەی ئامادەیی و ئینێرجی خۆیان بۆ بەرەو پێش بردن و عەمەلی کردنەوەی ئەو ڕێگاچارەیەی کە پلینۆم بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە خستویەتییە دەستووری ئێمەوە هەڵبسەنگێنن و لە بارەیەوە داوەری بکەن. دوای ئەم قسانە هەر هاوڕێیەک دەبێ بتوانێت بۆ خۆی ڕوونی بکاتەوە کە تا چی ئاستێک ئامادەیە کە خەبات کارێکی لێبڕاو بێت بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم مەسەلەیەدا.

بەڵام ئەم مەسەلەیە چییە؟ بۆ شەرح کردنیی باشتری ئەمە مەسەلەیە ڕێگا بدەن بگەڕێینەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی دیکە، بۆ حزبی بەلشەفیی دوای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات و

## کەلێنی نێوان قسە و کردار

ووتەیەکی لینین بهێنمەوە. بارودۆخێک کە ئەو تەسویری دەکات لە هەندێک ڕووەوە لە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێمە دەچێت.
لینین لە ڕاپۆرتی کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیست (بەلشەفیک)دا بۆ کۆنگرەی یانزەهەم لە ساڵی ١٩٢٢ (یانی دوایین کۆنگرەیەک کە لینین بەشداری تیا کرد) ئاوا دەڵێت:
"یەک ساڵ تێپەڕیوە. دەوڵەت لە دەستی ئێمەدا بووە. بەڵام ئایا لە ژێر سیاسەتی ئیقتسادی نوێ (نێپ)دا ئەم دەوڵەتە بە پێی شێوەکاری ئێمە ئیشی کردووە؟ نەخێر. ئێمە نامانەوێ دان بەمەدا بنێین بەڵام ئەمە ڕاستییەکەیە. کەوابێ بە چی شێوازێک ئیشی کردووە؟ ئەم دەزگایە بۆ ئەو شوێنە ناڕوات کە ئێمە دەمانەوێ، بەڵکو بۆ شوێنێک دەڕوات کە مشتێک سەرمایەداری تایبەتی و ئیحتیکارچی ناشەرعی و نائاشکرا کە مەعلوم نییە لە کوێوە هاتوون دەیبەن. دەزگای دەوڵەت بە تەواوی وە بە هیچ جۆرێک بەو ئاراستەیەدا ناڕوات کە ئەو کەسەی وا لە پشتی سوکانەوە دانیشتووە تەسەوری دەکات. ئێوە کۆمۆنیستەکان، ئێوە کرێکاران، ئێوە بەشی هۆشیاری پرۆلیتاریا کە دەستتان داوەتە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، کارێکی وا بکەن کە دەوڵەتێک کە لە دەستتاندا هەیە بەپێی شێوەکاری ئێوە ئیش بکات".
لینین لێرەدا دەربارەی ئەمە قسە دەکات کە حزبی بەلشەفی، پێنج ساڵ لە دوای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات و یەک ساڵ لە دوای تەرح کردنی سایسەتی ئیقتسادی نوێ، بەسەر دەزگای دەوڵەتیدا، یانی بەسەر ئامرازی جێبەجێ کردنی پلانە کۆمەڵایەتییەکانیدا، کۆنترۆڵی نییە. دەوڵەت ئەو ئامرازەیە کە بە ڕێی خۆیدا دەڕوات، وە بە ئاراستەی پێچەوانەی ئەوەی بەلشەفییەکان دەیانەوێ و کە لە پشتی سوکانەکەیەوە دانیشتوون، دەڕواتە پێشەوە. بە درێژایی تەواوی ئەم ڕاپۆرتە لینین هەوڵ ئەدات پیشانی بدات کە دەبێ چی بکرێت تا ئەم دەزگایە بەو ئاراسەتەیەدا حەرەکە بکات کە بەلشەفییەکان یانی کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی هۆشیار دەیانەوێت.
ئێمە ئەمڕۆ هەموومان دەزانین کە ئەم ئۆتۆمبیلە دواجار بەو لایەدا نەڕۆیشت کە بەلشەفییەکان دەیانویست وە چی بەسەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری جیهاندا هات.
من پێموایە کە ئێمە ئەمڕۆ (نەک لە ڕووی چەندایەتییەوە، بەڵکو لانی کەم لە ڕووی چۆنایەتییەوە) لە هەلومەرجێکی هاوشێوەدا گیرساوینەتەوە. یانی دەبێت دیاریی بکەین ئەو دەزگایەی کە بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکانی ئێمە لەبەر دەستماندایە بەو ئاراستەیەدا دەڕوات کە جێگای مەبەستی ئێمەیە یان نا، وە ئەگەر بەو لایەدا ناڕوات دەبێ چی بکەین کە وا بڕوات. ئەم دەزگایە، ڕێکخستنەکانی ئێمەیە. ئەگەر لەم هەوڵەدا سەرکەوتوو نەبین، ئەوسا

هەمان ئاکامی حزبی بەلشەفی بە شێوەیەک ئاکامی ئێمەش دەبێت. لینین دەڵێ کە لە بەینی قسە و بەرنامە و پلانی بەلشەفییەکان لەگەڵ کار و کردەوەی ئەواندا کەلێن درووست بووە. ئێمەش ئەمڕۆ لە ناو هەلومەرجێکدا گیرساوینەوە کە لە بەینی قسە و پلان و بەرنامەمان لەگەڵ کار و کردەوەماندا دووری و کەلێنێکی جددی هەیە. لینین دەڵێ کە من نازانم کام نەوعە لە سەرمایەداری تایبەتی ئیحتیکارچی ماشێنی دەوڵەتی بۆ ئەو لایە دەبات کە دەڕوات. ئێمەش ئەمڕۆ دەبێت دیاریی بکەین کە کام هێزانە و کام مەیلی واقعی دامەزراوە و ڕێکخستنی حزبیی ئێمە بە ئاراستەیەکدا دەبەن کە پێچەوانەی خواستی ئێمەیە.
ئەمە مەسەلەی جددی ئەمڕۆی ئێمەیە. پلینۆمی کۆمیتە ناوەندی حزب ئەم مەسەلەیەی وەکو تەوەری باس و نیقاشەکانی خۆی داناوە و ئامادەیی وەرگرتووە کە ئەم مەودا و کەلێنە لەناو ببات. ئەم مەسەلەیە پێویستی بە ئیهتیمامی جددی هەموو هاوڕێیان هەیە، چونکە لەناوبردنی کەلێنی نێوان قسە و کرادری ئێمە، خۆی هێشتا یەک ئامانج و پلانە کە نابێ لەسەر کاغەز بمێنێتەوە.
کەلێنی نێوان قسە و کرادری ئێمە کامەیە؟
لەوانەیە لە سەرەتای کارەوە بە بڕوای هەندێک هاوڕێ ئەم مەودا و کەلێنە زۆر گرنگ دەرنەکەوێت. ئاخر مەگەر مەسەلەکە جیاوازە لەمەی کە ئێمە ئینسان گەلێکی شۆڕشگێڕ و خەباتکارین کە بە باوەڕەوە هاتووینەتە سەر ئەم ڕێبازە؟ بۆچی نا. بەڵام کاتێکیش لینین هەم لە بارەی ئەم کەلێنەوە لە حزبی بەلشەفیدا قسەدەکات، نکوولی لە شۆڕشگێڕ بوون و ڕاستگۆ بوونی بەلشەفییەکان ناکات. ئەو دەڵێ کاتێک سەیر دەکەین، بەلشەفییە کۆمۆنیستەکان، ئامانجدار و شۆڕشگێڕەکان دەبینین. لینین هەموو ئەوان بە کۆڵنەدەر و ڕاستگۆ ناودەبات بەڵام لە هەمان کاتدا دەڵێ، کە ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەبێت (بێجگە لە کۆمیتەی جێبەجێکاری شوورا سەرتاسەرییەکانی کرێکاران کە پارێزبەندیی سیاسییان هەیە) باقی ئەندامانی حزبی و کارمەندانی دەوڵەت شەش سەعات بکرێنە زیندانەوە. تاوانی ئەوان ئەمەیە کە نەیانتووانیوە ئامانجەکان، ئایدیاکان، بەرنامەکان و پلانەکانیان بە عەمەلی جێبەجێ بکەن و بیانگۆڕن بە بەشێک لە واقع.
بەڵام کەلێنی نێوان قسە و کرادری ئێمە لە چی شتێکدا خۆی پیشان ئەدات. دوو ساڵە (لە کۆنگرەی سێهەمی کۆمەڵەوە) کە ئێمە بە فەرمی ئاڵای مارکسیزمی شۆڕشگێڕمان بەسەر دەرگای ڕێکخستنەکانەوە هەڵواسیوە و ئێستا چوار مانگە کە حزبی کۆمۆنیستمان درووست کردووە، کە لە پەیڕەوی ناوخۆیدا وەکو حزبی سیاسی چینی کرێکاری سەرانسەری ئێران خۆی ناودەبات (ئێستا کارمان بەسەر خەبات و مەوجودییەتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕەوە نییە لە پێش لە ڕاپەڕینی بەهمەن تا کۆنگرەی سێ). ئەمە

دەسکەوتێکی گەورەیە. بەڵام چینی کرێکار بەم بۆنەوە مەدالیا بە ئێمە نادات. چونکە ئێمە لەگەڵ ئەمسالی پەیکار و ڕەزمەندگان و موجاهدینی خەڵک بەراورد ناکات، لە بنچینەدا ئەمانە لە مێژووی خەباتی چینی ئێمەدا جێگایەکیان نییە. ئێمە بە ئامانجەکانمان و بەرنامەمان، بە گوتارەکانمان داوەریمان لەسەر دەکەن. ئێمە بەو دنیایە تەقیم دەکەن کە دەمانەوێ لەسەر زەوی دایبمەزرێنین. سرووشتییە کە چاوەڕوانی ئەوەیان هەبێت کە ئێمە شان بە شانی پێویستییەکانی جێبەجێ کردن و بە کردەوە دەرهێنانی بەرنامەمان خاوەن توانا و بەهێز و ئوسوڵی مەحکەم بین. وە هەر کەمو کووڕی و لادانێک لەم دەرەجەیە لە ئوسوڵی بوون بەهێز بوون وەکو تەقسیر لەسەرمان حساب دەکەن. خودی خۆشمان هەم دەبێت بەم شێوەیە لەسەر خۆمان داوەری بکەین.

بەم پێیە یەکەمین شوێنێک کە کەلێنی قسە و کرداری ئێمە خۆی تیا نیشان ئەدات، لەسەر کاغەز مانەوەی بەرنامەی سیاسی و چینایەتیی ئێمەیە. ئێمە دەڵێین کە حزبی کرێکاران و زەحمەتکێشانین، بەڵام لە واقعدا مەسەلەی پەیوەندی ئێمە لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشان بە زەحمەت گەشە دەکات. هەڵبەت ئێمە گەشە دەکەین، بەڵام مەسەلە دەربارەی خێرایی ئەم گەشە کردنەیە. ئەگەر ئێمە بە خێرایی یەک کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا بڕۆین، بێگومان دەڕۆینە پێشەوە، بەڵام هەرگیز بە شەمەنەفەرێک ناگەینەوە کە بە خێرایی ١٠٠ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا دەڕوات، وە ئەگەر مەبەستی ئێمە ناو ئەو شەمەنەفەرە بێت، ئەوا بە مەبەستمان ناگەین. بەم پێیە ئامارەکانی ١٠٪ و ٣٠٪ و ٥٠٪ بۆ پێشرەوی ئێمە بەس نییە، ئێمە بە ئامانجەکانمان هەڵماندەسەنگێنن کە گۆڕینی جیهانە. ئێمە لە بەرنامەی خۆماندا وتوومانە کە دەمانەوێ جیهان بگۆڕین. دەڵێین دەمانەوێ نەزمێکی نوێ دەبمەزرێنین تا ئەو هێزە بەرهەمهێنانەی کە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا کۆت و بەند کراون، بخەینە جووڵەوە. زۆر باشە بەڵام دەزانن ئەم هێزانەی بەرهەمهێنان یانی چی؟ یانی سەرتاپای پیشەسازی و سەناعە و دامەزراوە عیملاقەکانی بەرهەمهێنانی جیهانی ئەمڕۆ، یانی تەواوی تۆڕی مەزنی حەمل و نەقڵی جیهانی، یانی سەدان ملیۆن ئینسان، یانی سەرجەم لقەکانی زانستەکان و تەکنەلۆجیایەک کە جیهانی ئەمڕۆی بە پێوە ڕاگرتووە. ئێمە دەڵێین دەمانەوێ هەموو ئەمانە ڕزگار بکەین و لە نەزمێکی نوێدا ڕێکیان بخەینەوە. زۆر باشە، بەڵام ئەگەر کەسێک بگات پێمان و گوێبیستی ئەمە بێت پێمان ناڵێت: "باشە زەحمەت نەبێت سەرەتا بڵاوکراوەکانی خۆتان باش دابمەزرێنن و باش ڕێکیان بخەن، پەیوەند گرتنەکانتان باش تەرتیب بکەن با بزانین چۆنە، دوای ئەمە جیهانی ئەمڕۆ بە دەور و تەسلیم وەربگرن کە هەر ڕۆژە ملیۆنان تەن بەرهەم و کاڵا تاوتوێ دەکات." کەسێک کە دەیەوێت جیهان بگۆڕێت دەبێ هەر لە ئەمڕۆوە ئاماژەی ئەم هێز و توانایە بە ناو چەوانییەوە دیار بێت. بێچووی فیل هەر لە

منداڵییەوە لە فیل دەچێت. بەرە بەرە ناگۆڕێت بە فیل. ئەو سیاسەتە شۆڕشگێڕانەیەی کە پیشانی ئەدات ئێمە دەتوانین جیهان بگۆڕین دەبێ ئەمڕۆ خۆی لە ئێمەدا نیشان بدات. بەڵام بە داخەوە ئەم دەرکەوتانە لەناو ئێمەدا کەمن. کەسێک کە بەو ئامانجە بەرزانە پابەند بووبێت یەک ڕۆژ و یەک سەعاتیشی لەگەڵ ئێمە فەرق دەکات.
ئەمە واقعییەتێکە کە ئەفکار و ئامانجە ڕاگەیەنراوەکانی ئێمە خۆی ئاماژەیەکی گرنگە لە ئاییندەی سەرکەوتووی ئێمە. ئەمە بە تەواوی درووستە و نابێ لە یادمان بچێت. بەڵام بەس نییە. ئەگەر ئەم ئەفکار و پرەنسیپانە لەسەر کاغەز بمێنێتەوە، نەبێتە کردار، ئەوکاتە ئێمە هیچ ئەرگۆمێنتێکمان نابێت بۆ ئەمەی بە جەماوەری خەڵک پیشان بدەین، کە ئەو ڕێگایەی کە ئەوانی پیادا دەبەین ڕێگایەکی واقع بینانەیە، عەمەلییە، خەیاڵ پڵاو و خەونی شۆڕشگێڕانە نییە. سەرنج بدەن، ئەمڕۆ هیچ بەش و سەکتەرێک نییە کە ئێمە خۆمان لە بۆرجوازی باشتر ساز و ئامادە بین و لە ئیمکاناتی خۆمان باشتر کەڵک وەربگرین بە شێوەیەک کە بۆ وێنە بتوانین بڵێین:
"ڕاستە کە بۆرجوازی بێتەل و ڕادیۆ و دەزگای چاپی درووست کردووە، بەڵام ئێمە سوودێک لەمانە وەردەگرین کە بە عەقڵی بۆرجوازیدا ناچێت. ڕاستە کە بۆرجوازی ئینسانەکان کۆدەکاتەوە و لە پێناو ئەنجامدانی کار و باری کۆمەڵگەکەیدا ڕێکیان دەخات، بەڵام ئێمە لە خاوەنی کەم زانیاریترین، لە بێبەشترین و ڕاهێنان نەدیوترین ئینسانەکان، کەسانێکی بە ئەزموون درووست دەکەین و بە شێوازێک ڕێکیان دەخەین کە کاریگەرییان لە شارەزایان، لە مودیران و پرۆفیسۆرانی بۆرجوازی باڵاترە". نەخێر، ئێمە ئەمڕۆ هێشتا ناتوانین ئیدیعایەکی بەم جۆرە بکەین. واقعی بابەتی پێچەوانەی ئەمە پیشان ئەدات. بیرتیژترین، بیرمەندترین و فیداکارترین ئینسانەکان دێنە ڕیزی ئێمەوە. ئەمانە بەتواناترین و شەریفترین ئینسانەکانی کۆمەڵگەن، چونکە هۆشیارانە ڕێگای خەباتیان لە دژی چەوسانەوە و ستەم هەڵبژاردووە. لە ڕیزی ئێمەدا پسپۆڕ و دکتۆر و ئەندازیاری شارەزا کەم نین، بەڵام لە زۆر حاڵەتدا بە ئەندازەی یەک بەڕێوبەریەتی بۆرجوازی سوود لە هێزی ئەفرادێک لەم ئاستەدا وەرناگرین. ناتوانین بەو جۆرەی کە پێویستە ڕێکخراویان بکەین تا هێز و توانای خۆیان بە ڕاستی بۆ خزمەت کردنی شۆڕش ئازاد و تەرخان بکەن.
زۆرێک لە قسەکانی ئێمە لەسەر کاغەز دەمێننەوە. لە هەوادا شەپۆل ئەدەن و ناگەنە سەر زەمین. دەڵێین دڵسۆزی جەماوەری خەڵکین، بەڵام جێی سەرسوڕمانە کە دەبێ بۆ ئەوەی ڕووبکەینە جەماوەری خەڵک و تەنانەت بۆ بەرگرتن بە توندوتیژی بەرامبەر ئەوان دەبێت بڕیارنامە دەربکەین! دەڵێین هۆشیار کردنەوە کاری ئێمەیە. بەڵام هیچ دەزگایەکی هۆشیار کردنەوەمان دانەمەزراندووە تا هەمیشە، بە شێوەی ڕۆژانە و بەبێ ڕاوەستان کرێکاران

## کەلێنی نێوان قسە و کردار

هۆشیار بکاتەوە. دەڵێین کۆمۆنیستەکان ڕێکخەرن، لە ڕووی ئوسولەوە کۆمۆنیست خۆی لە هونەری ڕێکخستندا مانا دەکاتەوە، بەڵام کام کادرەمان پەروەردە کردووە تا بە ئەندازەی سەرۆک شارەوانی شارێکی بچووک ڕێکخەر بێت، یانی بە قەد کەسێک کە شارێکی ٢٠٠ هەزار کەسیی لە خزمەتی کۆمەڵی بۆرجوازی لە خزمەتی بەرژەوەندی چینی خۆیدا ئیدارە دەکات.

قسەی ئێمە لەگەڵ کارکردی ئێمەدا کەلێنیان لە نێواندایە. ڕێک هەمان حاڵەتە کە لینین وێنەی دەکات. دەبێ کارێک بکەین کە ئۆتۆمبیل بۆ ئەو شوێنە بڕوات کە ئێمە دەمانەوێت، بۆ ئەو شوێنەی کە پرەنسیپ، ئامانجەکان و پلانەکانی ئێمە حوکمی تیا دەکەن. با ڕاشکاوانە بڵێم، ئەگەر ئۆتۆمبیل بۆ ئەم شوێنە نەڕوات سەرکەوتن بە دەست نایەت، ئێمە پێشڕەوی دەکەین بەبێ ئەوەی سەرکەوتن تۆمار بکەین و هەر بۆیە ئەرکەکانی چینی کرێکار دەست لێ نەدراو دەمێننەوە. سەرکەوتنی چینی کرێکار ناتوانێت ڕێژەیی بێت. سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان دەبێت سەرکەوتنی موتڵەق بێت. چونکە بۆ بەدەست هێنانی تەواو کەماڵی دەسەڵات لەلایەن چینی کرێکارەوە خەبات دەکەن. سەد جاریش ئێمە کۆمۆنیستەکان کۆمەک بکەین، ئاڵوگۆڕی نسبی لە کۆمەڵدا ڕووبدات، حکومەتە بۆرجواییەکان جێگۆڕکێ بکەن، مسەدەقێک بێت و بڕوات، هێشتا سوودێک بە چینی کرێکار نەگەیشتووە. چینی کرێکار نەک بە ئاڵوگۆڕی نسبی هەلومەرج (کە هەمیشە ناجێگیرە) بەڵکو بە سەرکەوتنی موتڵەقی چینەکە خۆی بە ئامانج دەگات. کەوایە ئێمە کە لە پێناو تەواوی ئەم سەرکەوتنەدا خەبات دەکەین دەبێ دەزگایەک دابمەزرێنین کە هەموو ئەرکەکانی ئێمە بباتە پێشەوە. یەک تۆز نزیک بوونەوە لە ئامانج بە کەڵکی ئێمە نایەت. لە ئێمە "ئینسانگەلێکی تێکۆشەر کە دواجار کاریان بە ئەنجام نەگەیشت" درووست دەکات. ئەزموونی باڵادەست بوونی تەحریفییەت دوای دەسەڵاتی بەلشەفییەکان دەیسەلمێنێت کە دەبێت "کارەکە تەواو بکەین" و هەر بۆیە دەبێت دەزگایەک دابمەزرێنین بۆ تەواو کردنی کارمان.

کەلێنی نێوان قسە و کرداری ئێمە زۆرێک لە هاوڕێیان دەیزانن، لە کاری خۆیان و ئەوانی دیکەدا دەیبینن و هەموو ڕۆژە نارەزایی پیشان ئەدەن و هۆشداری ئەدەن. ئەمە شتێک نییە کە من بمەوێ لێرەدا بیسەلمێنم یان لە بەرامبەر بە دەسکەوتەکانماندا داینێم. بەڵام جەختی من لەسەر ئەمەیە کە بە تەنیا ئەم دەسکەوتانە هەرگیز بەس نییە، ئێمە بۆ سەرکەوتن، بۆ ئەوەی کە شکستەکانی پێشووی بزووتنەوەی چینی کرێکار دووبارە نەبێتەوە، دەبێت بیرێکی جددی لە حاڵی ئەم مەسەلەیە بکەینەوە.

کەلێنی قسە و کرداری ئێمە کرداری چینەکانی دیکەیە

## مەنسور حكمەت

ئەمرۆ كەلێنی نێوان قسە و كرداری ئێمە بە چی شتێک پڕدەكرێتەوە؟ یان بە تەعبیرێكی تر كاتێک قسەی ئێمە نابێتە كردار ئایا هیچ شتێک ڕوونادات؟ ئایا نارەزایی من لەمەیە كە قسەكانمان نابێتە كردار؟ بەم جۆرە نییە. لە واقعدا كەلێنی نێوان قسە و كرداری ئێمە كرداری چینەكانی تر پڕی دەكاتەوە. لینین نالێت كە "ئەم دەزگایە باش كار ناكات، هەڵمەت و كارایی بەرز نییە، بە زەحمەت دەبزوێ و لە كاركردن وەستاوە." ئەو دەڵێت ئەم دەزگایە لە بەرژەوەندی چینەكانی تر، لە بەرژەوەندی مشتێک سەرمایەدار، جوڵە دەكات. هاوڕێیان، ئێمە لە جیهانێكی چینایەتیدا دەژین. هەموو شتێک مۆركی چینایەتیی وەردەگرێت. كاتێک قسەی ئێمە نابێتە كردار، یانی قسەی دیكەیە خەریكە عەمەلی دەبێتەوە. قسەی چینێكی دیكە. با چەند نموونەیەک بهێنمەوە:

بۆرجوازی ملیۆنان تمەن خەرج دەكات، سەدان و هەزاران بەكرێگیراو پەروەردە دەكات تا ئەمنیەتی ڕێكخستنەكانی ئێمە و بەردەوام كاریی حزب بخاتە مەترسییەوە. دەیان كەس دەنێرێت بۆ چاودێری كردنی ئەندامانی ڕێكخراوی ئێمە، بودجە بۆ پرچەک كردنی سەربازی تەرخان دەكات و كوژراو ئەدات هەتا گورزمان لێ بوەشێنێت، هەوڵ ئەدات لە دەروونی ڕێكخراوی ئێمەوە زانیاری دەست بخات. ئەمە ئامانج و سیاسەتی بۆرجوازییە. ئەمە مەبەستی بۆرجوازییە. بەڵام دەزگای ڕێكخراوەیی ئێمە خۆبەخۆ لە ڕاستیدا بە هەمان ڕێگا و مەبەستی بۆرجوازیدا دەڕوات. ئێمە دەڵێین دەبێ لێبڕاوانە ئەمن و ئاساییش و نهێنییەكانی حزب و ڕێكخستن بپارێزین. بەڵام ئەو یەكینە ڕێكخراوەییەی كە بە باشی لە ڕەمزەكان كەڵک وەرناگرێت، ئەو هاوڕێیەی كە لە ناو شار شوێن پێ هەڵگرتنەكان پووچەڵ ناكاتەوە، ئەو كۆمیتەیەی كە لە كاتی خۆیدا ڕێنوێنی و ڕاهێنانی ئەمنی نادات، ئەو ئەندامەی كە لە پاراستنی نهێنییەكان و بڵاوكراوە ناوخۆییەكاندا كەمتەرخەمی دەكات و زانیاری ڕێكخستن و ناوی واقعی هاوڕێیانێكی مەخفی بە سادەیی لە سوعبەتێكی مەحفەلیدا ئەدركێنێت، بە كردەوە و بەبێ مەبەست ئاسانكاری بۆ كاری بۆرجوازی دەكات. لای كەم مەهێڵن بۆرجوازی لە ختوخۆڕایی بە ئامانجی خۆی بگات. یەكینەی ڕێكخراوەیی و هاوڕێی كەمتەرخەمی ئێمە كارێک دەكات تا دەزگاكەمان بە عەمەلی لە خزمەتی ئامانج و سیاسەت و مەبەستی بۆرجوازیدا حەرەكە بكات. لە جیاتی پاراستنی نهێنییەكانی حزب و ڕێكخستن كە سیاسەتی پرۆلیتاریایە، دزەكردنی نهێنییەكان كە سیاسەتی بۆرجوازییە جێی دەگرێتەوە. بۆرجوازی لە بەیانی تا ئێوارە بە هەزار تێچووی گرانبەها تێدەكۆشێت تا بڵاوكراوەكانی ئێمە نەگات بە دەستی زەحمەتكێشان. ئیمكاناتی چاپخانەی ئاشكرا لە ئێمە زەوت دەكات، بۆ ئەوەی بڵاوكراوەكانی ئێمە بە كواڵیتی خراپ و بە درەنگ بگات بە دەستی كرێكاران. ئەو دەیەوێت كواڵیتی، چوارچێوە و خێرایی پەخشی بڵاوكراوەكانی ئێمە بە توندی كەم بكاتەوە.

## کەلێنی نێوان قسە و کردار

ئەمە سیاسەتی بۆرجوازییە. کەوایە ئەو یەکینە ڕێکخراوەییە و هاوڕێیەک کە بڵاوکراوەکان لە سووچێکی بنکە و بارەگادا فڕێ ئەدات، لە چاپکردنیان، لە پەخش کردنیان، لە شەرح کردنی ووتارەکانی بۆ کرێکاران، لە فراوان کردنی دامێنی پەخش کردنی ئەوان و شتی دیکەدا کەمکاری دەکات، لە ختوخۆڕایی و لە ڕووی ناهۆشیارییەوە (وەکو خزمەتکارێکی بۆرجوازی وایە) ئاسانکاری بۆ کاری بۆرجوازی دەکات. بڵاونەکردنەوەی بڵاوکراوەکان، کەمکاری لە پاراستنی ئەمنییەت، نهێنییەکان و زانیارییە ڕێکخراوەییەکان و.. تد نموونەگەلێکی هونەرین کە بە باشی مەبەستەکەی من دەخاتەڕوو. بەڵام لایەنە سیاسییەکان بایەخی هێجگار بەرجەستەتریان هەیە:
بۆرجوازی ئێمە دەستگیر و ئیعدام دەکات هەتا گورز بسرەوێنێت لە کاری ڕێکخراوەیی ئێمە. ئێمە لە فەعالییەتی ڕێکخراو و لە خەباتی شانبەشانی هاوسەنگەرانی خۆمان بێبەش بکات. کەوایە یەکینەی ڕێکخستنی ئێمە کە توانایی ئەفراد بە وردی هەڵناسەنگێنێ و ئەوان لە ڕێکخراوبوون بێبەش دەکات، یەکینەیەک کە گوێ بە ئەفراد نادات و دەسی دەسی دەکات، یەکینەیەک کە خاڵە لاوازەکانی هاوڕێیانی ڕێکخستن وەڵام ناداتەوە تا لە ڕێکخراوبوونێکی کاریگەرتر بەهرەمەند بن ڕێک هەمان کاری بۆرجوازی تەواو دەکات. ئامانج و مەرام جیایە، بەڵام ئەنجامی عەمەلی بەرەوپێش چوونی سیاسەتی بۆرجوازییە. بۆرجوا پۆلیس و مەزهەب و دەیان داودەزگای دیکەی هەیە بۆ تەفرەقە نانەوە لە ناو کرێکاراندا. پارە تەرخان دەکات بۆ ئەم شتانە، لە سوودی سەرمایەکەی مایە دادەنێت. بەڵام ئێمە نەک هەر ڕێکخستنی جەماوەری چینەکەی خۆمان، بگرە ڕێکخستنی هەڵسووڕاوانی هەمیشەیی خۆشمان بە "ویژدانی مورتاحەوە" پشتگوێ دەخەین، دەیسپێرین بەم مانگە و بە مانگی دواتر!
بۆرجوازی پرەنسیپ و ئاییننامەی کاری کۆمۆنیستی بە لاڕێدا دەبات، وە بە شێوازی جیاجیا ڕێگر دەبێت تا شێوە تەبلیغی کۆمۆنیستی، تەرویج و ڕێکخراوکردنی کۆمۆنیستی، پەیڕەوکردنی دەسەڵاتداریەتی کۆمۆنیستی، پەیوەندییەکانی دەروون ڕێکخراوەیی کۆمۆنیستی، ڕابەرایەتیی کۆمۆنیستی، دابمەزرێ و هێزی چینی کرێکار ڕزگار بکات و بیخاتە هەڵسووڕان. هەر کەسێک کە لە پەیڕەوکردنی ئەم شێوەکارانە، لە پابەند بوون بە پرەنسیپگەلێکەوە کە خۆی ئەوانەی بە پرەنسیپی ڕاست و درووست ڕاگەیاندووە، لە بەرپرسیاریەتی ڕادەکات، لە کرداردا کارئاسانی بۆ کاری بۆرجوازی دەکات.
ئەو نموونانەی هێنامنەوە هەرگیز شموولی نین. بەڵام باسن بۆ ئەمەی کە تێبگەین ئەم مەسەلەیە گاڵتە نییە. دووری و کەلێنی نێوان قسە و کرداری ئێمە دەبێ لەناوبچێت، دەبێ قسەی چینایەتی ئێمە لە هەر زەمینەیەکدا جێبەجێ بکرێت. دەبێ لە دژی هەر ئاستەنگێک کە

## مەنسور حکمەت

هۆکار دەبێت لە جیاتی کرداری ئێمە، کرداری چینەکانی دیکە جێنشین ببێت، خەبات بکەین. ئەم خەباتە بە ئەندازەی خەبات بەرامبەر بە دوژمنی ئاشکرا و ڕووبەڕوو گرنگ و حەیاتییە. ئەم خەباتە تەنانەت لێبڕاوی و فیداکاریی زیاترمان لێ دەخوازێت. چونکە لەم مەیدانەدا ئێمە بۆ ڕزگاربوون لە کۆت و بەندێکی نەبینراو خەبات دەکەین کە ئێمەی کردووەتە دیلی خۆی و دواکەوتوویی و ڕاوحکردنی بەسەرماندا سەپاندووە.

کام فاکتەرانە پراتیکی دواکەوتووانە و ناکۆمۆنیستی بەسەر ئێمەدا دەسەپێنێت؟

فاکتەری یەکەم هێزی عادەتە. ئێمە لە چنگی هێزی عادەت ڕزگارمان نەبووە. ئێمە قسە لە جیهانی نوێ دەکەین، بەڵام لە کاری ڕێکخراوەییدا، ئەو شێوەکارانەی کە بە بڕوای ئێمە لەگەڵ "عەقڵدا دێنەوە"، شێوەکارێک کە لە کاری ڕۆژانەدا "بەکەڵک دێت" شێوەکارێکە بە وێنەی عادەت و بەبێ ڕەخنە لە کۆمەڵگەی بۆرجواییەوە بە میرات بردوومانە. ئێمە لە کاری ڕێکخستندا، لە شێوەکارە عەمەلییەکانی هەڵسووڕاندا لە بڕیار وەرگرتن تا ئامادەسازی هێزەکانی ڕێکخراوەییمان، لە ئەخلاقیاتی فەردی ڕێکخراوەیی تا بگات بە نەریت و شێواز پەیڕەوی لە ئەخلاقیاتی مەوجودی کۆمەڵ دەکەین. ئێمە لە کردەوەدا پشت بە نەریتگەلێک دەبەستین کە هیچ نیشانەیەکی لە کۆمەڵی نوێی سبەینێ و کاراکتەری هۆشیاری پرۆلیتاری تیا نییە. نەریتگەلێک کە پەیوەستن بەو چینە کۆمەڵایەتیانەوە کە مردوون و لە مێژە ناڕەوان. ئێمە بە پشت بەستن بەم نەریتانە کارەکانمان "دەبەین بەڕێوە". ئەم هێزی عادەتە دواکەوتووانەیە، کە هەر ڕۆژە چەندین جار لە چالاکیی هەمووماندا خۆی دەردەخات، فاکتەرێکە کە دەبێتە ئاستەنگی عەمەلی بوونەوەی بەرنامە و سیاسەتەکانی ئێمە. ئێمە لە زەمینەی کاری ڕێکخراوەییدا لە زۆر ڕووەوە لە ڕێکخراوە وردەبۆرجوازییە دواکەوتووەکان، چەشنی مجاهیدین و.. تد، دەچین. ئێمە کەمتر دەگەڕێین بە دوای ڕێگە و شێوەگەلی نوێدا، کەمتر دەگەڕێین بە دوای سوود وەرگرتنی چالاک و داهێنەرانە لە ئیمکانات، لە دەرک کردنی شێوازەکانی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانە لە مەیدانە جیاوازەکانی کاری هونەری تا کاری پەیوەند گرتن و سیاسی و.. تد. هەمان ئەو پرس و مەسەلانەی کە بۆ بۆرجوازییەک نامومکن خۆی دەردەخات، بۆ ئێمەش هەم نامومکن دەردەکەون. کەمتر بوێری ئەنجامدانی هەنگاوی ئەساسیی، کاری ڕیشەیی و "مەزن" لە خۆمان نیشان ئەدەین. ئێمە پەیڕەوی لە سونئەتە باوەکان دەکەین. لە کاتێکدا کە بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی ئێمە دەبێت بە شێوازە شۆڕشگێڕانە و پێشڕەوەکان عەمەلی ببێتەوە. ئەو شێوازگەلەی کە لەگەڵ لۆجیک و دیدگای شۆڕشگێڕانە و پێشەنگی ئێمەدا بگونجێت عەمەلیترین شێوازە بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانمان.

فاکتەری دووهەم، فاکتەرێکی سیاسییە کە دەبێت بە باشی بیناسین. ئەم فاکتەرە هەبوونی

## کەلێنی نێوان قسە و کردار

شۆڕشگێڕییەتی ناپرۆلیتارییە لە کۆمەڵگەدا وە نفوزی هەمیشەیی ئەوە لە ناو ڕیزەکانی ئێمەدا.
بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە هیچ شوێنێکی جیهاندا لەگەڵ بزووتنەوەیەکی کرێکاریی پوخت و پاک و خالیس و سەرتاپا پرۆلیتاریدا بەرەوڕوو نییە. بزووتنەوەی چینایەتی بە بەردەوامی لە جەرگەی کۆمەڵگەیەکدا دێتە بوون وە هەر بزووتنەوەیەکی پرۆلیتاری لە کۆمەڵدا لەگەڵ خۆیدا چینگەلی دیکە دەهێنێتە مەیدان. چینەکانی دیکە لەگەڵ خۆیاندا "شۆڕشگێڕیەتی" خۆی، ڕەوشتی (عادەت) خۆی، مەیل و ئارەزووی خۆیان دەهێنن و تەبلیغ و تەقدیسیان دەکەن. ئەم شۆڕشگێڕیەتیە ناپرۆلیتارییە لە هاوشانی شۆڕشگێڕیەتی پرۆلیتاریدا جێخۆشدەکات و بەردەوام مەقولات، مەفاهیم و بەهاکانی خۆی دەڕژێنێتە دەروونی چینی کرێکارەوە. بەها پرۆلیتارییەکان لەگەڵ بەها وردەبۆرجوازییەکاندا هەندێک جار تێکەڵ و ئالوودە دەبن. سنووری فیداکاری لە ڕێگای شۆڕشی پرۆلیتاریدا بە هۆی شەهید تەڵەبیی وردەبۆرجوازییەوە کەمڕەنگ دەبێتەوە. دیموکراتیزمی لێبڕاوانەی چینی کرێکار لەگەڵ قسەڵۆکی دیموکراتیانەی چینەکانی داکۆکیکاری مڵکداریەتی تایبەتی و چەوسانەوەی بۆرجوایی لە تەنیشت یەکترەوە جێدەگرن و هەندێک جاریش بە هەڵە بە یەکتر دادەنرێن. واقعییەت بە بەردەوامی سێبەری ئەفکار و نەریتە سەرچاوە گرتووەکان لە "شۆڕشگێڕیەتی" توێژە ناپرۆلیتارەکانەوە، کە بەرژەوەندییان لە پاراستنی مڵکداریەتی تایبەتیدا هەیە، بەسەر ڕیزەکانی ئێمەوە بەرینتر دەکاتەوە. هێرشی هەمەلایەنە و ڕیشەهەڵکێش بە دژی ئەم نەریت و مەفاهیم و بەها ناپرۆلیتاریانە بێگومان کارێکی سادە نییە، چونکە ئەمانە هەر چۆن بێت لە لایەن جەماوەری فراوانی خەڵکەوە دەبنە جێی ڕێزلێگرتن. لە هەلومەرجێکی بەم جۆرەدا حزبی پرۆلیتاری ئەمەیە کە سنووری خۆی لەگەڵ ئەم شۆڕشگێڕیەتیە ناپرۆلیتارییە، لەگەڵ ئەم ئەفکارە، ئەم بەها و مەقولاتە بە ڕووکەش شۆڕشگێڕانەیەدا بە ڕوونی دەسنیشان بکات. حزبی کۆمۆنیست لە بزووتنەوەیەکی دیموکراتیانەدا بە بەردەوامی لە ژێر خەتەری ئالوودە بوون بەم ئەفکارەدایە. ئەگەر شۆڕش تەنیا سنووردار بووایە بە ڕیزی کرێکارانی سۆشیالیستەوە، ئەگەر هەموو خەڵکی زەحمەتکێش لە کوچە و شەقام هاواریان بکردایە "مردن بۆ مڵکداریەتی تایبەتی" ئەوکاتە پاراستنی سەربەخۆیی پرۆلیتاریا هونەرێکی تیا نەبوو. بەڵام ڕەوشێکی بەم چەشنە لە کۆمەڵگەیەکی واقعیدا خەیاڵە. شۆڕش جەماوەری فراوانی خەڵک دەهێنێتە مەیدان و لەگەڵیشیاندا دەرگا بۆ بڵاوبوونەوەی ئایدیا و مەیلە وردەبۆرجوازییەکان واڵا دەکات. تەواوی بایەخی ئەزموون و وانەکانی لینین، تەواوی جەوهەری شۆڕشی - چینایەتی حزبی لینینی، ئەمەیە کە ئێمە پابەند دەکات بە پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و

چینایەتی پرۆلیتاریاوە. حزب دەبێت لە ناوجەرگەی ئەم دەریای خۆشباوەڕی و تەمایلاتە ناپرۆلیتارییەوە ئامانجە سەربەخۆکانی خۆی بە شێوازی سەربەخۆی خۆی بباتە پێشەوە و لە هەمان کاتدا بزووتنەوە دیموکراتک و هەمەگیرەکانیش بە سەرکەوتن بگەیەنێت. حزب دەبێ ئەم بزووتنەوانە بەرێتە پێشەوە بەبێ ئەوەی کە ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ ئامانجەکانی جێ مەبەستی خۆی لێ تێک بچێت، بەبێ ئەوەی خۆی بە چوارچێوەی سنووورداری ئەم بزووتنەوانەوە ببەستێتەوە. ئەزموونی بزووتنەوەی چەپی ئێران لە ساڵەکانی یەکەمی شۆڕشی ٧٩دا شایەدی ئەم پشت کردنەیە لەم وانە بنەڕەتیانەی مارکس و لینین. هەمووان لە پێناو ڕووخانی شادا دەستیان دایە خەبات، "کۆمۆنیستەکان"یش بەبێ ئەوەی کە وشەیەک دەربارەی هەڵوەشانەوەی خاوەنداریەتی تایبەتی بە زمانیاندا بهێنن تەنیا هەمان درووشمە هەمەگیر و عموم خەڵکییەکانیان دووپات دەکردەوە. ڕێکخراوە پۆپۆلیستییەکان خاوەنی دەرکی ڕۆشن نەبوون بۆ ئامانجە کۆتاییەکانی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاران. لە بەرامبەردا ئەوان لانی زۆر هەوڵیان ئەدا لە هەر قۆناغێکدا بزووتنەوەی عموم خەڵکی کار و کردەوەی لیبراوترین عونسوری هەمان قۆناغ بێت، وە بە بەردەوامی بە هەڵە ئامانجە چینایەتییەکانی پرۆلیاتاریا بەم ئامانجە کاتیانە تێگەیشتن و گۆڕیانەوە بەمانە.

بەڵام ئەم مەوزوعە چ پەیوەندییەکی بە باسی ئەمرۆی ئێمەوە هەیە؟ ڕاستییەکە ئەمەیە کە ئێمەش تا ڕادەیەکی زۆر ئامانجە سۆشیالیستییەکان، ئەو ئامانجانەی دەسکردی ئینسان خۆیەتی، ئامانجی قەشەنگ و شۆڕشگێرانەی خۆمان ئەرشیف دەکەین و لە کردەوەدا، لەو جێیەی کە دەست دەبەین بۆ ڕێکخستنی هەموو ڕۆژەی کاری شۆڕشگێڕانە، سنووردار دەبینەوە بە بزووتنەوەی بالفعلەوە و پەیڕەوی لێ دەکەین. ئێمە دەڵێین کۆمۆنیستین، دەمانەوێ کۆمۆنیستانە خەبات بکەین و کۆمۆنیستانە بمرین، بەڵام کاتێک باش سەرنج ئەدەین دەبینین پێنج ساڵە کە ٩٠٪ ئینێرجی ئێمە بۆ مەسەلەی بزووتنەوەی عموم خەڵکی و دیموکراتیک و کێشە و گرفتەکانی ئەو بەهەدەر دەچێت. لە کۆنگرەکان و کۆبوونەوە فەرمییەکانی حزبدا بە سرووودی ئەنتەرناسیۆناڵ و سوێند خواردن بە کۆمۆنیزم کارەکانی خۆمان کۆتایی دەهێنین، بەڵام هەر کە پێمان خستە مەیدانی عەمەلییەوە، هاوسەنگی هێز لە ناو بزووتنەوەی دیموکراتیک، ئەم یان ئەو مەسەلەی مەحدود و بڕگەیی، چۆنییەتی هەڵس و کەوتی ئەم یان ئەو ڕێکخراو لەگەڵ ئێمە، فلانە پرسی کارگێڕی و.. تد تەواوی سەرقاڵیمان بە کارەکانەوە داگیر دەکات. بە کردەوە ئەمە ئێمە نین کە بزووتنەوەکەمان دەبەینە پێشەوە، ئەم بزووتنەوەی دیکەیە ئێمە لەگەڵ خۆی دەبات. کۆمۆنیستێک بۆ بزووتنەوەکەی پلان دادەڕێژێت و بەرەو لای ئامانجەکانی خۆی دەیانبات. ئێمە دەمانەوێ

## کەلێنی نێوان قسە و کردار

چینی کرێکار ڕاپەڕێت، هەر لە سەردەمی تەمەنی من و ئێوەدا ڕاپەڕێت، لەسەر ئەم بنەمایە کاری هەمیشەیی ئێمە، کاری بە بەرنامەی ئێمە بە پێی قاعیدە دەبێت بەم ئاراستەیەدا بێت، بەڵام ئەو شتەی کە تەواوی ئینێرجی هاوڕێیانی ئێمە قووت ئەدات، بێنە و بەردەی کاروباری هەنووکەیی بزووتنەوەیەکی دیاریکراوە. بە جیا لەمەی کە ئەم بزووتنەوە بزووتنەوەی قەومی دیموکراتیکی خەڵکی کورد بێت یان بزووتنەوەی دیموکراتیک لە سەرانسەری ئێراندا بێت بە دژی دیکتاتۆری و ئیمپریالیزم. ئێمە دەبێت ئامانجە شۆڕشگێڕانەکانی خۆمان لە کردەوەدا نەهێنینە خوارەوە، وە ئینێرجی خۆمان بە شێوەیەک ڕێکبخەین و بەکاری بهێنین کە لە هەمان کاتدا کە ڕابەرایەتی بزووتنەوەی دیموکراتیک و شۆڕشگێڕانە دەکەین، ئامانجە شۆڕشگێڕانە چینایەتییەکانی خۆشمان هەروا بەجێ بگەیەنین. ئەگەر ئێوە کات، ئینێرجی و ئیمکاناتێکی ڕێکخراوەیی کە تا ئێستا سەرفمان کردووە لەبەر چاو بگرن، بە ئاسانی تێدەگەن کە بێنە و بەردەی کاروباری هەنووکەیی، وە بەرهەڵستکاری لەگەڵ کێشە و ڕێگرییەکانی ڕۆژانەی بزووتنەوەی بالفعلی عموم خەڵکی ٩٠٪ ئەوی بۆ خۆی تەرخان کردووە. لە کاتێکدا کە مارکسیستەکان ڕێک بۆ بردنە پێشەوەی هەمان ئەم بزووتنەوانە هەروەها پشت بە کاری سەربەخۆی خۆیان دەبەستن لە دەروونی چینەکەی خۆیاندا. چونکە ئەم کارە گەرەنتی هەر پێشڕەوییەکە لە دژی بۆرجوازی. بەم پێیە لەبەر ئەم هۆکارەیە قسەی سۆشیالیستانەی ئێمە تا ئاستێکی زۆر لەسەر وەرەقە دەمێنێتەوە کە پراتیکی ئێمە بەرتەسک یاخود بە گشتی سنووردارە بە مەیدانە جیاوازەکانی بزووتنەوەی قۆناغی هەنووکەیی و ئێستاییەوە. ئاشکرایە کاتێک لە کرداردا ئێمە دابەزینە ئاستی "دیموکراتە لیبڕاوەکان"، ئامانجی کۆمۆنیستی و بەلشەفیانەی ئێمەش دیسان لەسەر وەرەقە دەمێنێتەوە.

فاکتەری سێهەم، گیانی شۆڕشگێڕانەیە بەبێ هەڵپە و هەڵەشەیی، گیانێک کە لە پایەگەلی ماددی موشەخەس بەهرەمەندە.

*****

*بە پێی یاداشتێک کە (اذر ماجدی) لە لایەن (بنیاد منصور حکمت)ـەوە بۆ سەر چاپ و دووبارە کۆپی کردنی دەقی دەسنووسێک کە سکانیش کراوە، نووسراوە:

"دەقی دەسنووس تایتڵی نییە. ئەم دەقە لەبەر دەسنووسی مەنسور حکمەتدا چاپ کراوە، کە لە ئەرشیفی تایبەتی ئەودا هەیە. مەنسور حکمەت لە کۆتاییەکانی پاییز یان سەرەتاکانی زستانی ساڵی ١٩٨٤ لە بارەگای حزبی کۆمۆنیستی ئێران لە "شینکاوا"ی کوردستان بۆ

ئەندامان و هەڵسووڕاوانی حزب ووتارێکی دا بە ناوی "کەلێنی بەینی قسە و کردار" کە باس و نیقاشێکی زۆری گرتەبەر و زۆریش بووەتە جێی بایەخپێدان. لە کۆنفرانسی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ئەنجومەنی مارکس لە ساڵی ۲۰۰۰دا مەنسور حکمەت جارێکی تریش ئاماژە دەکاتەوە بەم مەسەلەیە. دەقی ئەم وتاردانە هیچکات بڵاونەکرایەوە، کاسێتی دەنگیی ئەویش دیسان لە ئەرشیفی مەنسور حکمەتدا نییە."

تایتڵێک کە مەنسور حکمەت لە ئاماژە کردن بەم وتاردانە هەڵیبژاردووە بۆی، لە ئەسڵی دەسنووسەکە و دوای ناساندنی باسەکە و پاش چەند پەرەگرافێک، هاتووە. ئێمە هاوڕێ لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دەقی ئەم وتاردانەیدا چەند لاپەڕەیەک لە ئەسڵی دەسنووسەکەشمان کردووەتە پاشکۆ.

شوباتی ۲۰۰۹، ناوەندی دیفاع لە کۆمۆنیزم



موحسین کەریم

# کوردایەتی و ڕۆشنگەری!

**تێبینی: ئەم باسەی لێرەدا دەیخوێننەوە، پوختەی قسەوباسێکی منە لە سیمینارێکی رادیۆی پێشەنگ و بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی لە گۆڤاری (دیدگای سۆشیالیستی)دا دەسکاری و ئامادە کراوە.**

تەوەرە سەرەکیەکانی باسەکە بریتین لە:

١/ رۆشنگەری چییە!؟ رینیسانس چییە!؟

٢/ رێنیسانس و رۆشنگەری لە کوێ سەریان هەڵداوە و چۆن دواتر ئەوروپایان گرتۆتەوە؟

٣/ ئەو گۆڕانکاریە فکری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریانە چین کە هاوتای سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم دوو دیاردەیە بوون؟

٤/ ئایا ناسیۆنالیزمی کورد دەتوانێ بزووتنەوەیەکی رۆشنگەری بەرپبخات، یاخود رۆشنگەری کوردایەتی کاریکاتۆری رۆشنگەری ئەوروپایە؟

هەڵبەتە دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم باسەی کوردایەتی و ڕۆشنگەری، فکرەکەی لەوێوە هات کە ماوەیەکە باسی ڕۆشنگەری دەکرێ، بەتایبەت لەلایەن بەشێک لە ناسیۆنالیستەکانەوە. ئەو تەسویرەی ئەوان هەیانە و ئەیانەوێ سەبارەت بە ڕۆشنگەری

بیدەن بەدەستەوە، بە تایبەت ڕەوتی دابڕان و مەلابەختیار و ئەوان، من دواتر قسەی زیاتری لەسەر ئەكەم، بەڵام لێرەدا ئاماژەیەكی كورت بە ناسنامەی ئەو ڕەوتە و بانگەشەكانی ئەكەم.
وا دەردەكەوێ كە لێرەش، لە كوردستان، ڕەوتێكی ڕۆشنگەری دەستیپێكردووە. ئەوەی لە زهنی هەندێ كەسدایە ئەوەیە كە ئەم ڕۆشنگەرییەی كوردستان و رەوتی دابڕان وەكو میراتگری بزووتنەوەی ڕۆشنگەری ئەوروپا، یان لە سەر ڕێچكەی ئەو دەڕوات. بەڵام لەڕاستیدا ئاڕاستەی سەرەكی ئەم رەوتەی دابڕان تەنها لە بەرامبەر بەشێك لە ئیسلامی سیاسیدایە كە بە ڕەوتی سەلەفی ناسراوە، نەک سەرجەم ئیسلامی سیاسی، چ جای ئەوەی بەرامبەر بە دەورونەخشی دین بەگشتی و ئیسلام بوەستێتەوە بە شێوەیەكی تایبەتی، ئەگەرچی ئەوان ئەیانەوێ ڕەوتەكەی خۆیان وەک ڕەوتێكی ڕۆشنگەر و مۆدێرن و پێشكەوتنخواز نیشان بدەن كە قابیلی ئەوە بێت لە لایەن خەڵكانێكی ئازادیخواز و پێشكەوتنخوازی كۆمەڵگای كوردستان پشتیوانی لێبكرێ.
بۆئەوەی تەسویرێكی دروست لەسەر پەیوەندی نێوان كوردایەتی و ڕۆشنگەری و ئامانجێک كە ئەم ڕەوتە بەناو ڕۆشنگەرەی كوردستان بەشوێنیەوەیەتی، بخەینەڕوو، بەتایبەتی خاسیەتی كاریكاتۆربوونی "ڕۆشنگەری"ی كوردایەتی، پێویست ئەكات كەمێک لەسەر خودی ئەم مەسەلەیە قسە بكەین، واتە لە سەر مەسەلەی ڕۆشنگەری خۆی قسە بكەین، لەكوێوە هاتووە و چۆن بووە و لە چ هەلومەرجێكی كۆمەڵایەتی- ئابوری و سیاسیدا سەری هەڵداوە.
(بزووتنەوەی ڕۆشنگەری)(1) یەكەمجار لە ئەوروپا سەری هەڵدا، لە هەلومەرجێكی تایبەتی ئابوری و كۆمەڵایەتی وڵاتانی ئەوروپادا، بەڵام خودی بزووتنەوەی ڕۆشنگەریش بەبێ قسەكردن لەسەر بزووتنەوەیەكی دیكەی پێش خۆی كە بزوتنەوەی(ڕێنیسانس-واتە ژیانەوە)(2) یە لە ئەوروپادا ناكرێ بەشێوەیەكی دروست ڕۆشنایی بخرێتەسەر. لەلایەكەوە لەڕووی مێژووییەوە پێكەوە پەیوەستن و تەواوكەری یەكترین و هەندێ مەسەلەشیان هاوبەشە، لەلایەكی دیكەوە هەردوو بزووتنەوەكە هاوكاتن لەگەڵ سەرهەڵدان و نەشونما و دواتر جێگیربوونی سەرمایەداریدا، وەكو سیستەمێک و تەشكیلە(فۆرماسیۆن)ێكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوری.
هەڵبەتە بۆچوونی جیاجیا هەیە لەسەر ئەوەی كە ڕۆشنگەری لە ئەوروپادا لەكەیەوە دەستی پێكردووە و تا چەند بەردەوام بووە. بەڵام بەگشتی مێژوونوسەكان زۆرتر ئاماژە بە سەدەی هەژدە و نۆزدە دەكەن. واتە لە سەدەی هەژدەدا دەست پێدەكات و لەسەدەی نۆزدەدا بەئاكامی خۆی ئەگات. بەڵام بۆچوونیش هەیە كە دەیگەڕێنێتەوە بۆ بەر لەو

مێژووە. بۆچوونێکی دیکە، کە لەلایەن مێژوونووسە فەرەنسیەکانەوە دەخرێتەڕوو، مەحدودی ئەکاتەوە بە دەورانێکی دیاریکراو، لەنێوان ساڵەکانی( ١٧١٥ تا ١٧٨٩) واتە لە سەردەمی پاشایەتی لویسی پانزدەوە تا دەستپێکردنی شۆڕشی فەرەنسا (3) و نزیکەی(٧٠) ساڵێک دەخایەنێ.

بەهەرحاڵ، وەکو ووتم بۆ تێگەیشتن لە بزووتنەوەی رۆشنگەری ئەوروپا، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ (بزووتنەوەی رێنیسانس).

## بزوتنەوەی رێنیسانس:

بزووتنەوەی ڕێنیسانس بۆ یەکەمجار لە ئیتاليا سەرهەڵئەدا و دواتر ناوچەکانی دیکەی ئەوروپا دەگرێتەوە. مێژوونوسان بۆچوونی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدان و درێژەکێشانی رێنیسانس. هەندێکیان سەرەتای سەرهەڵدانی دەگێڕنەوە بۆ سەدەی دوانزە و سیانزەی میلادی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی مێژوونوسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە لە سەدەی چواردەوە، دوای کۆتایی هاتنی سەدەکانی ناوەڕاست، لە ئیتاڵیا دەستی پێکردوە و لە سەدەی پانزەدا گەیشتۆتە لوتکە، لە سەدەی شانزە و حەڤدەشدا ناوچەکانی دیکەی ئەوروپای گرتۆتەوە!

ئەم بزووتنەوەیە لەوێوە دەست پێئەکات کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆن، بۆ سەردەمی پێش چاخەکانی ناوەڕاست، بۆسەردەمی یۆنانیەکان و رۆمانیەکان. سەردەمی یان سەدەکانی ناوەڕاست، بە دەورانی تاریکی ئەوروپا دادەنرێ، بە دەورانێک کە کەنیسە دەسەڵاتی رەهای هەیە. ناوچەکان بەسەر کۆمەڵێک دەرەبەگدا دابەش بوون و هەر ناوچەیەک لەژێر دەسەڵات و فەرمانرەوایی دەرەبەگێک یان کۆمەڵێک دەرەبەگدایە. ئەوروپا لەنێوان کۆمەڵێک ناوچەی لێکدابڕاو و پارچەپارچەکراو دابەشبووە کە کێشەو شەڕی بەردەوام و نەبڕاوەیان لە نێواندایە.

{ پێش سەردەمی رێنیسانس، پێکهاتە ئابوریەکانی ئەوروپا بەشێوەیەکی سەرەکی بریتی بوون لە چەند گیرفانێکی بچووکی جۆراوجۆر کە بە ئامێری چەند خاوەن زەوی و دەرەبەگێک کاریان لەسەر دەکرا و ئەوانیش لەبەرامبەر پادشادا بەرپرسیاربوون کە لەلایەن خواوە دەسەڵاتی پێبەخشرابوو. ئەم گریمانە لاهوتیە بەشێوەیەکی ئاشکرا توانی رێگای خۆی بەناو ئەو رێڕەوە قوچەکیەدا بکاتەوە بەجۆرێک کە پێکهاتەی کۆمەلایەتی وەکو گلۆلەدەزوویەک پێکەوە گرێبدات، وەکو تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەیی لە دەسەلات و هێز کە کەنیسە لە ناوەڕاستیدا وەستاوە.}(4)

بەڵام رێنیسانس یان ژیانەوە، ئەم دەورەیە تێدەپەڕێنێ. دەورانی دابەشبوونە ناوچەییەکان،

دەورانی دەسەڵاتی کەنیسە و لاهوت تێدەپەڕێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ کەلتور و فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و فەلسەفەی یۆنانی کۆن. بەهۆی رووتێکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە بیرمەند و زاناکانی ڕۆژهەڵات لە یۆنانەوە بەرەو ڕۆژاوای ئەوروپا و بە تایبەتی بەرەو ئیتاڵیا. نوسەرانی سەردەمی ڕێنیسانس کەوتنە ژێر کاریگەری فەیلەسوفە کۆنەکانی یۆنان و ڕۆمانیەکانەوە، بەوهۆیەوە کە ئەوان لە دەرەوەی ڕێگا و دەروازە ئاینیەکانەوە بۆ تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ، لە سروشت، لە دنیای دەرەوەی سروشت (میتافیزیک) و فەلەکیان دەڕوانی.

{فەلسەفەی کۆنی یۆنانی ..دەیویست بەشێوەیەکی نادینی بوونی گەردون لێکبداتەوە. کۆمەڵێک بابەتی جۆرواجۆری تاووتوێ کرد، لەوانە زانستی فەلەک، ماتماتیک، فەسلەفەی سیاسی، ئەخلاق، میتافیزیک، زانستی بوون، لۆژیک، زانستی زیندەوەرزانی و ڕەوانبێژی و جوانناسی...}(5) نوسەرانی سەردەمی ڕێنیسانس گەڕانەوە بۆ ئەم میسۆدە فەلسەفیە لەمامەڵە لەگەڵ گەردوون و کۆمەڵگا و مرۆڤدا. قورسایی کاری فکری و ڕۆشنگەری و هوشیاری و هونەری خۆیان خستە سەر مرۆڤ خۆی و مرۆڤ بوو بە سەنتەری هەموو شتێک. سەرەنجام چەمکێک سەرهەڵدەدا بەناوی (مرۆڤایەتی- هیومانیزم).

هەروەها {جەوهەری ڕێنیسانس سەرەنجام کۆمەڵێک شێوازی لەخۆی نیشان دا، کە بزووتنەوەیەکی فکری بەناوی"مرۆڤایەتی"یەوە گوزارشتی لێدەکرد. بزووتنەوەی (مرۆڤایەتی - هیومانیزم) لەلایەن کۆمەڵێک کەسایەتی سیکولار کە بەخاوەن پەیامەکان دەناسران، کەوتەڕێ، نەک لەلایەن زاناکانی ئاینەوە کە لەسەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا کۆنترۆڵی ژیانی فکریان کردبوو..... هەروەها کەوتنی قوستەنتینیە(6) لە ساڵی ١٤٥٣ی میلادیدا گوژمێکی گەورەی بە بزووتنەوەی هیومانیزم دا، بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە زانا ڕۆژهەڵاتیەکان پەنایان هێنا بۆ ئیتاڵیا و لەگەڵ خۆیاندا چەندین کتێب و دەستنوسی گرنگ و هەروەها شێوازی لێکۆڵینەوەی یۆنانیان هێنا .. }(7)

ئەم بزووتنەوەیە، واتە بزووتنەوەی ڕێنیسانس، دیاردەیەکی زهنی نەبوو، یان تەنانەت بزووتنەوەیەکی فکریی رووت نەبوو، کە کۆمەڵێک نوسەر و بیرمەند و فەیلەسوف دروستیان کردبێت. ئەوە ڕاستە لە دەورانی ڕێنیسانسدا لە ئیتاڵیا کۆمەڵێک کەسایەتی هەبوون وەکو لیۆناردۆ داڤینشی، مایکل ئەنجیلۆ و نیکۆلای ماکیاڤیلی و لە بەریتانیا ولیام شەکسپیر و لە پۆڵەندا کۆپەرنیکۆس و... تاد. کە ئەمانە لە بواری هونەر و بیناسازی تا زانست و پزیشکی و تویکاری شارەزاییان هەبوە و داهێنانیان کردوە، بەڵام ئەم کەسایەتیانە تەعبیریان لە گۆشەیەکی ئەو ئاڵوگۆڕە قووڵە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و فکریە کردوە کە کۆمەڵگاکانی ئەوروپا و بەتایبەتی ئیتاڵیا پێیدا تێپەڕیوە. کەسایەتی

## کوردایەتی و ڕۆشنگەری!

ڕۆشنگەر و خاوەن فکر و هوشیاری بوون کە لەجیاتی لێکدانەوەی دنیا و دەروبەر و مرۆڤ و ژیان و کۆمەڵگا بەپێی دەقە ئاینیەکان، پەنایان بۆ مەنتق و عەقڵ بردوە و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان کردووە.
فاکتەرێکی بابەتی و کۆمەڵایەتی کە کاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی ڕێنیسانس هەبووە لە ئیتاڵیا، گەشەکردنی بازرگانی بووە. ئیتاڵیا مەڵبەندی ئاڵوگۆڕ و پەیوەندی بازرگانی بووە لەگەڵ رۆژهەڵات بەتایبەتی ناوچەی شام دا. لە ئاکامی گەشەی بازرگانیەوە شارەکان پەیدابوون و گەشەیان کردوە، کە خودی ئەم شارانە بوونەتە ناوەندی هونەر و پەیکەرتاشی و تەلارسازی و زانست و.. تاد. لەو شارانە کە لە مێژوودا ناسراون، فلۆرەنسا کە بە لانکەی ڕێنیسانس دادەنرێ، هاوکات مەڵبەندی پیشەسازی چنین بووە، پاشان شارەکانی جەنەوا و بوندوقیە و.. کە لەوکاتەدا بە (کۆمارەکانی بازرگانەکان) ناودەبران و تارادەیەک جۆرێک لە دیموکراسی و ئازادیی فەردیی تێدا بووە. (8) { لە سەدەی پانزەهەمدا ئیتاڵیا لەناو ئەوروپادا شارستانیترین مەڵبەند بووە.} (9) بەوجۆرە لەگەڵ گەشەی بازرگانی و گەشەی ئابوریدا کرانەوەیەکی فکری و رۆشنبیری بەشێوەیەکی فراوان دەست پێدەکات و بەرین دەبێتەوە.
روداوێکی گرنگ کە مۆری خۆی دەدات سەردەمی ڕێنیسانس، دۆزینەوەی ئامێری چاپە لەلایەن(جۆهانس گۆتەنبێرگ)ەوە(10). دۆزینەوەی ئامێری چاپ و بڵاوکردنەوەی کاغەزی، کۆمەکێکی فراوانی کرد بە تەشەنەکردنی بۆچوونی فکر و دەسکەوتە زانستی و فکری و هونەری و سیاسیەکانی بیرمەندان و نوسەران و کەسایەتیەکانی سەردەمی ڕێنیسانس لە سەراسەری ئەوروپادا. هەروەکو رێژەی خوێندەواری لەناو جەماوەردا زیادی کرد، کە ئەمەش دەوری هەبوو لەسەر بەرزبونەوەی ئاستی هوشیاری خەڵک و بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕە شۆڕشگێر و پێشکەوتنخوازەکان و لاوازبوونی دەسەڵاتی فکری کەنیسە و دین و پیاوانی ئاینی و هەروەها گەشە و سەرهەڵدانی بۆچوون و ئەفکارە نەتەوەیی و سەروناوچەییەکان. لەپێش ئەم دۆزینەوە گرنگەدا، ژمارەی کتێب لە ئەوروپادا یەجگار کەم بوو،{ لەماوەی (٥٠) ساڵدا، لە نزیکەی ٢٠٠ شاری ئەورووپیدا کتێب چاپ دەکرا و لەساڵی ١٥٠٠میلادی دا ژمارەی کتێبە چاپکراوەکان گەیشتە نزیکەی (٢٠) ملیۆن کتێب و لە سەدەی شانزەهەمدا گەیشتنە نزیکەی (١٥٠-٢٠٠)ملیۆن کتێب!} (11)
لە لایەکی ترەوە، گەشەی بازرگانی و دروستبوون و گەورەبوونی شارەکان، لاوازبوون و لێکهەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگ و خاوەن زەویەکان، دروستبوونی تەیفێکی فراوان لە بازرگان و کەڵەکەی سامان و ئاڵووێری کەرەستەکان و سەرهەڵدانی کاری پیشەوەری و پیشەسازی بچووک، بۆنمونە شاری فلۆرەنسا بە ناوەندی رستن و چنین ناوبانگی

دەرکردبوو، ئەمانە لەگەڵ گەشەی زانست و هونەر و فکری کە بەشێک بوو لە پێداویستیەکانی گەشەی بازرگانی و پیشەسازی و ژیانی شارستانی، چەمک و مەفاهیمی تازەی سەبارەت بە مرۆڤ و مافەکانی هێنایە پێشەوە. پرسی ملکەچی رەهای مرۆڤ بۆ دەسەڵاتی دەربەگ و پادشا و خودا بەرەو لەقبوون چوو. لەپاڵ لاوازبوونی دەسەڵاتی دەرەبەگەکاندا، لەگەڵ گەشەی زانست و مەعریفەدا، لەگەڵ بەکارهێنانی عەقڵ و میسۆدی گەڕان و توێژنەوە و تێفکرین لە دیاردەو روداوە سروشتیەکاندا، مەسەلەی لاوازوبوونی دەرو نەخش و دەسەڵاتی فکریی رەهای کەنیسەش دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. پێ بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکریانە، دەبوایە دین و چەمکە دینیەکانیش ئاڵوگۆڕییان بەسەردا بهاتایە. مارتن لۆسەر(١٤٨٣_١٥٤٦) کە قەشە و مامۆستایەکی زانستە ئاینیەکانی خەڵکی ئەڵمانیا بوو، دژی زۆربەی تەعالیم و کارەکانی کەنیسەی کاسۆلیکی رۆمانی وەستایەوە و هەستا بە ئەنجامدانی ریفۆرم لە ئاینی مەسیحیەتدا کە بە رەوتی لۆسەری، یان ریفۆرمی پرۆتستانتی ناسراوە.(12)

هاوکاتی گەشەی بازرگانی و سەرهەڵدان و چەکەرەکردنی ئابوری سەرمایەداری و دروستبوونی چینی ناوەنجی(بۆرژوازی)، بەرەبەرە پرسی کۆتاییهاتنی دەسەڵاتە ناوچەیی و فیۆداڵیە تەریک و دابڕاوەکان و دروستبوونی دەوڵەتی مەدەنی و یەکانگیرکردنی ناوچەکان دەبێتە پێداویستیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. یەکبوونی ئیتاڵیا و دواتریش وولاتانی دیکەی ئەوروپا دەچێتە بەرنامەی کاری کۆمەڵگا و هێزی کۆمەڵایەتی سیاسی تازەی کۆمەڵگاوە؛ واتە بۆرژوازیەوە. هەڵبەتە وەکو باسمان کرد سەرەتا بزووتنەوەی رێنیسانس لە ئیتاڵیاوە دەست پێدەکات و دواتر بەرەو ئەوروپا دەچێت، کە ئەوەش لە پرۆسەیەکی دوورودرێژی نزیک بە (٣٠٠) ساڵدا بەسەرەنجامی خۆی دەگات و زەمینەش خۆش دەکات بۆ دەستپێکردنی دەورەیەکی نوێ لە مێژووی ئەوروپادا کە بە سەردەمی رۆشنگەری ناسراوە، کە من دواتر دێمە سەر باسکردنی.

بەهەر حاڵ، دەورانی رێنساس جۆرێک بوژانەوەی کۆمەڵایەتی، فکری، ئابوری و سیاسیە کە کاراکتەرە سەرەکیەکانی زۆرتر هونەرمەند و پەیکەرتاش و ئەدیب و نوسەر و تەلارساز و بازرگان و... کە کاری سەرەکیان پاکردنەوەی بەربەستە فکری و عەقلیەکانی بەردەم گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابوریە کە لەدەورانی چاخەکانی ناوەڕستدا کۆت و پێوەندی کەنیسە و لاهوت و چەمک و دنیابینی و تەعالیم و نەریتە دینیەکانی لە گەردن کرابوو. دەورانی دڕینی بەرگی ئەفکاری ئیلاهی و میتافیزیکی و دەسەڵاتی پادشا و کەنیسە و خودا و دەرەبگ بوو بەسەر ژیانی فکری و کۆمەڵایەتیدا. دەورانی دروستبوون و گەورەبوونی شارەکان و ژیانی شارنشینی و سەرهەڵدانی چەمک و دنیابینی مادی و نادینی بوو،

## کوردایەتی و ڕۆشنگەری!

دەورانی سەرقاڵ بوون بە مرۆڤ خۆی و بە پێداویستیە مادی و مەعنەویەکانیەوە. دەورانی گەشە و بەکارهێنانی عەقڵ و لۆژیک بوو! دەورانی دەستپێکردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی و لۆژیکی بوو بۆ سروشت و دەروبەر و کۆمەڵگا و مرۆڤ. دەورانی دامەزراندنی پایەکانی سیستەم و کۆمەڵگای سەرمایەداری و بۆرژوازی بوو. لە دەورانی رێنیسانسدا پایەکانی سیستەم و کۆمەڵگای بۆرژوازی لە هەناوی کۆمەڵگای کۆنی دەرەبەگایەتیدا دامەزرا.

هەموو دەزانین کە یەکەمین شکڵ و سەرەتایی ترین شکڵی سەرمایە سەرمایەی بازرگانیە. یەکەم کەڵەکەی سەرمایە لەڕێگای بازرگانیەوە روودەدات و دواتر دەچێتە بوارەکانی دیکەوە، وەکو کشتوکاڵ و پیشەسازی و ..تاد. بەوجۆرە پرۆسەی سەرهەڵدان و پێگەیشتن و بەسەرەنجام گەیشتنی سەردەمی رێنیسانس هاوکات و پێویستیەکی سەرهەڵدان و دامەزراندنی پایەکانی ئابوری سەرمایەداریە کە لە ئەوروپادا نزیکەی سێ سەدەی خایاندووە. لەو ماوەیەدا پەیوەندی نیوان ناوچەکانی ئەوروپا دروست دەبێ و کرانەوە پەیوەندی بازرگانی نیوانیان پەرەدەستێنێ و بنەما ئابوریەکانی سەرمایەداری لە سەرجەم ناوچەکانی ئەوروپادا دادەمەزرێ. زەمینە کۆمەڵایەتی و ئابوری و فکری و سیاسیەکان بۆ گواستنەوە بۆ قۆناغێکی باڵاتر دەست پێدەکات، کە لەرووی فکری و فەلسەفیەوە بە دەورانی رۆشنگەری دەناسرێ.

### سەردەمی رۆشنگەری:

هەروەکو ئاماژەمان پێکرد، رێنیسانس رێگای بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی رۆشنگەری خۆشکرد. ئەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و ئابوری و فکری و کەلتوری و فەرهەنگی و سیاسیانەی کە لە دەورانی رێنیسانسدا لە ئەوروپادا روویدا، زەمینەی شکڵگرتن و بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەی رۆشنگەری لە سەراپای کۆمەڵگاکانی ئەوروپادا رەخساند. ئەگەر بزووتنەوەی رێنیسانس نزیکەی ٣٠٠-٣٥٠ ساڵی خایاند تا لەسەراسەری ئەوروپادا بڵاوبێتەوە و بە ئامانجەکانی بگات، ئەوا خودی رێنیسانس ئەو هەلومەرجەی خوڵقاند کە رۆشنگەری، کە سەرەتا لە فەرەنساوە دەست پێدەکات، لەماوەیەکی زۆر کەمتردا هەموو کۆمەڵگا ئەوروپیەکان دابگرێت و پەیامەکەی بەجێ بگەیەنێت!

{مێژوونوسان سەردەمی رۆشنگەری لە ئەوروپادا( بەتایبەتی لە فەرەنسا) دەگێڕنەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەڤدە و سەدەی هەژدە یان بەشێوەیەکی گشتیتر لە نێوان شۆڕشەکانی ١٨٦٦ بەریتانیا و شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ی فەرەنسا.. دەتوانرێ ریشەکانی رۆشنگەری لە هیومانیزمی سەردەمی رێنیسانس دا ببینرێت..} (13)

بەڵام بە پێچەوانەی دەورانی ڕێنیسانسەوە کە زیاتر بایەخ درابوو بە بواری هونەر( Art)، لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا قورسایی کاری نوسەران و بیرمەندان و فەیلەسوفەکانی دەچێتە سەر مەیدانی زانست. لیۆناردۆ دافنشی یەکێک لە روخسارە ناسراوەکانی سەردەمی ڕێنیسانس، کە خاوەنی تابلۆی بەناوبانگی (مۆنالیزا)یە زیاتر بە توانا و بەهرەی هونەری و پەیکەرتاشی ناسراوە. بەڵام دکتۆرێکی سەرکەوتوو بوە لە بواری توێکاری نەخۆشدا. ئەم گۆڕانکاریەش لە بیرکردنەوەی سەردەمی ڕۆشنگەریدا و فۆکەسکردنە سەر زانست، هاوتا و جوت بووە لەگەڵ پێداویستیە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکریەکانی بۆرژوازیدا. زانست و تەکنۆلۆژیا و گەشەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و سیستەمی سیاسی گونجاو و تەبا لەگەڵ ئەم گەشە ئابوریەدا، سەنتەری بیرکردنەوەی نوسەران و بیرمەندان و فەیلەسوفەکانی داگیرکرد. جێگاوڕێگای زانست لە پێشخستنی تەکنۆلۆژیا و ئاسانکاری بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان بە ئاشکرا دەردەکەوێ و جێگیر دەبێت. بۆنمونە ئەو بەشانەی زانست گەشەدەکەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە پیشەسازیەوە هەیە، لەوانە زانستی فیزیا کە پەیوەستە بە میکانیک و ئامێر و جوڵە و کارکردنی ئامێرەکانەوە، هەروەکو زانستی کیمیا شانبەشانی فیزیا گەشە دەکات، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مەسەلەی تێکەڵکردن و ئامادەکردنی کەرەستە و مەوادەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا. هەر لەم سەردەمەدا مەکینەی هەڵمی( (steam engineدۆزرایەوە کە شۆڕشێکی گەورەی لەبواری پیشەسازی و گواستنەوە و بازرگانیدا بەرپاکرد. (14)

بەوپێیە، لە دەورانی ڕۆشنگەریدا تارادەیەکی زۆر بنەماکانی ئابوری سەرمایەداری خۆی داکوتاوە، لەڕووی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کەنیسەوە و دەوری لەژیانی کۆمەڵایەتیدا پێشڕەویەکی دیاریکراو کراوە، چەمکی مرۆڤایەتی و مافی تاک لەناو خەڵکدا ڕەواجی پەیداکردوە، ڕۆشنبیری و هەستی نەتەوەیی و پێویستی یەکبوونی نەتەوەیی و دروستکردنی دەوڵەتی مەدەنی نەتەوەیی گەشەی کردوەو و دەسەڵاتی کەنیسە و پادشا و دەرەبەگ بەرەو لاوازی و لەقبوون چووە، بۆرژوازی ئیتر دەیەوێ لەڕووی سیاسیشەوە دەسەڵات لە پادشا و دەرەبەگ وەربگرێ تا بتوانێ ڕێگریە سیاسی و یاساییەکان لەبەردەم گەشە و جوڵەی ئابوری و سەرمایەدا لابەرێت. بۆیە لەم سەردەمەدا کۆمەڵێک چەمکی دیکە برەو پەیدا دەکەن وەکو مەسەلەی ماف و دەوڵەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بەشداری خەڵک و دیموکراسی و....تاد.

{ دامەزراندنی فەزای گشتی بە دوو ڕەوەندی مێژوویی درێژماوەوە وابەستە بوو: سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ و سەرهەڵدانی سەرمایەداری. دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ، لەپاڵ چەسپاندنی دەسەڵاتی گشتی خۆیدا، مەودایەکی تایبەتیشی بۆ کۆمەڵگا

خولّقاند کە سەربەخۆ بوو لە دەولّەت، بەوەش بواری بۆ فەزای گشتی ئەڕەخساند. سەرمایەداریش خودموختاری و خودئاگاهی کۆمەڵگای فراوانکرد، هەروەکو پێداویستیی ئاڵوگۆڕی زانیاریشی برەوپێدا.} (15)

هەر لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا دوو مەسەلەی گرنگ دێنەپێشەوە، مەسەلەی ماف و یاسا و مەسەلەی دەولّەتداری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە. مەسەلەی تاوان و سزا و کۆمەڵێک چەمکی یاسایی کە مافی مرۆڤی بە بنەما وەرگرتووە، سەرهەڵدەدەن. بیرمەندانێکی وەکو ( کانت و ڤۆلتێر و جان جاک ڕۆسۆ کە خاوەنی کتێبی" پەیماننامەی کۆمەڵایەتی"یە) دەبنە هێما فکری و ڕۆشبیریەکانی ئەو سەردەمە. کتێبی "پەیماننامەی کۆمەڵایەتی" تێگەیشتنی ڕۆسۆیە بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ئابوری بۆرژوازی و بنەماکانی دەولّەتێکی بۆرژوایی دەستنیشان دەکات و کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر شۆرشی بۆرژوایی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩دا. (16)

لە کتێبی (پەیماننامەی کۆمەڵایەتی- ١٧٦٢)دا ڕۆسۆ دەڵێ: (مرۆڤ بە ئازادی لەدایک بووە. بەڵام لەهەموو شوێنێک زنجیر کراوە.) ڕۆسۆ بڕوای وابوو کە یاساکان ئەوکاتە مولزەمن کە پشتی بە ئیرادەی گشتی خەڵک بەستبێت، ئەمەش پێچەوانەی دەسەڵاتی باو بوو. کاتێک چووە پاریس، زۆرتر هەستیار بوو بە ناعەدالەتی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا. یاسا و بڕیارەکان لەلایەن دەولّەمەندەکانەوە لە بەرژەوەندی خۆیان دەردەکرێن نەک لە بەرژوەندی خەڵکی ئاسایی. (17)

هەروەها جۆن لوک(John Locke) کە یەکێکە لە بەناوبانگترین بیرمەندەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری، ئەویش بەشێوەی خۆی(تیۆری پەیماننانەی کۆمەڵایەتی) بەرەوپێشبرد. لووک دەڵێت:" هەموو کەسێک مافی ژیان و ئازادی و خاوەندارێتی هەیە"، هەروەها بڕوای وابوو کە مافی سروشتی خاوەندارێتی لە کارکردنەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو بۆچوونەی لووک سەبارەت بە مافی سروشتی کاریگەری هەبوو لەسەر چەندین بەڵگەی سیاسی لەوانە (بەڵگەنامەی سەربەخۆیی ئەمریکا و بەڵگەنامەی ئەنجومەنی دامەزرێنەری نیشتمانی فەرەنسی بۆ مافەکانی مرۆڤ و هاولاتی. (18) ئەو سێ دروشمەی لووک بڕوای پێ هەبوو: (مافی ژیان، ئازادی و خاوەندارێتی) کرۆکی فەلسەفەی لیبراڵیزمی کلاسیکی پێک دەهێنا و لووک بە باوکی لیبراڵیزم دادەنرێ(19).

لە بواری تاوان و سزادا، سیزەر بێکاریا(Cesare Beccaria) (20) کە خاوەنی شاکاری ( تاوان و سزا)یە کە لەساڵی ١٧٦٤ دا نوسیویەتی، و بۆ ٢٢ زمان وەرگێردراوە، سەرکۆنەی ئەشکەنجە و یاسای لەسێدارەدان دەکات. ئەو کارەشی بنەمایەک بوو لە بواری پینۆلۆجی(penology) (21) دا.

لەبواری ئابوریدا ( ئادەم سمیس) هەیە کە بە باوکی ئابوری سیاسی بۆرژوازی دەناسرێ و بە بنیاتنەری تیۆری ئابوری سیاسی سەرمایەداری دەناسرێ. ئادەم سمیس(22) دامەزرێنەری تیۆری کلاسیکی ئابوری بازاری ئازادە. کتێبی" سامانی گەلان The Wealth of Nations ) پێشەکیەک بوو بۆ بنەماکانی رێکخستنی هاوچەرخی ئابوری. لەم کارە و کارەکانی دیکەیدا هەستا بە بەرەو پێشبردنی چەمکی دابەشبوونی کار و روونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن بەرژەوەندی زاتی ژیرانە و کێبڕکێ دەبنە هۆی گەشەی ئابوری.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری، گەشەکردنی خوێندەواری و بڵاوبوونەوەی کتێب و پەیدابوونی (ئینسایکلۆپیدیا- موسوعە)(23) ، کاریگەرترین شێوازی بڵاوکردنەوە و هەروەها دەستڕاگەیشتنی جەماوەر بە زانست و جەماوەریبوونەوەی زانست بوو، لەپاڵ دامەزراندنی خوێندنگا و زانکۆکان بەتایبەتی دوای شۆڕشی فەرەنسا و شەڕی سەربەخۆیی ئەمریکا. هەروەها زۆر لە نوسەران و بیرمەندانی رۆشنگەری پاشخانێکی باشیان هەبوو لە بواری زانست و پێشکەوتنە زانستیەکاندا، لەگەڵ فرێدانی ئاین و دەسەڵاتی نەریت و کەلتور بە قازانجی گەشەی بیروبۆچون و رای ئازاد. (24)

بێجگە لەوە لە بواری کورتکردنەوەی دەستی دین بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و شەخسی خەڵک و ئەنجامدانی ریفۆرمی دینی لەلایەن خودی قەشە و پیاوانی ئاینی دینی مەسیحیەوە، سەردەمی رۆشنگەری هەنگاوێکی گەورە دەهاوێ بەرەو پێشەوە. لەناو کەسایەتیە ئاینیە مەسیحیەکاندا، (تۆماس جەیفرسن) بەناوبانگە بەوەی کە ئاڵوگۆری بەسەر ئاینی مەسیحی و تەنانەت کتێبی "ئینجیل"دا هێنا. لەو کۆپیەدا کە بە (ئینجیلی جەیفرسن) ناسراوە، کۆمەڵێک بەشی لێدەرهێناوە و لایبردوە کە باسی موعجیزە و گەشتی فریشتەکان و زیندووبونەوەی مەسیح دەکات. (25)

جەیفرسن دەڵێ:" قەشەکان هەمیشە دژی ئازادی بوون". (26) ئەم رەوتی چاکسازی و ریفۆرمە دینیەی مەسیحی، بۆ ئەوە بوو کە لەگەڵ رەوەندی تازەی کۆمەڵایەتی و ئابوری سەرمایەداری و بەهاو کەلتور و ئەخلاقیات و فەرهەنگ و یاساکانی بۆرژوازیدا خۆی بگونجێنێ، بەبێ ئەوە ئیمکانی مانەوەی ئاینی مەسیحی و توانای خۆگرتنی نەدەبوو لەبەرامبەر ئەو ڕەوتی گۆڕانکاریەی دەستی پێکردبوو، وە دەبوایە بۆ جێگیرکردن و زاڵبوونی خۆی هەموو بەها و پێوانە کۆنەکانی هەڵبتەکاندایە و زۆریشی هەڵتەکاند. ئەوە بوو کورتکردنەوەی دەستی ئاینی مەسیحی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و سیاسیدا بەشیوەیەکی نمونەیی و تا رادەی ئەوپەڕی لە شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنسادا بە ئەنجام گەیشت. بۆرژوازی فەرەنسی بە باشترین شێوە رەوتی رۆشنگەری لە بوارەکانی فکر و فەلسەفە و سیاسەت و جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و دەسەڵات و چەمکەکانی

ماف و ئازادی فەردی بەئاکامی خۆی گەیاند. دەتوانین بڵێین شۆڕشی فەرەنسا شێوازێکی رادیکاڵی جێبەجێکردنی ئایدیا و فکر و بۆچوونە فەلسەفی و سیاسی و حوکمڕانیەکانی سەردەمی رۆشنگەریە. شۆرشی فەرەنسی بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەستی برد بۆ هەڵتەکاندنی دنیای کۆن و لەناوبردنی دەسەڵاتی کەنیسە و پادشا بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە.

مەسەلەیەکی گرنگ کە لەم سەردەمەدا سەرهەڵدەدا مەسەلەی جیاکردنەوەی دین بووە لە دەوڵەت. رۆشنگەری رادیکاڵ، بانگەشەی بۆ چەمکی جیاکردنەوەی کەنیسە لە دەوڵەت کرد. ئەم فکرەیە بەشێوەیەکی سەرەکی فەیلەسوفی ئینگلیزی (جۆن لووک) خاوەنێتی. لە تیۆری پەیماننامەی کۆمەڵایەتیدا دەڵێ:" حکومەت ناتوانێ دەسەڵاتی بەسەر بواری هوشیاری تاکدا هەبێ، چونکە ئەمە شتێکی عەقڵانیە و تاک ناتوانێ دەستبەرداری بێت بۆ حکومەت یان قبوڵی بکات خەڵکی تر کۆنترۆڵی بکات". بە نیسبەت لووکەوە، ئەمە مافێکی سروشتی دابوو بە ئازادی دەربڕین کە دەبوایە بەرامبەر بە هەر دەسەڵاتێکی حکومی پارێزراوبێت. (27)

{ئاکامەکانی شۆڕشی فەرەنسا ١٧٨٩-١٧٩٩: حکومەتی نوێنەرایەتی، دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێز و چالاک، هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتە داراییە تایبەتەکان و قەرزی خاوەن موڵکەکان لای جوتیاران، یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا، کارکردن بووە پیشەیەکی رێزلێگیراو ، بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و پۆستە حکومیەکاندا لەسەر بنەمای خاوەندارێتی، مافی کرێکاران بۆ دروستکردنی سەندیکا، گەورەبوون و کاریگەریبوونی بۆرژوازی لەرێگای دەستگرتن بەسەر زەویەکانی کەنیسە و زیادبوونی سامانیان و بوونیان بە نوێنەرانی سیاسی و بەرپرسانی حکومەت، ئازادی و یەکسانی و برایەتی، دەسەڵاتدارێتی جەماوەری، دەسەڵات بۆ خەڵکە نەک پادشا، کۆماری دیموکراسی، پاشەکشەی دین و نفوز و دەسەڵاتی کەنسیە و دروستبوونی گیانێکی شۆرڕشگێڕانە کە بڕوای وابوو شۆڕش هۆکارێکە بۆ بەشداری سیاسی و دەسەڵاتی سیاسی جەماوەر!} (28)

بەڵام ئەو گۆڕانکاریە شۆڕشگێڕانەیەی کە لە ئاکامی شۆڕشی بۆرژوایی فەرەنساوە لە کۆمەڵگای فەرەنسیدا روویدا، کە نەک هەر دەستی دینی لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورت کردەوە، نەک دەسەڵاتی کەنیسە و پادشای لەنێوبرد و بنەماکانی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازیی دامەزراند، بەڵکو هاوکات لەگەڵ خۆیدا بزووتنەوە و جوڵانەوەیەکی دیکەی هێنایە ئاراوە، چەمک و بۆچوونی دیکەی مرۆڤدۆستی و یەکسانیخوازی هێنایە ئاراوە. مەسەلەی بەشداریکردنی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا، زەمینەی گەشەکردنی بەشداری گشتی خەڵک لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا

ڕەخساند و زەمینەی سەرهەڵدانی بۆچوونە سۆشیالستیەکانی لەناو چینی تازەی کۆمەڵگادا، چینی کرێکاردا ڕەواج پێدا. چینێک کە لەگەڵ دامەزراندنی ئابوری بۆرژوازیدا دروستبوو بوو، گەشەی کردبوو، کاریگەری پێشڕەویە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی و فکریەکانی ڕۆشنگەری لەسەر بوو، چینێک کە بۆرژوازی بۆ بەشکستکێشانی دنیای کۆنی دەرەبەگایەتی و پادشایەتی پێویستی پێی بوو، هەروەها قارەمانێتیشی نواندبوو. چینێک کە خەریکی خۆرێکخستن و بەدەستهێنانی بەشی خۆی بوو لە سەرکەوتن بەسەر فیۆدالی و پادشایەتیدا، بۆیە لەترسی ئەو گۆڕانکاریە تازەیە کە لە ئاکامی ڕۆشنگەری و شۆڕشی بۆرژایی فەرنساوە هاتبوە ئاراوە، هەرزوو بۆرژوازی لە درێژەدان بەم ڕێبازە شۆڕشگێڕانەیە دەستی هەڵگرت و ئەزمونی شۆڕشی فەرەنسای دووبارە نەکردەوە لە بەشەکانی دیکەی ئەوروپادا.

بەمجۆرە دوای ئەوەی کە دروستبوونی دەوڵەتی کاپیتالیستی هاوچەرخ و کۆتایی هاتنی دەسەلاتە ناوچەیی فیۆدالیەکان دەبنە پێداویستیەکی ناچاریی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوری کۆمەڵگا ئەوروپیەکان، ئیتر ئەمیر و پادشا فیۆدالیەکان، کە دەسەلاتی ئابوری و بەڕێوەبردنی ئابوری کۆمەڵگا لەژێردەستیاندا لەلایەن بۆرژوازیەوە دەرهاتبوو، ناچار دەبن دەسەلاتی سیاسیشیان ڕادەست بکەن بەمەرجی مانەوەی دەسەلاتی ڕەمزی و بە سەلامەت دەرچوونی سەریان لە زەبری شۆڕش. بۆنمونە لە زۆربەی وولاتانی ئەوروپیدا پادشاکان دەسەلاتی سیاسی و جێبەجێکردن و یاسادانا دەدەنە دەستی بۆرژوازی، لەبەرامبەردا مانەوەی دەسەلاتی ڕاوێژکاری لە شێوازی پادشایەتی دەستوری وەکو لە بەریتانیا و سوید و چەندین وولاتی ئەوروپیدا تا ئێستاش ماونەتەوە یان لە ئەڵمانیا تا ساڵی ١٩١٨ مابوەوە. لەکاتێکدا ئامانجی سەرەکی شۆڕشی بۆرژوایی فەرەنسا دەسەلاتی کۆماری بوو.

بۆنمونە، (بیسمارک) (29) کەسایەتی خاوەن دەسەلات و بەهێزی (پروسیا) کە لەلایەن (پادشا ولیامی یەکەم) ەوە وەکو سەرۆک وەزیران دەستنیشان کرابوو، خۆی هەستا بەو کارانەی کە بۆرژوازی ئەڵمانی لە دەستوری کاریدا دانابوو، ئەویش یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا و دامەزراندنی بازاڕی ناوخۆیی و سازکردن و لەبارکردنی زەمینەکانی گەشەی ئابوری و پیشەسازی و کورتکردنەوەی دەستی دین لە دەستێوەردان لە دەسەلات و دەوڵەتدا. بۆرژوازی ئەوروپی و ئەڵمانی شۆرشەکانی ساڵی ١٨٤٨ یان بینیبوو کە لەلایەن خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئەوروپاوە بەرپا بوو، بۆیە ئەوەیان قبوڵ کرد کە لەگەڵ پاشماوەکانی پادشایەتی و دەسەلاتی کۆندا ڕێک بکەون و دەستبەرداری شۆڕش بن بۆ لە دەسەلات هێنانە خوارەوەیان. ئەوە بوو لە ئەڵمانیا بیسمارک خۆی بووە ڕاوێژکاری ئیمپراتۆری و دەسەلاتی تەواوی هەبوو بەسەر حکومەتی (ڕایخ)دا (30) . کارێکی سەرەکی

## کوردایەتی و ڕۆشنگەری!

بیسمارک وەستانەوە بوو دژی گەشەی سۆشیالیزم و دەرکردنی یاسای دژە سۆشیالیستی لە ساڵی ١٨٧٨دا و قەدەغەکردنی ئەدەبیاتی سۆشیالیستی و کۆبونەوە و ڕێکخراوە سۆشیالیستیەکان و گرتن و دادگاییکردنی رابەرانییان. (31)

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی بزووتنەوەی رۆشنگەری پێداویستیەکی فکری و ئابوری و سیاسی بووە بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینی بۆرژوازیەوە و کۆتاییهێنان بووە بە دنیای کۆنی دەرەبەگی و دەسەڵاتی پادشا و کەنیسە، کۆتاییهێنان بوە بە پەرش و بڵاوی دەسەڵاتی ناوچەیی و دروستکردنی دەوڵەتی هاوچەرخی بۆرژوایی لە ئەوروپادا. بەشێوەیەکی دیکە بڵێم کە چ دیاردەی رۆشنگەری و چ دیاردەی رێنیسانس، هەردوکیان وەکو دوو رووداوی گرنگ لە مێژووی ئەوروپادا، تەعبیربوون لە پێداویستیەکانی ئاڵوگۆرێکی کۆمەڵایەتی – سیاسی و ئابوری کە کۆمەڵگای ئەوروپی هێنابوونیە پێشەوە. هەردوو دیاردەکە لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەی سەرمایەداری و لەگەڵ جێگیربوون و دامەزرانی سیستەمی ئابوری- سیاسی سەرمایەداریدا هاوتا و هاوجووت بوون.

من ووتم کە لە دەورانی ڕۆشنگەریدا بۆرژوازی خەسڵەتێکی شۆرشگێرانەی هەبوو، بەرگری لە جیاکردنەوەی دینی لە دەوڵەت دەکرد، بگرە لە سەردەمی رێنیسانسدا جۆرێک لە ریفۆرمکردن و پێکەوەهەڵکردن (تۆلێرانس)ی دینی بەرگری لێدەکرد. بەڵام لە سەردەمی رۆشنگەریدا جۆرێک لە دژایەتیکردنی دین و دەسەڵاتی دینی دەکرد. لەناو زۆربەی بیرمەندەکانی ئەو سەردەمەی ئەوروپادا، ئەوانەی نەخشیان هەبوو لە نەخشاندنی مێژووی تازەی ئەوروپا، چەمکە ماتریالیستی و غەیرە دینیەکان برەویان پەیداکردبوو. زانست و فەلسەفە لە سەردەمی رۆشنگەریدا و لەسەدەی هەژدە و نۆزدەدا خاسیەتی ماتریالیستی- دیالەکتیکی هەبووە و زۆربەی فەیلەسوفەکان و زاناکانی بواری فیزیا و کیمیا و بایۆلۆجی و سەرجەم زانستە مرۆییەکان، بەشێوەیەکی ماتریالیستی و دیالەکتیکی بیریان کردۆتەوە. بەشێکی زۆری داهێنانەکان و دەستکەوتە زانستیە بنەڕەتیەکان لەو بوارانەدا لەو سەردەمەدا کراون. گومان کردن لە بوونی چەمکی خودا و گرتبەری رێبازی زانستی و توێژینەوەی زانستی کە لەسەر بنەمای گومان کردن لەهەموو شتێک و رەفزکردنی فکری رەها بنیات نرابوو. ئەم جۆرە تێگەیشتن و دنیابینیە زانستی و فکریانە دەبنە تێگەیشتنێکی گشتی. تەنانەت لەم سەردەمەدا رەوتی ئاتەئیستی(atheism) سەرهەڵدەدات و پەرەدەستێنێ کە نەفی فکرەی بوونی دروستکەرێک بۆ گەردون دەکات. بەڵام بۆرژوازی لە دوای شۆرشەکانی ئەوروپا لە ساڵی ١٨٤٨ دا ئیتر ئەم رێبازەی بەجێهێشت و بەرەو کۆنەپارێزی چوو لە هەموو بوارێکدا.

لینین لە کتێبی" ماتریالیزم و رەخنەی ئەزمونگەرایی- -Materialism and Empirio

criticism" باس لەوە دەکات کە فەلسەفە و فکری فەلسەفی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆچوونی میتافیزیکی بەسەریدا زاڵ بوەو کۆنەپاریزبووە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە فەلسەفە و زانست بە حزبی بوون، واتە زانست و فەلسەفە کەوتونەتە خزمەتی چینی بۆرژوازیەوە و بەرگری لە مانەوەی دەسەڵاتی ئەو دەکەن. بۆیە کۆنەپارێز بووە و گەڕاوەتەوە بۆ میتافیزیک، لەجیاتی میسۆدی دیالەکتیکی و ماتریالیستی کە لە سەردەمی رۆشنگەری و سەدەی نۆزدەدا لە مەیدانی زانست و مەعریفە و فەلسەفەدا زاڵ بوو.

ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی بۆرژوازیدا، لەهەموو بوارەکاندا کۆنەپارێز و کۆنەپەرست دەبێ، تەنانەت لەبواری زانستیشدا بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە. سەرجەم فکری بۆرژوازی کۆنەپارێز و بەرەو کۆنەپەرستی دەچێت. بۆرژوازیەک کە لەبەرامبەر دنیای کۆن و دەسەڵاتی لاهوت و جیهانی دەروەی هۆش و عەقڵ و میتافیزیکدا، رۆشنگەری هێناوە، چەمکەکانی ماف و ئازادیی تاک و دەسەڵاتی خەڵکی هێناوە، کاتێک کە دەسەڵات بەتەواوی دەگرێتە دەست و دادەمەزرێ ئیتر بەرەبەرە دەکەوێتە بەرامبەریانەوە، لەبەرئەوەی چینێکی دیکە دروستبووە، کە چینی کرێکارە و ئەیەوێ بە سوود وەرگرتن لەو گۆڕانکاری و پێشڕەویە کۆمەلایەتی و فکری و سیاسیانەی کۆمەڵگا، ئەویش بە قازانجی خۆی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگادا ئەنجام بدات. هەروەکو چۆن بۆرژوازی بۆ دەرهێنانی دەسەڵات لە ژێر چنگی فیۆدالیدا کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی کرد لە هەموو بوارەکانی فکر و زانست و فەلسەفە و سیاسەت و کەلتور و فەرهەنگ و... تاد. ئەم چینە تازەیەش خەریکە لەهەموو ئەو مەیدانانەدا ئاڵوگۆڕ بکات. لە مەیدانی فەلسەفەدا، لە مەیدانی ئابوری و سیاسەتدا شەڕی لەگەڵ دەکات و بەوجۆرە.

لە بواری ئابوری سیاسیدا مارکس و ئەنگلس، وەکو بیرمەندانی چینی کرێکار رەخنەی چینی کرێکار لە بواری ئابوری سیاسیدا لە بۆرژوازی دەگرن. ئەوان لە گرنگترین کەسایەتی ئابوری و ئابوریناسی بۆرژوازیەوە دەست پێدەکەن، لە (ئادەم سمیس) و ریکاردۆوە دەست پێدەکەن و تیۆریەکانیان سەبارەت بە کارو کرێ و بەهای کار و سەرچاوەی کەڵەکەی سەرمایە دەخەبەر رەخنە و پووچەڵی دەکەنەوە. کتێبی( بەشداریەک لە رەخنەگرتن لە ئابوری سیاسی) و (سەرمایە)ی کارل مارکس بەشێوەکی سەرەکی بنەماکانی ئەو رەخنەیە لە ئابوری سیاسی بۆرژوازی بەرجەستە و گەڵاڵە دەکەن. لەبواری فەلسەفەدا دوبارە مارکس و ئەنگلس بنەماکانی فەلسەفەی بۆرژوازی پێشخۆیان هەڵتەکاند. ئەوان رەخنەیان لە ماتریالیزمی کۆن بە ماتریالیزمی فیۆرباخیشەوە گرت کە دەوری پراتیک و چالاکی مرۆڤی وەکو دیاردەیەکی مادی نەدەبینی و پراتیکی مرۆڤ، واتە {لایەنی

چالاکی ماتریالیزمی جێهێشتبوو بۆ ئایدیالیزم!} (32) هەروەکو دیالەکتیکی هیگڵ کە پشتی بە ئایدیالیزم بەستبوو، خستەژێر رەخنەوە و لەجێگایان ماتریالیزمی دیالەکتیکیان دامەزراند.
مارکس لە تێزی (١١) دا سەبارەت بە فیۆرباخ دەڵێ { فەیلەسوفەکان تائێستا، بەشێوازی جۆراوجۆر، تەنها جیهانیان لێکداوەتەوە، بەڵام مەسەلەکە گۆڕینیەتی.} (33) بەجۆرێکی دیکە بڵێین کە کۆتایی فەلسەفەی کۆنیان راگەیاند و بگرە کاری فەلسەفەشیان گۆڕی. بەوجۆرە بناغەکانی ماتریالیزمی مێژوویی و ماتریالیزمی پراتیکیان دامەزراند، کە مامەڵەیەکی مادی و دیالەکتیکی کۆمەڵگا دەکات. بەپێچەوانەی فەلسەفەی بۆرژوازیەوە، مارکس وئەنگلس، کۆمەڵگایان وەکو دیاردەیەکی زیندوو وە هەروەها مێژوویی سەیر دەکرد کە بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدایە و ئەم گۆڕانکاریەش بەرهەمی پراتیکی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانە. بەوپێیە لەباری لۆژیک و فەلسەفیشەوە، ئەوان پێداویستی مادیانەی کۆمەڵگایان روون کردەوە و وەکو چەکێکی کاریگەری هوشیاری دایانە دەستی چینی کرێکار. گومان لەوەدا نییە کە مارکسیزم و ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینی فەلسەفی و ئابوری مارکسیزم خۆی بەرهەمی ئاستێکی بەرزی گەشە و پێشڕەویەکانی فکری مرۆڤایەتیە. ئەگەر دەسکەوتە فکری و فەلسەفی و زانستیەکانی بۆرژوازی سەردەمی ڕینێنسان و دواتر ڕۆشنگەری بەرهەمی گەشە و پێشکەوتنی فکری مرۆڤایەتی بووە و ئەڵقەکانی زنجیری پێشڕەوی کۆمەڵایەتی و فکری و هوشیاری مرۆڤ بووە، ئەگەر ڤۆڵتیر و ئادەم سمیس و کانت و داروین و دافشنی و شەکسپیر و .. تاد بەرهەمی گەشەی عەقڵ و فکرو هوشیاری گشتی مرۆڤ بوون لە پرۆسەیەکی گەشە و پێشکەوتنی فکری مرۆڤایەتیدا، بەهەمانشێوە مارکسیزم وەکو زانستی سیاسی و فەلسەفی و ئابوری بەرهەمی ئاستێکی دیکە لە گەشەی فکری مرۆڤایەتی بووە و یەکێک لە ئاکامەکانی ئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و فکریەی سەردەمی ڕۆشنگەری ئەورووپاش بووە. ئەگەر بایەخی سەردەمی ڕۆشنگەری بۆ بۆرژوازی دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی و باڵادەستبوونی چەمکە ئابوری و سیاسی و فکری و کەلتوریەکانی بووبێت، ئەوا بۆ کرێکار و پرۆلیتاریاش، دەورەی دەستراگەیشتنی بووە بە تیۆر و فکرو فەلسەفەی رزگاری خۆی لە سیستەمی نایەکسانی بۆرژوازی و سەرمایەداری.
بەوجۆرە سەرجەم ئەو چەمک و بەهایانەی کە بۆرژوازی لەگەڵ خۆیدا لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا هێنای بەمەبەستی تێکشکاندنی سەرجەم چەمک و بەهاکانی کۆنی فیۆداڵی، لەلایەن چەند بیرمەند خاوەن فکر و فەلسەفەی سۆشیالیستی وەکو مارکس و ئەنگلسەوە تا رادیکاڵترین ئاستی خۆی بران. بۆنمونە چەمکی ماف، لای بۆرژوازی لەپاڵ ئازادیی فەردی و بەشداری خەڵک لە دەسەڵاتدا، مافی خاوەندارێتی لەخۆگرتووە. واتە مافی خاوەندارێتی

دەشبێتە بنەما بۆ دەسکەوتنی مافەکانی دیکە، بۆ نمونە بەشداری خەڵک لە دەسەڵاتدا، کە تەنانەت لە شۆڕشی بۆرژوایی فەرەنسادا بەسترابوەوە بە توانایی مادی و خاوەندارێتیەوە. یان لانی زۆر لە چوارچێوەی یەکسانی ماف لەڕووی یاساییەوە تێنەدەپەڕی، بەڵام مارکسیزم ئەمەی دایە بەر رەخنە و پرسی مافی تا ئاستی هەڵوەشاندنەوەی مافی خاوەندارێتی تایبەتی و زاڵکردنی مافی خاوەندارێتی گشتی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی ودابەشکردن لە کۆمەڵگادا دانا و بەوجۆرە....

سەرەنجام بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕە فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیانەوە کە لەئاکامی رۆشنگەریدا هاتن و سنوری چوارچێوەی بۆرژوازی تێپەڕاند، بۆرژوازی وەکو چینێکی چەوسێنەر کە دەسەڵات و سامان و ژیانی لەسەر چەوساندنەوە و زەوتکردنی بەرهەمی رەنجی چینی کرێکار دابین دەکات، بەناچاری بەرەو دواوە گەڕایەوەو ملی بەرەو کۆنەپەرستی فکری و سیاسی نا. لەهێزێکی شۆرشگێرەوە کە دەیویست دنیای کۆن تێکبشکێنێ و دنیایەکی نوێ بنیات بنێ، دەبێتە هێزێکی کۆنەپارێز و کۆنەپەرست و تەنانەت دەست دەباتەوە بۆ ئەو چەمک و نەریت و کەلتورە کۆن و پرتوکاوانەی پێش خۆی کە دەورانی رۆشنگەری لەدژیان دەجەنگا و لە شۆڕشی فەرەنسادا لەریشەوە دەریکێشان. بگرە لە باری ئابوریەوە ئیتر ئەو چوارچێوە و ئەلقەیەی سەرمایەداری دروستی کردوە بۆ بەرهەمهێنان، ناتوانێ یارمەتیدەری بێت بۆ گەشە و فراوانبوونەوەی و پێشکەوتنی. لەبەرئەوەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان تا ئەو رادەیە گەشەی کردوە کە کاری بەشێوەیەکی فراوان و مەزن کۆمەڵایەتی کردووە، بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی کردووە، سەدان هەزار کرێکار کار بۆ یەک کۆمپانیا دەکەن، بەرهەمهێنان پێکەوە بەسەدان داوی جاڵجاڵۆکەییەوە بەیەکەوە بەستراوەتەوە، بەڵام خاوەندارێتی ئەم بەرهەمە کۆمەڵایەتیە تایبەتە و پەیوەندی بەرهەمهێنان لەلایەن چەند کەسێکەوە سەرپەرشتی و بەڕیوە دەبرێ و پێچەوانەیە لەگەڵ خاسیەتی کۆمەڵایەتی و دەستەجەمعی بەرهەمهێناندا. بۆیە ئیتر ئەم جۆرە پەیوەندی و خاوەندارێتیە لەگەڵ پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا تووشی ناکۆکی و پێکدادان دەبن. لە ئاکامی ئەم ناکۆکی و پێکدادانەش، قەیرانە بەردەوامە ئابوریەکان دروست دەبن کە هەموو جارێک وەکو زەنگی ئاگادارکردنەوە، زەنگی مەترسی مانەوەی ئەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە بۆرژواییەو ئەم جۆرە لە خاوەندارێتی کەمایەتی کۆمەڵگا بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە لێدەدات.

ئێستا بۆرژوازی لە هەلومەرجێکی ئابوری بەوجۆرەدایە کە خۆشی بووە بەرێگر لەبەردەم گەشەی ئابوریدا، لەڕووی مافەوە، لەڕووی فەلسەفەی دەسەڵاتداریتیەوە کۆنەپەرست بووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە سەرمایەداری گەیشتۆتە قۆناغی ئیمپریالیزم، لەباری

## کوردایەتی و ڕۆشنگەری!

سیاسیشەوە بەرەو کۆنەپەرستی سیاسی هەنگاوی ناوە، وەکو لینین دەڵێ :(سەرمایەداری، لە رزگارییەخشی نەتەوەکانەوە، ئەو کاتەی لەگەڵ دەرەبەگدا ململانێی هەبوو، گۆڕاوە بۆ سەرمایەداریی ئیمپریالیستی کە گەورەترین سەرکوت دژی نەتەوەکان بەکاردەهێنێ. لەپێشوودا پێشکەوتنخواز بوو، ئێستا بووەتە سەرمایەدارییەکی کۆنەپەرست.).(34) ئێستا ئەو چەمکانەی کە کاتی خۆی لەژێر ناوی چەمکە لیبراڵیەکاندا بۆرژوازی بانگەشەی دەکرد و بەرگری لێدەکرد، وەکو دیموکراسی، ئازادی ، یەکسانی، جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت،....تاد. هەموویان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتوە. ئەم چەمکە کۆنانە نەماون و ئێستا لیبراڵیزمی نوێ کە میراتگری لیبرالیزمی کۆنە، هەموو ئەم چەمکانەی پێچەوانە کردۆتەوە. ئەم بەرەودواوەچوونەی بۆرژوازی وەکو چینێکی دەسەڵاتدار کە بەرژەوەندی لە هێشتنەوەی هەلومەرجی سیاسی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئێستادا هەیە، کە بەرژەوەندی لە درێژەکێشانی ئەم سیستەمە چەوسێنەرەدا هەیە، بەناچاری کردویەتی بە چینێکی کۆنەپەرست و کۆنەپارێز و ناتوانێ وەکو سەردەمی دەرەبەگایەتی رادیکاڵ و شۆڕشگێر و پێشکەوتنخواز بێت. ئەوکات لەباری مێژوویی و کۆمەڵایەتیەوە ئاراستەیەکی روولەپێش و پێشکەوتنخوازی هەبوو، بۆیە لە هەموو مەیدانەکانی فکر و فەلسەفە و زانست و سیاسەت و ئابوریدا رێگاچارە و بەرنامەی ڕوولەپێشی دەخستە بەردەم کۆمەڵگا، بەڵام ئێستا رێگری لەبەردەم بەرەوپێشەوەچوونی هەموو مەیدانەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی و زانستی و فکری و سیاسی و ئابوری دەکات.

ناسیۆنالیزمی کورد وەکو بزوتنەوەیەکی بۆرژوایی و بۆرژوازی کورد وەکو چینێک لەم هەلومەرجە فکری و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەی بۆرژوازی دنیادا لەدایک بووە و سەریهەڵداوە، لەم هەلومەرجەشدا باسی رۆشنگەری دەکات کە بۆرژوازی بەشێوەیەکی گشتی بەرەو کۆنەپەرستی چووە. بەبروای من تازە بۆرژوازی ناتوانێ رۆشنگەری بکات، چونکە وەکو پێشتر ووتم چینی کرێکار دروست بووە کە گۆڕهەڵکەنی سیستەمەکەیەتی، هەر پێشکەوتنێکی فکری و زانستی و فەلسەفی راستەوخۆ دەکەوێتە بەرامبەریەوە و دەبێ لەچوارچێوە و قاڵبێکدا رابگیرێن و کۆت بکرێن. ئەگەر بەشێوەیەکی رەها ئازادی بۆ ئەم پێشکەوتنە زانستی و فکری و سیاسی و هوشیاری و فەرهەنگی و کۆلایەتیە فەراهەم بکرێ، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی و سیستەمی سەرمایەداریی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و شێوازی دەسەڵاتداریێتی و بەڕێوەبردنی سیاسی و ئیداری بۆرژواییانەی کۆمەڵگا رەت دەکاتەوە.

بۆرژوازی ئێستا بە چنگ و ددان دەستی بە دینەوە گرتووە، تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتوو و مۆدێرنی سەرمایەداریدا، دەسەڵات و دەوڵەت بەشێوازی جۆراوجۆر

دەستیان بە دامێنی دینەوە گرتووە و پیرۆزی دەکەن. بێجگە لە فەرەنسا، کە ئەویش میراتی شۆڕشی فەرەنسایە، لەهیچ وڵاتێکی مۆدێرنی بۆرژوازی دین بە تەواوی لە دەوڵەت جیانەکراوەتەوە. بۆ نمونە لە بەریتانیا کە دەوڵەتێکی مەدەنیە، هێشتا دین دەوری بەرچاوی هەیە. تا ئێستاش مەلیک( مەلیکە) سەرۆکی کەنیسەی ئینگلیزیە.(35) لە هەموو وولاتانی ئەوروپادا هاوکاری دین دەکرێ، پارەی بۆ خەرج دەکرێ. لەسەر دۆلاری ئەمریکا نوسراوە خوا ئەمریکا بپارێزێ، لەکاتێکدا وەکو دەوڵەتێکی سیکولار دەناسێنرێ. باسی هاوکاری ئەمریکا ناکەم بۆ ژیاندنەوە و گیان بەبەرداکردنەوەی گروپە ئیسلامیە تیرۆریستەکان. فرە کەلتوری و رێژەیی فەرهەنگی کە لەلایەن رۆژاواوە پەیڕەو دەکرێ، هەمان موجامەلەکردنی ئاین و کەلتور و نەریت و بگرە ئەفکاری دواکەوتووی ئاینی و قەبیلەیی و ناسیۆنالیستیە کە لەبەرامبەر دانیشتوانی وولاتە رۆژهەلاتیەکان و ئەوەی بە "جیهانی ئیسلام" ناسراوە، مامەڵەی دەکەن. وەکو ئەوەی کە ئەو نەریت و فەرهەنگ و کەلتورە ئاینیە بەشێک بێت لە پێکهاتەی سروشتی خەڵکی ئەم وولاتانە. لەکاتێکدا ماف و کەلتور و فەرهەنگ و فکرو زانست و ... تاد. هەموویان بەرهەمی گەشەی فکری و کۆمەڵایەتی مرۆڤن و جیهانداگر و گشتین و موڵکی هەموو مرۆڤایەتین.

ناسیۆنالیزمی کورد لەم هەلومەرجە داڕزیوەی بۆرژوازیدا باسی رۆشنگەری دەکات، کە خودی بۆرژوازی رۆژاوا و ئەوروپی، کە پێشەنگی رێنیسانس و رۆشنگەری بوون، خۆیان لەهەموو بارێکەوە بۆگەنیان کردوە.

هەڵبەتە سەخت نییە کە ماهیەتی کۆنەپەرستانە و کۆنەپاریزی و دواکەوتوویی ناسیۆنالیزمی کورد بناسین. لەباری کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوریەوە بۆرژوازی کورد و ناسیۆنالیزمی کورد و کوردایەتی کۆنەپەرست و کۆنخوازن. پێویست بەقسەی زۆر ناکات. فکر و سیاسەت و کارنامەی سیاسی و نەریتی سیاسی و جیهانبینی کۆمەڵایەتی حزبەکانی کوردایەتی، کە نوێنەرایەتی کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی کورد دەکەن، بەڵگەیەکی روونە بۆئەوەی لە جێگاو پێگەی کۆمەڵایەتی و فکری و سیاسی ئەم حزبانە تێبگەین و بەو پێیەش جێگاو رێگای بزووتنەوەی کوردایەتی و چینی بۆرژوازی کوردیش تێبگەین.

بۆرژوازی کورد، پارتی و یەکێتی و گۆڕان و ئیسلامیەکانی پێشکەش بە کۆمەڵگا کردووە، حزبێکی لیبراڵی وەکو حزبی دیموکراتی ئەمریکا یان سۆشیال دیموکراتی سوید یاخود پارتی کاری بەریتانیای پێشکەش نەکردوە. بێجگە لە حزبە ئیسلامیەکان کە ناویان بە خۆیانەوەیە، ئەو حزبانەی کوردایەتیش کە بەناهەق لەسەر سیکولاریزم ناودەبرێن، هەموویان دەستیان بە دینەوە گرتوە، ئاین و بەتایبەتی ئاینی ئیسلام و نەریت و رێورەسمەکانی پیرۆز دەکەن. دینی رەسمی دەسەڵاتەکەیان ئیسلامە. وەزارەتی ئەوقافیان

## کوردایەتی و ڕۆشنگەری!

هەیە. ئاینی ئیسلام سەرچاوەی یاساکانیانە. لە هەموو کون و کەلەبەرێکی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شەخسیدا دەستێوەردان دەکات. بۆیە بۆرژوازی کورد و کوردایەتی هیچ سیفاتێکی رۆشنگەرییان تێدا نییە. ئەگەر تەنها یەک مەسەلە لە فکری رۆشنگەریدا وەربگرین کە جیاکردنەوەی دینە لە دەوڵەت یان لاوازکردنی دەستی دینە لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و ئیدارەی دەوڵەتدا، کە لە سەردەمی ڕۆشنگەری ئەوروپادا تەنانەت لەلایەن قەشە و پیاوانی ئاینیەوە بانگەشەی بۆکراوە، ئەوا تەنها بەو پێودانگە، ناسیۆنالیزمی کورد ناتوانێ رۆشنگەر بێت.
ئەوەتا خودی مەلا بەختیار کە خۆی بە رابەری رەوتی رۆشنگەری کوردی دادەنێ، یان دەیەوێ وای پێبڵێن یان وا بناسرێ، سەر بەحزبێکی سیاسی بۆرژوایی کۆنەپەرستە و هەموو ئەو خاسیەتە کۆنەپارێزانەی تێدایە کە ئاماژەم پێکرد. خۆشی بەزمانی خۆی دەڵێ ( خوا و قورئان و پێغەمبەر هێڵی سوورن!) (36)، لەکاتێدا لە سەردەمی رۆشنگەری ئەوروپادا هیچ شتێک هێڵی سوور نەبوو. نە خودا، نە پادشا، نە نەریت و نە کەلتور، نە عیسی و نە ئینجیل و نە هیچ کەسێک هێڵی سوور نەبوون. هەموو شتێک بەچاوی گومانەوە لێی دەڕوانرا. هەموو شتێک قابیلی ئەوەبوو لێکۆڵینەوە و لێووردبوونەوەی لەسەر بکرێ. هیچ شتیک رەها نەبوو. هەموو شتیک قابیلی رەخنە بوو. لە دەورانی رۆشنگەریدا دەسەڵاتی کەنسیە و قەشە سست و بێبایەخ کرا، کەچی لێرە مەلا بەختیار خۆی دەسەڵاتی دین و مەلا و یاسا و شەرعی ئیسلام بەسەر خەڵکی کوردستانەوە رادەگرێ و پارێزگاری لێدەکات. ئەمە ئیتر هیچ بوارێک بۆ هیچ وەهمێک ناهێڵێتەوە سەبارەت بەوەی کە ئەمانە ناتوانن بزووتنەوەیەکی رۆشنگەری بەرێبخەن، بگرە ناتوانن رۆشنگەر بن، بەڵکو رۆشنگەریەکەیان بێجگە لە کاریکاتۆرێکی رۆشنگەریی ئەوروپا شتێکی زیاتر نابێ.
رۆشنگەریەکەی کوردایەتی و مەلا بەختیار، ناوێکی ساختەیە بۆ دیاردەیەک کە لە شوێنێکی دیکەی جیهاندا و لە دەورانێکی مێژوویدا رویداوە کە مانایەکی دیکە و خاسیەتێکی دیکەی هەبووە، بەڵام لێرە بەرگێکی ساختەی کراوەتەبەر. لە باشترین حاڵەتیدا ئەم کاریکاتۆری رۆشنگەریەی مەلا بەختیار و کوردایەتی لەبەرامبەر باڵێکی ئیسلامی سیاسیدایە نەک کورتکردنەوەی دەستی ئیسلام و بگرە نەک وەستانەوە بەڕووی سەرجەم ئیسلامی سیاسیشدا. ناوەرۆکی " رۆشنگەری"یەکەی مەلا بەختیار رەخنەیە لەباڵێکی ئیسلامی سیاسی کە حزبەکەی و خۆی لەڕووی سیاسیەوە کێشەیان لەگەڵیدا هەیە، ئەویش سەلەفیزمە!
بە بڕوای من رۆشنگەری بە بۆرژوازی کورد ناکرێ. رۆشنگەریەک کە دەسەڵاتی دین

**موحسین کەریم**

نەهێڵێ، کە فرسەت بۆ گەشە و پێشکەوتنی زانست بکاتەوە بەبێ ڕێگریە دینی و کەلتوری وනەریتیەکان، بوار بۆ بەکارهێنانی رادیکاڵترین شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی برەخسێنێ، رۆشنگەریەک کە ئازادی بیرکردنەوەی سیاسی و رادەربڕین و عەقیدە لەکۆمەڵگادا دابین و بەرگری لێبکات، لەژێر سایەی ئەمانەدا ئیمکانی نییە. ناکرێ تۆ توێژینەوەیەکی زانستی بکەی لەکاتێکدا ئەم توێژینەوەیە بەرامبەر بە ئاین و بەها و رێکارە ئاینیەکان بوەستێتەوە و نەکەویتە بەر فەتوای مەلایەک و کارەکەت پێ نەخەن، ئەمە ئەگەر سەریشت بە سەلامەت دەربکەی و دەستی تیرۆریزمی ئیسلامیت نەگاتێ. دەورانی رۆشنگەری پێویستی بەوە بوو دەستی دین لەپشتەوە ببەستێ، چ لەڕووی زانستیەوە چ لە رووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەوە. دەبوایە هیچ رێگریەک بۆ زانست نەکرایە کە توێژینەوە بکات، سەرمایەداری پێوستی پێی بوو. دەبوایە هیچ نەریت و تەعالیمێکی دینی بەری بە چوونە دەرەوەی ژنان و بەشداریانی نەگرتایە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و فرسەتی ئەوەیان هەبوایە بچنە دەرەوە لە ماڵ و کاربکەن چونکە سەرمایەداری پێویستی بە کاری ئەوان هەبوو، بەکاری هەرزانی ئەوان و تاد. بەڵام تائێستاش ژنانی کوردستان لەسەر سەرەتاییترین ماف دەکوژرێن و دەسەلاتی کوردایەتی و حزبەکەی مەلا بەختیار نەک هیچیان نەکردوە لەگەڵ ژنکوژەکان بەڵکو دالدەشیان داون!

بۆیە بەبڕوای من کوردایەتی و رۆشنگەری ناتوانرێ لەپاڵ یەکتردا دابنرێن، بەتایبەتی کە لەئاستی خودی دنیاشدا بۆرژوازی بەرەوپاش گەراوەتەوە و نامۆیە و بگرە دژیشە بە هەمان ئەو چەمکانەی کە لەدەورانی رۆشنگەرییدا خۆی خاوەنیان بووە.

مارسی ۲۰۱۹

## تێبینیەکان:

(1) سەدەی ڕۆشنگەری، ویکیپیدیا https://en.wikipedia.org/wiki/Age_of_Enlightenment,

، ڕۆشنگەری، مێژووی ئەوروپا- ئینسایکلۆپیدیای بیتانیکا https://www.britannica.com/event/Enlightenment-European-history

(2) رێنیسانس، ئینسایکلۆپیدیای بریتانیکا https://www.britannica.com/event/Renaissance

(3) شۆڕشی فەرەنسا بریتیە لەو دەورانە لە جموجوڵ و پشێوی کۆمەڵایەتی و سیاسی دوور مەودا کە لەساڵی ۱۷۸۹ ەوە لە فەرەنسا و ناوچەکانی ژێر قەڵەمرەوی فەرەنسادا روویاندا و نزیکەی ۱۰ ساڵی خایاند. ئەو شۆڕشە کۆتایی هێنا بە فەرمانڕەوایی پاشایەتی و سیستەمی کۆماری لە جێگەیدا دامەزراند. https://en.wikipedia.org/wiki/French_Revolution

## کوردایەتی و ڕۆشنگەری!


(4) Can Capitalism Be Caring of Ben & Jerry’s Homemade, Inc.by Kurt Reymers, http://sociology.morrisville.edu/infospace/ti2.html

(5) https://en.wikipedia.org/wiki/Ancient_Greek_philosophy

(6) قوستەنتەنیە پایتەختی بیزەنتیەکان بوو، لەسەردەستی عوسمانیەکاندا دەستی بەسەردا گیرا، ئێستا پێی دەوترێ ئەستانبوڵ.

(7) هەمان سەرچاوە

(8) Social and political structures in Italy, https://en.wikipedia.org/wiki/Renaissance#Cultural_conditions_in_Florence

(9) Kirshner, Julius, *Family and Marriage: A socio-legal perspective*, *Italy in the Age of the Renaissance: 1300–1550*, ed. John M. Najemy (Oxford University Press, 2004) p. 89، https://en.wikipedia.org/wiki/Renaissance#cite_note-31

(10) جۆهانس گۆنەبێرگ پیشەوەرێکی خەڵکی ئەلمانیا بوو کە لەساڵی ١٤٣٩دا ئامێری چاپی داهێنا. https://en.wikipedia.org/wiki/Johannes_Gutenberg

(11) https://en.wikipedia.org/wiki/Printing_press#cite_note-Febvre,_Lucien;_Martin,_Henri-Jean_1976_by_Anderson,_Benedict_1993,_58f.-5

(12) https://en.wikipedia.org/wiki/Martin_Luther

(13) glorious Revolutionشۆڕشی نەمری کە کۆتایی هێنا بەدەسەڵاتی پادشای بەریتانیا( جەیمسی دووەم) : https://www.britannica.com/event/Enlightenment-European-history

(14) https://www.britannica.com/technology/steam-engine

(15) Melton, 4, 5. Habermas, 14–26. http://www.wikiwand.com/en/Age_of_Enlightenment

(16) Jean-Jacques Rousseau (1712 - 1778)
نوسەر و فەیلەسوفێکی فەرەنسی سەردەمی ڕۆشنگەری بووە. بۆچوونە فەلسەفیە سیاسیەکانی و بەتیابەتی فۆرمی تیۆری پەیماننامەی کۆمەڵایەتی کاریگەری گەورەی شۆڕشی فەرەنسی و بەرەوپێشبردنی تیۆریە لیبراڵ ، پاریزگارو سۆشیالیستیەکانی کردوە.

(17) http://www.bl.uk/learning/histcitizen/21cc/utopia/revolution1/rousseau1/rousseau.html

(18) ( تیۆریەکانی حوکمڕانی) Theories of government, http://www.wikiwand.com/en/Age_of_Enlightenment

(19) https://philosophy.fandom.com/wiki/John_Locke

(20) دادوەر و شارەزای بواری تاوان و فەیلەسوف و سیاسەتمەدارو نوسەرێکی گەورەی سەردەمی ڕۆشنگەری خەڵکی ئیتاڵیا بووە

(21) ئەو زانستەیە کە پەیوەندی بە سزای تاوان و یاساکانی زیندانەوە هەیە ( **penology**

(22) https://en.wikipedia.org/wiki/Adam_Smith

(23) https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%85%D9%88%D8%B3%D9%88%D8%B9%D8%A9

(24) بەشەکانی Popularization of Science, Schools and universities, Science
https://en.wikipedia.org/wiki/Age_of_Enlightenment

(25) (ئاین) https://en.wikipedia.org/wiki/Age_of_Enlightenment, religion

(26) تۆماس جەیفرسن قەشەیەکی ئەمریکی بوو ، نوسەری سەرەکی(جاڕنامەی سەربەخۆیی) ئەمریکا بوو، لە بانگوشەکارانی کۆماری و دیموکراسی و مافی فەردی بوو، دواتر سێهەم سەرۆک کۆماری ئەمریکابوو https:// en.wikipedia.org/wiki/Thomas_Jefferson#Religion

(27) ( جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت) **Separation of church and state** **https:// en.wikipedia.org/wiki/Age_of_Enlightenment**

(28) History 151 The French Revolution: Causes, Outcomes, Conflicting Interpretations، Mr. Schwartz, https://www.mtholyoke.edu/courses/rschwart/hist151s03/french_rev_causes_consequences.htm

(29) https://en.wikipedia.org/wiki/Otto_von_Bismarck

(30) Friedrich Darmstaedter, *Bismarck and the creation of the Second Reich* (2008) http://www.historyhome.co.uk/europe/bisdom.htm

(31) https://en.wikipedia.org/wiki/Otto_von_Bismarck

(32) https://www.marxists.org/archive/marx/works/1845/theses/index.htm

(33) هەمان سەرچاوە

(34) https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1915/s+w/ch01.htm

(35) https://en.wikipedia.org/wiki/Church_of_England

(36) http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/170120199



گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال

# سەبارەت بە داڕمانی خەلافەتی ئیسلامی داعش لە سوریا و پێشهاتەکانی

**دیدگای سۆشیالیستی: چەند رۆژ لەمەوپێش، هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانی لێدەکرێ، رایانگەیاند کە دوو پێگەی داعشیان لە (باغۆز) کۆنترۆڵکردوە و بە خوێنی (١١هەزار) شەڕڤان سەرکەوتنیان بەسەر داعشدا مسۆگەر کرد. بەم جۆرەش دوایین پێگەی خەلافەتی ئیسلامی لەعێراق و سوریا کۆتایی پێهات..کەوایە نەمانی خەلافەت چ ڕاستیەکمان لەسەر سەرهەڵدان و شکستی داعش وەک ڕەوتێکی ئیسلامی سیاسی پێدەڵێت؟ ، ئایا کۆمەڵگای جیهانی بەشەریەت و خودی خەڵکی سوریا بەم شکستەی داعش سودمەندن؟**

**دەشتی جەمال:**

ڕێبدەن با لەپێشدا لەبەشی دوەمی پرسیارەکەتانەوە دەستپێبکەم:

بە بڕوای من ئەگەرچی بە داڕمانی خەلافەتەکەی داعش، هێشتا ناتوانین چاوەڕوانی دۆخێکی ئارام و بەدەر لە جەنگ و کاولکاری و ئینسان کوژی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا ببین، بەڵام بەهێنانە خوارەوەی ئاڵای ڕەشی خەلافەتێکی ئیسلامی کە لەگەڵ کارنامەیەکی ئەوپەڕی دڕندانە و خوێناویدا بەرەوڕووە، نەک هەر کۆمەڵگای سوریا و ناوچەکە بەڵکو تەواوی کۆمەڵگای بەشەری لە یەکێک لە دەسەڵاتە هەرە نەگریس و دڵڕەقەکانی ئیسلامی

سیاسی پاک کراوەتەوە، و لانی کەم ئیتر دونیا، شاهیدی وێنە و فلیمە تراژیدیەکانی سەربڕینی ئینسان و لەقەفەسدا گڕتێبەردانی دیل وزیندەبەچاڵکردنی بەکۆمەڵی خەڵکی بێدیفاع نابێت. لانی کەم ئیتر ناوەندی شار و شارۆچەکەکانی سوریا نابێتە بازاڕێک بۆ کڕین و فرۆشتنی کەنیزەک و موقایەزەکردنی کچان و ژنانی یەزیدی و بەدیلگیراو و دەیان کارەساتی تری ئینسانی.. لەیەک وتەدا بە نەمانی خەلافەتی ئیسلامی لانی کەم کۆمەڵگای بەشەری بەوە سوودمەندبووە ئەو قورساییەی لەسەر سینە نەمێنی کە بەهۆی دڵڕەقی و تاوانکاریەکانی داعشەوە، هەناسەی لەسینەدا گیردەکرد.
تا ئەو جێگەیەشی بە ڕاستیەکانی پشتی سەرهەڵدان ونەمانی خەلافەتی ئیسلامیەوە دەگەڕێتەوە، سەرەتا ئەوە بڵێم کە داعش بەرهەمی فەزای جەنگ و دەخاڵەتی سەربازی هێزە ئیمپریالسیتیەکان و دەوڵەتانی ناوچەکەیە، کە لە سەرەتادا بۆ سەرکوتی ڕەوتی نارەزایەتی و شۆڕشگێرانەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش کە لە چوارچێوەی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیدا لەدژی حکومەتەکەی بەشار ئەسەد هاتەکایەوە و دواتر کۆمەڵگای سوریای کردە ناوەندێک بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە جیهانیەکانی دونیای سەرمایەداری، فەزایەک کە بە کۆمەکی دەوڵەتانێکی وەک ئەمریکا و تورکیا و سعودیە و قەتەر.. چەندین دەستە و تاقمی تیرۆریستی قەومی و ئیسلامی، لەژێرناوی ئۆپۆزسیۆندا، شکڵیان گرت و بەردرانە گیانی خەڵکی سوریا و ناوچەکە و جیهان. بەڵام ئەوەی کە داعش توانی بەخێرایەکی سەرسورهێنەر ناوچەیەکی فراوان لە سوریا و عێراق داگیربکات و خەلافەتی ئیسلامی دابمەزرێنێ و لێرەشەوە تۆڕو شەبەکەی چالاکیە سەربازیەکانی بگەینێتە ناو جەرگەی شارەکانی ئەوروپا و لەوەش زیاتر بەشێکی بەرچاو لە هاوڵاتیانێکی ئەوروپی بارگاوی بە فکر و ئایدولۆجی داعش بۆ بەرەکانی شەری خۆیان کێش بکەن، بەو هۆیەوە بوو کە بە شێوەیەکی ئەوپەڕی وەحشیگەری و دڕندانە لەپێناو جێگیرکردنی دەسەڵاتەکەی و فراوان کردنەوەی قەڵەومڕەوی دەسەڵاتەکەی، کەوتە تاڵانکاری وکوشتار وسەربڕین و بەکۆیلەکردنی ژن و مناڵی دیل و کۆمەڵکوژی. لەم ڕێڕەوەشدا سونەتەکانی ئیسلامی سەردەمی موحەمەدی زیندووکردەوە. یانی ئەوەی کە چۆن موحەمەد بۆ جێگیرکردنی خەلافەتەکەی لە مەدینە و مەکەکەدا، کەوتە کوشتاری بەکۆمەڵی نەیارانی خۆی و ژن و مناڵی کردە کۆیلە وکەنیزەک و وەک کاڵا لەبازاڕدا کرین و فرۆشی پێوەکرد. ئەمە ئەو کارە بوو کە هیچ یەک لە ڕەوتەکانی تری بزووتنەوەی ئیسلامی تا ئێستا لە دونیادا لەخۆیان نیشان نەداوە و دەستیان بۆ نەبردووە. بەمجۆرەش داعش وخەلافەتەکەی چ لەسەرهەڵدان و چ لە کۆتاییەکەیدا، ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێت، کە لە دوا ئاکامدا بەرهەم و خوڵقاوی سیستەمی کاپیتالستی و هێز و ڕەوتگەلی بۆرژوازیە کە لەگەڵ قەیرانە

نێوخۆیەکانیاندا ئامادەن هەموو ئینسانیەت لەنێو ئاگر و کوشتار و کاولکاریدا ڕابگرن.

**دیدگای سۆشیالیستی: بەڵام لەپاڵ هێزەکانی هەسەدەدا ئەوە ترامپ و دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکایە کە خۆی بە سەرکەوتوی یەکەم و شکستپێدەری داعش و تیرۆریزم ناودەبات. لەم پەیامە چی دەخوێننەوە، ئایا شکستی داعش بەو جۆرەی ترامپ وەک دەستکەوتێک بۆخۆی ناوزەدی دەکات، دەبێتە مایەی پێشرەوی ئەمریکا و جێگاوڕێگای لە کێشمەکێشەکانیدا لەگەڵ ڕوسیا و ئێران لەلایەک و لەپەیوەند بە تورکیاوە لەلایەکی ترەوە؟**

**دەشتی جەمال:**

ئەم پەیامە زیاتر باری تەبلیغاتی هەیە تائەوەی ڕۆڵێک لەو هاوکێشە سیاسیانەدا بگێڕی کە بەڕادەیەک خۆی داسەپاندووە. بە تایبەتیش بۆ خاوکردنەوەی ئەو فەزایەیە کە بەدوای بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریادا لە زمانی ترەمپەوە ڕاگەیەندراوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە هاوشێوەی ئەم جۆرە پەیامە، پێشتر لە سەرکەوتن بەسەر داعشدا، لە جەنگی موسڵدا دراوە بەگوێی دونیادا، بەبێ ئەوەی بتوانێت کۆمەک بە هەستانەوەی باری لاری ئەمریکا بەرامبەر بە بلۆکە حەریفەکانی بکا و ڕێگایەک بەڕووی چونە پێشەوەی نەخشە و سیاسەتەکانی بکاتەوە.

لەواقعدا تەواجودی سەربازی ڕوسیا و ئێران، ئەمریکای ناچارکردوە بەوەی کە سوریا بۆ رووسیا و ئەسەد و ئێران و تورکیا چۆڵ بکات. ڕوخانی خەلافەتی داعش نەک هیچ پێشرەویەکی تازە بە وجودی ئەمریکا لە سوریا و ناوچەکە بەرامبەر بە نەیارانی نابەخشێ، بگرە ئەو توانایەشی پێنادات کە بتوانێ بەبێ دانی ئیمتیاز جڵەوی دەوڵەتی تورکیا بگرێ ولانی کەم وەک سەردەمانی پێشوو لەژێر سیبەری سیاسەتەکانی خۆیدا کۆنترۆڵی بکا.

هاوکات وە لەنێو ئەو ئاڵگۆڕ و قوناغە نوێەدا مەسەلە و گرفتی تازەتر دێنە ئاراوە بەشێک لەو هێزانەی لەسەر شانۆی سیاسی سوریا بوون حەلیفی تورکیا و ئەمریکا و بەشێکی تری لە بەرەی روسیا و ئەسەد و ئێراندا راوەستاون و لەسەر پەتی شەڕ و کیشمەکێشی هیزە ئیمریالیستیەکان یاری دەکەن کە ئەمەش کۆتاییەکەی نادیارە و ئاسۆی سیاسی ناوچەکە ناڕۆشن و مەترسیدارتر دەهێڵێتەوە.

**دیدگای سۆشیالیستی: بە دیوێکی تردا، ئایا ئەم شکستەی داعش و نەمانی خەلافەتەکەی، ئاڵوگۆڕ لە دۆخی ناوچەکە بە گشتی و جەنگ لە سوریادا بەتایبەتی پێکدێنێ؟**

**دەشتی جەمال:**

## گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال

بەدڵنیاییەوە نەمانی خەلافەتی داعش، دۆخی سوریا و ناوچەکە ڕووبەڕوی گۆرانکاریەکی تازە دەکاتەوە، بەتایبەتی کە وجودی داعش و خەلافەتەکەی بەربەستێک بووە لەسەر ڕێگای سازادانەوەی دەوڵەت لە سوریا و ڕێکەوتنی هێزە ناوچەیی و جیهانیەکان لەسەر ئەم بابەتە. بەواتایەکی تر بە نەمانی خەلافەتی داعش مەسەلەی سەرلەنوێ سازدانەوەی دەوڵەت لە سوریا و دووبارەگێرانەوەی نەزم و نیزام بۆ ناوچەکە دەبێتە مەسەلەیەکی سەرەکی. بەڵام ئەوەی کە ئەم مەسەلەکە چۆن دەبێ و چن دەچێتەپێشەوە پەیوەستە بە هێزهاوسەنگی نێوان ئەو دەوڵەتانەی قاچیان لە ناوچەکەدایە. کۆمەڵگای سوریا کە لە چەند ساڵی رابردوودا ناوەندێک بووە بۆ بەرکەوتن و یەکانگیربوونی چەندین هێزی جیهانی و ناوچەی و تێیدا کۆمەڵێک دەستەوتاقمی چەکداری ئینسانکوژی قەومی و ئیسلامی وبەم هۆیەشەوە شەرێکی ماڵوێرانکەر ڕووبەڕوی خەلکەکی کرایەوە و هەموو سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگای تیادا خاپور کرا و نزیکەی زۆربەی دانیشتوانەکەی ڕووبەڕویی ئاوارەیی و دەربەدەری کرایەوە.. بە نەمانی خەلافەت، مەسەلەکانی وەک داهاتوی دەوڵەت لە سوریا، گێڕانەوەی ئاوارەکان و مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەی شارەکان، هێزی سەربازی دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان، گێرانەوەی دەوڵەتی سوریا بۆ نێو ناوەندی نێودەوڵەتی و پەیوەندیە ئابوری و بازرگانی و دیبلۆماسیەکانی ئەم دەوڵەتە، دەستور و یەکپارچەیی خاکی سوریا، کێشەی مانەوەی هیزە میلیشیایەکان و گروپە توند ڕەوەکان، چارەنوسی ژنان ومنالانی داعش، چارەنوسی کوردستانی سوریا .. هەموو ئەمانە بەجدیەوە دێنەوە سەر مێزی گفتوگۆی لایەنە دەخیلەکان لە دۆخی ئێستای سوریادا. لێرەشەوە ناکۆکی نێوان ئەم هێزانە لەسەر دانە بە دانەی ئەم مەسەلانە پێ دەنێتە قوناغێکی نوێوە. لەهەر حاڵدا نەمانی خەلافەتی داعش، گرێیەکی کۆمەڵگای سوریا دەکاتەوە و لانی کەم بەهانەیەک نامێنی بۆ درێژەدان بە جەنگ و مانەوەی حکومەتی ئەسەد بەو جۆرەی کە تا ئێستا هەیە، هەرچەندە هێزە جیهانی و ناوچەییەکان هێشتا بۆ یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندیەکانیان پێویستیان بە درێژەدان بە جەنگ و مانەوەی هیزە سەربازیەکانیان هەبێ.

جەنگێک کە ماوەی چەند ساڵێکە لە سوریا ناوچەکە هەڵگیرساوە کاولکاری پاشەوپاش کۆمەڵگای بردۆتە دواوە لاشەی هەزاران لە ئینسانی ژن و منال پیرو پەکەوتەی هاڕیوە، بەهۆی پێکداکێشانی ئەو هێزە جۆراوجۆر و دەوڵەتانەوە بووە. کۆمەڵگای سوریا ئەگەر دەستی ئەم هیزە ئیمریالیستیە جیهانیانە و ئەحزابە کۆنەپەرستە دینی و قەومیانە لەسەریان لابچێت خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە هیج کیشەیەکیان لەگەڵ یەک نییە.

ئەم رۆژانە هاوپشتی وهاوچارەنوسی لەهەموو کات زیاتر پێویستە بۆ خەڵکی سوریا کە

## داڕمانی خەلافەتی ئیسلامی داعش لەسوریا و پێشهاتەکانی

ئاینده و چارەنوسی خەڵکی سوریا لەم بارودۆخە نالەبارو گێژاوە سیاسی و لە جەنگ دەرکێشێت.. پێویستە ناوەندە جیهانیەکان و هێزە ئیمریالیستیەکان ناچار بکرێن دەست لە دەخالەتی سەربازی و هاوکاری ئەو هێز و لایەنانە هەڵبگرن کە کۆمەڵگای سوریان نقومی خوێن و تاوانی بێوێنەکردووە.. شوناسی ئینسانی و فەرهەنگی ئینسانی بکرێتە بنەمای پێکەوە ژیان و دامەزراندنی دەسەڵاتێک کە مافی هاوڵاتی یەکسان بۆ کۆمەڵگای سوریا تیا بەدی بێنێت.

**دیدگای سۆشیالیستی: هەروەک پێشوتر ئاماژەمان بۆ کرد کە هەسەدە ئەم شکستەی داعش بە سەرکەوتیک بۆ خۆی راگەیاند، مانای واقعی ئەم سەرکەوتنە بۆ هەسەدە و پەیەدە چییە و چارەنوسی کوردستانی سوریا و ئەو ناوچانەی بەدەست ئەم هێزانەوەیە بەرەوکوێ دەڕوات؟**

**دەشتی جەمال:**

مانای ئەم سەرکەوتنە بۆ هەسەدە و پەیەدە، نیشاندانی نمونەیەک لە ڕاوەستاوی و بەرەنگاریە لەبەرامبەر هێزێکی دڕندە و ئینسانکوژیدا، کە وەک خۆیان ئاماژەیان پێداوە بەرهەمی قوربانیدان و گیان فیداییە، لەگەڵ هەرجیاوازیەکی سیاسی وئایدولۆژیم لەگەڵ هەردوو پەیەدە و هێزەکانی هەسەدە ئەوان دەورێکی بەرچاویان گێڕا لە بەرەنگاری جەماوەری ژنان و پیاوان بۆ لوتشکاندنی ڕەوتی کۆنەپەرستی داعش و بەربەریەت و ئینسانکوژی و تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی و نمونەیەک لە راوەستاوی و شەڕی شێلگیرانە بەرامبەر بە داعش و پاراستنی دەیان لە ژنان و منالان و پیر و پەککەوتە لە دەستدرێژی و جینوسایدی دەسەڵاتی ڕەشی داعش نیشان دا. بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت ئەم سەرکەوتنە لە چوارچێوەی نەخشە و سیاسەتەکانی ئەمریکا و غەربدا هاتۆتەکایەوە. ئەم هێزانە کە سیاسەتی خۆیان لەگەڵ ئەمریکادا جووتکردوە و چاویان بڕیوەتە درز و کەلێنە سیاسیەکانی نێوان هێزە جیهانی و ناوچەییەکان و لەم چوارچێوەیەدا هەڵسوکەت دەکەن، ڕێگایەکی جیاوازیان نیشان نەداوە لەوەی کە تائێستا هێزە ناسیونالستیەکانی کورد لەناوچەکە پەیڕەویان لێکردوە. هەربۆیە بە نەمانی خەلافەتی داعش سەرەتای بەلاداکەوتنی ئەوتەجروبەیەش دەست پێدەکات کە لە کوردستانی سوریادا لە فەزای جەنگ و شەڕی داعشدا سەریهەڵدا. تەجروبەیەک کە لە سەرەتاوە بەڕێکەوتنی نێوان پەکەکە و ڕژێمی ئەسەد وە بە چاودێری ئێران، ناوچە کوردنشینەکان تەسلیم بە پەیەدە کرا و دواتریش لە ڕەوتی ڕوداوەکاندا بە ئێستا گەیشتووە. بەواتایەکی تر بە نەمانی خەلافەتی داعش ئاینده و چارەنوسی کوردستانی سوریا و ئەو ناوچانەی کە بە دەست

## گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال

هێزەکانی پەیەدەوهیە دەبێ بەشێویەک لەشێوەکان بەلایەکدا بکەوێت، بەتایبەتی کە هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر ئەو ناوچانەی لەژێر سایەی ئەو هێزە کوردیانەدایە لەلایەک و هەڕەشەی ڕژێمی ئەسەد بۆ تەسلیمکردنەوەی ناوچەکانی ژێردەستی پەیەدە لەلایەکی ترەوە، چارەنوسی کوردستانی سوریا لە دووڕیانی شەڕی بەرگری و دەستبردن بۆ دانوسان لەگەڵ ڕژێمی سوریادا کردۆتە دوو ئەگەری نزیک. بە بڕوای من سیاسەت و ستراتیژێک کە پەیەدە لەسەری ڕاوەستاوە، وەک هەر هێزیکی ناسیونالیستی لە کەشوهەوای ئێستای سوریا و دەخاڵەتی هێزە ناوچەییەکاندا، توانای شەڕێکی بەرگریکاری نییە و ناچارە بەوەی بکەوێتە دانوسان و ڕێککەتنەوە لەگەڵ ڕژێمی ئەسەددا، کە دیارە لەمەشدا ئایندە و چارەنوسی کوردستانی سوریا لە دۆخێکی ناجێگیر و نادیاردا ڕادەگرێ.

**دیدگای سۆشیالیستی: لە کۆتاییدا ئایا دەکرێ ئەم شکستەی خەلافەتی ئیسلامی بە کۆتایی داعش ناوبەرین؟ بەواتایەکی تر ئایا دەکرێ بڵێین سەرەڕای ئەم شکستە بەڵام هێشتا داعش وەک ڕەوتێکی تیرۆریست و ئینسانکوژ خەتەرێکە بەسەر کۆمەڵگای بەشەریەوە و بەم مانایەش ئەگەری سەرهەڵدانەوەی لەئارادایە؟**

**دەشتی جەمال:**

دیمەنی مەسەلەکە بەم شێوەیەیە: بە گرتنەوەی باغۆز دەوڵەتی خەلافەتی داعش رووخا و ئاڵاکەی هێنرایە خوارەوە، ئەمەش نە بە مانای کۆتایی داعش دێ و نە کۆتایی هەڕەشەیەکە کە بەسەر کۆمەڵگای جیهانیەوە بووە، تەنانەت بە مانای کۆتایی یەکجاری چالاکیە سەربازیەکانی داعش نییە، بەتایبەتی کە هەر ئێستا داعش لە ئەفغانستان و لیبیا و سەحرای سینا و فلیپین ... هێزە و بەتەواوی توانای خۆیەوە لەچالاکیدایە و بگرە ناوچەشیان بەدەستەوەیە. لە عێراقیش هێشتا پەلامارە سەربازیەکانی، دەبێتە هەواڵی میدیاکان. هەربۆیە هەڵەیە کۆتایی خەلافەت بە کۆتایی سیاسی و سەربازی داعش دابنرێت، هەربۆیەش داعش وەک خەتەریک نەک لەناونەچووە بەڵکو مەترسیەکانی بۆسەر ناوچەکە و دنیا ماوە. هێشتا تاوانی تیرۆریستی و ئینسانکوژی لە عێراق و سوریا و وڵاتانی ناوچەکە و تەنانەت لە ئاست وڵاتانی ئەورویاش وەک خۆی ماوە و هێشتا هەڕەشەیەکە بۆ سەر ژیان و ئەمنیەت و ئارامی خەڵکی مەدەنی.

لەلایەکی ترەوە ئەوە ڕاستە کە یەکلابوونەوەی شەڕ لە باغۆز گورزێکی کاریگەری لە داعش وەشاندووە، بەڵام بەوهۆیەوە کە هەموو ئەو زەمینانە ماون کە داعشیان لەباوەش گرت، بە ئەگەری زۆر هەستانەوە و درێژبوونەوەی دەستی تاوانکاری ئەم ڕەوتە لەئارادایە ونابێ کۆمەڵگای بەشەری لەبەرامبەریدا هیچ جۆرە بێموبالاتیەک بنوێنێ و خافڵگیر بێت.

## داڕمانی خەلافەتی ئیسلامی داعش لەسوریا و  پێشهاتەکانی

داعش خۆی لە هەناوی ئەو کێشمەکێشە و ناکۆکیە جیهانیەی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەرهەم هاتووە، کە فاشیزمی ئیسلامی لە تەنیشت ترامپیزم و ڕاسترەوی بۆرژوازیدا لەسەر سەری دیموکراسیدا ڕاگرتوە. ئەمەش لە هەلومەرجێکدایە کە شەڕی قازانج و پەرژەوەندیەکانی هێزە ئیمریالیستیەکان لەسەر دابەشکردنەوەی دونیا و بازاڕی کار و سەرمایە درێژەی هەیە و ژیانەوە و دروستکردنی ڕەوت و دەستەوتاقمی قەومی و ئیسلامی بۆتە یەکێک لە ئامرازەکانی ئەم کێشمەکێش و جەنگەی نێوان ئەم هێزانە و دەوڵەتەکانیان. بێ وەڵامی بە قەیرانە ئابوری و سیاسیەکانی دونیای ئەمڕۆ و نەبونی ئاڵتەرناتیڤ و ئایندەیەکی ڕۆشن لە جێخستنەوەی سیستەمە ئەمنی و ئابوری و سیاسیەکان، لەیەک وتەدا، نارۆشنی چینی بۆرژوازی لە سازدانەوەی دونیای کاپیتالستیدا، بەپێویست دەرفەتی زۆر ئامادەیە بۆ مانەوە و هەستانەوەی ڕەوتگەلێکی وەک داعش.

# بەڵگەنامەکان

# ئارامی و ئاسایشی شاری کەرکوک بە خەباتی یەکگرتوانە زامن دەکرێ!

بەدوای ڕوداوەکانی ١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و لەشکرکێشی سوپا و هێزە میلیشیا جۆربەجۆرەکانی شیعە و حەشدی شەعبی و فیرقەی ئاڵتونی بۆ سەر شاری کەرکوک و داسەپاندنی دەسەڵاتی سەربازی و میلیشیایی بەسەر شارەکەدا، بارودۆخی سیاسی و ئەمنی لەم شارەدا چوەتە قۆناغێکی ترسناک لە کێشمەکێشێکی دیکە لەنێوان حکومەتی عێراق و ئەحزابی ئیسلامی سیاسی شیعە و ئەحزابی ناسیونالیستی کورد. لەلایەک پارێزگاری سەپێنراو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەدەرکردنی چەند بریارێکی کۆنەپەرستانە و دەستبردن بۆ ڕووخاندنی ماڵان لەو گەڕەکانەی زۆربەی دانیشتوانی کوردزمانن و داگیرکردنی زەوی وزاری جوتیارانی چەند گوندێک و لابردنی چەندین بەڕێوەبەر و کارمەندی کوردزمان، نەک هەر بە شێوازێکی تر سیاسەتی تەعریب و تەرحیلی ڕژێمی بەعسی فاشیستی زیندوکردۆتەوە، بگرە هەڵاواردن و دنەدانی نەتەوەپەرستی و شۆڤێنیستانەی پەرەپێداوە. لەلایەکی دیکەوە ئەحزابی ناسیونایستی کورد، بەتایبەت یەکێتی و پارتی بەشێک لە ململانێکەی خۆیان لەسەر پۆست و پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێم هێناوەتە نێو ئەم شارەوە و دەیانەوێت بە دانانی پارێزگارێکی کوردزمانی سەر بە حزبەکانیان و گێرانەوەی بارودۆخەکە بۆ پێش ١٦ ی ئۆکتۆبەر و ڕاکێشانەوەی جارێکی تری هێزی چەکدار و ئاسایشیان بۆ شارەکە، نابەرپرسیارانە درێژە بە ململانێ و ڕقەبەری قەومی لە کەرکوکدا بدەن. شەڕی بەرزکردنەوەی ئاڵا لەلایەن ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردیەوە و قەدەغەکردنی لەلایەن دەسەڵاتدارانی پارێزگاکەوە، نمونەیەکە لە سیاسەتی توندکردنەوەی ڕق و کینەی نەتەوەیی لەم شارەدا. بێگومان هەموو ئەم ڕاستیانەش شاهیدی ئەوە دەدەن کە ژیان و گوزەران و سەلامەتی و ئاسایشی دانیشتوانی ئەم شارە، کەوتۆتە بەردەم مەترسی و کارەساتێکی دڵتەزێنەوە. کارەساتێک کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی

## بەڵگەنامەکان

جیاوازیی زمان و ئاین، هەموو خەڵکی شارەکەی کردۆتە نیشانە.
خەڵکی شاری کەرکوک بەردەوام قوربانی کارنامەی سەرکوت و لەشکرکێشی حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق و سیاسەتی نابەرپرسانە و یاریکردنی حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کوردە بە چارەنوسی خەڵکی ئەم شارەوە، تا لەرێگەیەوە بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان بگەن و دەست بەسەر دەسەلات و داهات و سامانی ئەم شارەدا بگرن. هەربۆیە نابێ فریوی ئەو بەڵێنە درۆیینە بخۆن کە لەژێر ناوی "ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوک"دا بە خەڵکی دەیدەن، چونکە خودی ئەم لایەنانە بە تەجروبە نیشانیانداوە کە هەر خۆیان و هێزە میلیشیاکەیان سەرچاوە و هۆکاری نائارامی و شەڕی نەتەوەیی و سەرکوت و دەستدرێژیکردنە سەر موڵک و ماڵ و ژیانی رۆژانەی خەڵکن و نایانەوێ و ناتوانن دانیشتوانی ئەم شارە لە دۆخێکی ئارام و پێکەوەژیاندا ڕابگرن. بەپێچەوانەوە گێرانەوەی دۆخی ئاسایی و مەدەنی بۆ ئەم شارە لەهەنگاوی یەکەمدا بەندە بە وەدەرنان و دەستکۆتاکردنی هێزە سەرکوتگەرەکانی حکومەتی عێراق و هێزی میلیشیای هەر حزبێکی ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەوە.
خەڵکی شاری کەرکوک دەبێ بەرامبەر بەم دۆخە مەترسیدارە و هەر ئەگەرێکی نەخوازراو، بە هوشیاریەوە لە ژیانی خۆیان و کارنامەی هێز و لایەنەکان بڕوانن و لەم ئاراستەیەشدا بەتەواوی تواناوە لەبەرامبەر مامەڵەی حکومەتی عیراق و سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ئەحزابی ئیسلامی سیاسی شیعە و سیاسەتی نەتەوەپەرستی یەکێتی و پارتیدا بوەستنەوە و ڕێگانەدەن بەڵا و تراژیدیایەکی تر بەسەر ژیانیاندا بسەپێننەوە.
هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وعێراق ڕادەگەیەنن کە دوورخستنەوەی هەر جۆرە مەترسیەک لەسەر ئەم شارە و ئاساییکردنەوەی ژیانی دانیشتوانەکەی، بە یەکیەتی و بە هاتنەمەیدانی خەباتی یەکگرتوانەی جەماوەری شاری کەرکوک و دوورکەوتنەوە لە گیانی نەتەوەپەرستی و دەمارگیری ئاینی مەیسەر دەبێ، بەوە دەبێ کە خەڵکی ئەم شارە ڕیزی خۆیان و بەرژەوەندیەکانیان لەڕیزی ئەحزابی ناسیۆنالیست و تایفی و بەژەوەندیەکانیان جیابکەنەوە و یەکدەستانە لە دەوری ئەم خاڵانە بێنە مەیدانەوە و چارەنوسی خۆیان و شارەکەیان هەنگاو بەهەنگاو بەدەستەوەبگرن:
١/ چوونەدەرەوەی دەستبەجێی هێزە سەربازیەکانی حکومەتی عێراق و هێزە میلیشیاکان لە شارەکەدا.
٢/ پارێزگاری بەوەکالەت (راکان جبوری) پارێزگارێکی داسەپاوە و هیچ شەرعیەتیکی نییە، بۆیە دەبێ لەسەر کار لابچێت.
٣/ راگرتن و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بریارانەی کە لەلایەن پارێزگاری داسەپێنراوەوە،

## بەیاننامەی هاوبەشی هەردوو حزب سەبارەت بەکەرکوک ..

بەدژی ئازادی و گوزەرانی خەڵکی ئەم شارە دراوە و بۆتە مایەی جیاکاری و ڕقەبەری نەتەوەیی.
٤/ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی شارەکە و خزمەتگوزاریەکان لە ڕێگای خەرجکردنی بەشێک لە داهاتی نەوتی شارەکەوە.
٥/ زامنکردنی ئازادیی هەڵسوڕانی سیاسی بۆ هەموو لایەنەکان و دەستەبەرکردنی ئازادیی نیشتەجێبوون و مامەڵەکردن بە موڵک و ماڵەوە، بۆ هەموو دانیشتوانی شار بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی.
٦/ هەرجۆرە رەفتار و گوفتارێک کە هانی رقەبەری نەتەوەیی و ئاینی و تیرەگەری دەدا و پێچەوانەیە لەگەڵ ژیانی پێکەوەیی و هاوڵاتی چونیەکی دانیشتوانی ئەم شارە، قەدەغە و وەک تاوان بناسرێ و ئەنجامدەرانی هەرکەس و لایەنێک بن دەبێ ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان بانگەوازی سەرجەم خەڵکی شاری کەرکوک دەکەن کە لەپێناو هەڵگرتنی فەزای سەربازی و سەرکوت و بۆ دوورخستنەوەی هەر مەترسیەک کە لە ئێستادا هەڕەشەیە بۆ سەر ژیان و گوزەرانیان، لەدەوری ئەو خواستانەی سەرەوە خەباتی خۆیان یەکخەن و ریزی یەکگرتوویان بهێننە مەیدانەوە. هەردوو حزب سپاردنی بەڕێوەبردنی ئەم شارە بە ئیدارەیەکی کاتی کە ڕاستەوخۆ لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک خۆیانەوە بەڕیوەببرێ و بەرپرسیاریەتی پاراستنی ئەمنیەت و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان لەئەستۆ بگرێ، بە ڕیگاچارەیەکی گونجاو دەزانن تا ئەو کاتەی کێشەی ئەم شارە لە چوارچێوەی چارەسەری کێشەی کورد لە ئاست عێراقدا یەکلادەکرێتەوە.. بێگومان هاودڵی و هاوخەباتی دانیشتوانی ئەم شارە و یەکگرتوویی تێکۆشانی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دورکەتنەوە لە دەمارگیری و رق و کینەی نەتەوەیی و تایەفی، بە پێناسەی ئینساندۆستیەوە دەتوانێ ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی مەدەنیەت بپارێزێ و فەراهەمی بکات. هەر ئەمەش ئەبێتە مایەی ڕاکێشانی هاوپشتی و پاڵپشتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی سەراسەری عێراق بۆ دانیشتوانی ئەم شارە.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**١٨/١/٢٠١٩**

## بڕیارنامەی مەکتەبی سیاسی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە:

# ڕێگاچارەی کێشەی کەرکوک

- چارەسەری یەکجاری کێشەی کەرکوک بە چارەسەری یەکجاری کێشەی کوردەوە گرێیخواردوە. بەهەمان شێوەی مەسەلەی کورد، بڕیاردان لەسەر ڕێگاچارەی ئەم پارێزگایەش دەبێ لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ ڕای دانیشتووانەکەی بێت.
- هەنگاوی دواتر لە پرۆسەی چارەسەری کێشە کورد لە عێراق، بەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی ۲۰۱٦و دەنگدانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە جیابونەوە، بریتیە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.
- پێویستە بەدوای پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ڕیفراندۆمێکی تایبەت بۆ ڕاپرسی بە هەموو دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک بکرێت، سەبارەت بەوەی کە دەیانەوێ لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بمێننەوە یان لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. ئەنجامی دەنگدانی خەڵک هەرچیەک بێت دەبێ بەڕەسمی بناسرێت و پیادەبکرێت.
- لەحاڵەتی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و دەنگدانی دانیشتوانی کەرکوک بە قازانجی پەیوەستبوون بەو دەوڵەتەوە، پێویستە چارەسەری کێشەی داهاتی نەوت بەشێوەیەکی سیاسی و لەرێگای دابەشکردنی بەروبوومی نەوت لەنێوان دەوڵەتی ناوەندی و دەوڵەتی کوردستاندا ئەنجام بدرێت و بەشێکیشی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوانی پارێزگاکە تەرخان بکرێ. بۆ بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی ئەم داهاتانە، پێویستە ڕێکەوتنێکی چوارقۆڵی لەنێوان نوێنەرانی حکومەتی ناوەندی، نوێنەری دەوڵەتی کوردستان، نوێنەری پارێزگای کەرکوک و

## بڕیار نامەی هاوبەشی هەردوو حزب: ڕێگە چارەی کێشەی کەرکوک

نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکاندا مۆربکرێ. هەر بڕیارێک کە سێ لایەن لە چوار لایەنەکە لەسەری ڕێکەوتن، دەبێ وەکو بڕیارێکی شەرعی چاوی لێبکرێ و جێبەجێ بکرێ.

بەڵام هەروەکو چۆن ئەو ئاڵۆزیەی باردودۆخی سیاسی و یاسایی کەرکوک، دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی لەبەردەم بێمافیەکی سەرباردا راگرتوە کە نە دەوڵەتی ناوەندی و نە حکومەتی هەرێم هیچیان بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئەمنیەت و خزمەتگوزاریەکانی خەڵک نین، کە ئەمەش بارودۆخێکی نەخوازراوی لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراق و کوردستان بۆ پێکهێناون، بەهەمانشێوە سیاسەت و ڕۆڵ و هەڵسوکەوتی هێزە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکان و دەسەڵاتی داسەپاویان بەسەر خەڵکی ئەو پارێزگایە و ناوچەکەدا، بەتایبەتی بەدوای ١٦ ئۆکتۆبەر وکۆنترۆڵکردنی ئەو پارێزگایە لە لایەن حەشدی شەعبی و بارگرژی بەردەوامی نێوان یەکێتی و پارتی لەنێوان خۆیان و لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندیدا، سێبەری شەرێکی مەترسیداری نەتەوەیی خوێناوی بەسەر سەری پارێزگای کەرکوکەوە ڕاگرتوە. بۆیە جگە لەو ڕێگاچارەیەی لەسەرەوە باسکرا، پێویست دەکات کە تەرحێکی تایبەتی بۆ دابینکردنی ئاسایش و خزمەتگوزاریەکان و دوورخستنەوەی دانیشتوانی کەرکوک لە شەڕ و کێشەی قەومی و بەڕێوەبردنی بەشێوەی کاتی تا کاتی بەرپاکردنی ڕیفراندۆم، بخرێتە ڕوو. ئەمەش لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبن:

## شێوازی بەڕێوەبردنی کاتیی پارێزگای کەرکوک:

١/ پارێزگای کەرکوک دەبی لەلایەن نوینەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی لە گەڕەکان و ناوەندەکانی کار و خزمەتگوزاریدا بەڕێوەببرێت. هەر گەڕەک و ناوەندێک هەیئەتێکی نوێنەرایەتی بۆخۆی هەڵدەبژێرێت. هەیئەتی بەڕێوەبردنی پارێزگا (شورای پارێزگا) لە نوێنەری گەڕەک و ناوەندەکان پێکدێت.

٢/ هەیئەتی نوێنەرانی هەر گەڕەکێک کاری بەڕێوەبردنی هەمەلایەنەی گەڕەک و دابینکردنی ئەمنیەتی گەڕەکیان دەکەوێتە ئەستۆ. ئەم ئەرکە لە ڕێگای بنکە یان بارەگای بەڕێوەبردنی گەڕەک و دامەزراندنی دەستە چەکدارەکانی ئەمنیەتپارێزی گەڕەک لە خەڵکی گەڕەک، دەبرێتە پێشەوە. خەڵکی هەر گەڕەکێک هەرکات بیانەوی دەتوانن هەیئەتی نوێنەرانی گەڕەک یان نوێنەرانی گەڕەک لە شواری پارێزگادا بگۆڕن.

٣/پارێزگای کەرکوک پارێزگای هەموو دانیشتوانەکەیەتی. هەرکەسێک کە پێشتر لەم پارێزگایە دانیشتبێت یان تازە بیەوێ ببێتە دانیشتوی ئەم پارێزگایە، بەدەر لە ناسنامەی

قەومی و دینی و تائیفی، ئازادە و بە هیچ هۆ و بەهانەیەکەوە نابێ ڕێگای لێبگیرێت یان کێشەی بۆ سازبکرێت.
٤/ دەرکردنی خەڵک لەم پارێزگایە بە هەر بیانویەکەوە بێت قەدەغەیە.
٥/دەبێ بەشێک لەداهاتی نەوتی کەرکوک بدرێتە دەستی شورای پارێزگا وەکو بودجەی گەشەپێدانی پارێزگا و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوانەکەی.
٦/هەموو دانیشتوان مافی خۆیانە بە زمانی دایکی خۆیان قسە بکەن و دەرس بخوێنن و کەڵک لە میدیا وەرگرن.
٧/ هەموو میلیشیا و هێزێکی چەکداری حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم لە پارێزگا بڕۆنە دەرەوە. هەموو حزبێکی سیاسی ئازادە لە پارێزگای کەرکوک هەڵسوڕانی سیاسی بکات. حیزبە سیاسیەکان نابێ لە هیچ کێشەیەکدا پەنا بۆ چەک بەرن. پەنابردنی ئەحزاب بۆ چەک و هەروەها هاندانی ڕق و کینە و دووبەرەکی نەتەوەیی قەدەغەیە. هەر حیزبێک بەم کارانە هەڵسێت ڕووبەڕووی لێپرسینەوە ی یاسایی دەبێتەوە.
٨/دەخاڵەتی وولاتانی ناوچەکە، بە تایبەتی ئێران، تورکیا و وولاتانی عەرەبی دراوسێ بەهەرشێوەیەک و لەژێر هەر ناو و بیانوویەکدا بێ، قەدەغەیە.

## ئەرکەکانی شورای پارێزگا:

١/ دیاریکردنی سیستەمێکی پشتبەستوو بە ئیرادەی خەڵک بۆ هەڵبژاردنی سەرجەم پۆستە سیاسی و ئیداریەکانی پارێزگا.
٢/ بیناکردنەوەی پارێزگا و دەرهێنانی لەم وێرانەیەی ئێستا. دروستکردنی خانوبەرە و ئاپارتمانی مودێرن بۆ ئەو دانیشتوانەی خانویان نییە. داڕشتنی سیستەمێکی مودێرن بۆ دروستکردنی خانوبەرە و بەرگرتن لە بێسەرەوبەرەیی لەم بوارەدا.
٣/ دابینکردنی هەموو جۆرە خزمەتگوزاریەکی مودێرن بۆ پارێزگا وەکو ئاو و کارەبا و قیرتاوکردنی ڕێگاوبانەکان و دروستکردنی تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆ... و دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە و پاکوخاوێنی پارێزگا بە یەک ستاندارد لە ئاستی هەموو پارێزگا و گەڕەکەکانیدا.
٤/هێزێکی پاسەوانی ئەمنیەتی گشتی پارێزگا بەسەرپەرشتی شورای پارێزگا پێکدێت، بۆ پاراستنی شوێنە گشتیەکان و ڕێگاوبانەکان و دامەزراوەکان و.........هەموو جێگایەکی پارێزگا جگە لە گەڕەکەکان.
٥/هاوکاریکردن و دابینکردنی هەموو پێداویستیەکان بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان و کۆتاییهینان بە دیاردەی ئاوارەیی لە پارێزگادا.

## بڕیار نامەی هاوبەشی هەردوو حزب: ڕێگە چارەی کێشەی کەرکوک

٦/ قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو هاوڵاتیانەی کە بەهۆی سیاسەتی ڕژێمی پێشوو وە لەماوەی ساڵانی رابردوودا بە روداوەکانی دوای ١٦ ی ئۆکتۆبەریشەوە...زیانیان لێکەوتووە و تا ئێستا قەرەبوو نەکراونەتەوە.

٧/دانانی دادگایەکی تایبەتی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ئەم پارێزگایە، بەتایبەتی یەکلاکردنەوەی شکاتی ئەوانەی موڵک و ماڵیان داگیرکراوە.

**مارسی ٢٠١٩**

## لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی

---

# پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا





**نوسینی: خەسرەو سایە**

**چاپی یەکەم**

**ساڵی 2018**

بۆ بەدەستهێنانی کۆپیەک لەم
کتێبە بەفۆرماتی پیدیئێف
سەردانی سایتی حزبی
کۆمۆنیستی کرێکاری
کوردستان بکەن:
www.hkkurdistan.org

بۆ بەدەستهێنانی ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی، دەتوانن لەگەڵمان پەیوەندی بگرن:

0047 47276028

didgaisocialisti@gmail.com

**دیدگای سۆشیالیستی، بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# Socialist Outlook

A POLITICAL INTELLECTUAL QUARTERLY ISSUED BY
WORKER - COMMUNIST PARTY OF KURDISTAN

TWELFTH ISSUE, END OF MARCH 2019